دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤١٧
٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٤
٢٢ی ژوئیەی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پەیامی هاوخەمیی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ڕێزدار تۆنی بلێر بەبۆنەی تەقینەوە دڵتەزێنەکانی لەندەنەوە

سەرەك وەزیری بەڕێز تۆنی بلێر!

بەداخێکی گرانەوە! هەواڵی دڵتەزێنی تەقینەوەکانی ڕۆژی حەوتی ژۆلای لەندەنم بیست کە لەودا ژمارەیەك لە ژنانو پیاوانی سڤیل کوژرانو بریندار کران. پێم خۆشە ئاگادارتان بکەمەوە کە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی ئەم کردەوە دزێوە تیرۆریستییە مەحکووم دەکات. ئێمە لەم پێوەندیەدا ئەوپەڕی هاودەردیو کەسەری خۆمان ئاراستەی خێزانی قوربانیانو هەموو خەڵکی لەندەن دەکەین. ئێمە خۆمان بە هاوخەمی ئێوە دەزانینو هیوادارین کە حکوومەتەکەتان، بەرپرسانی ئەم ڕووداوە پەلکێشی دادگا بکات. ئێمە لەو خەمەدا خۆمان بە بەشدار دەزانینو دەستی دۆستایەتیتان بۆ درێژ دەکەینو پشتیوانتانین لە خەبات دژی فەندەمێنتالیزمو تیرۆریزمی نێونەتەوەییدا.

**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٩ی ژولای ٢٠٠٥)**

# یادی دوکتور قاسملووی نەمر، هاندەری لاوانی کوردە بۆ خەبات دژی دەسەڵاتدارانی تیرۆریست

قسەکانی هاوڕێی بەڕێز حەسەن شەرەفی لە ڕێوڕەسمی ١٦ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا ٢
کارو چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ٤
هەڤپەیڤینی بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئاکی"ی ئیتالیا ٥
لە یادی ١٦ ساڵەی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوودا ٨
هەواڵەکانی کوردستان ٩
کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو ١٠
چالاکیو تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات ١١



## خۆپیێشاندانی بەرینو قارەمانانەی خەڵکی مەهاباد لە ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوودا



ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤، خەڵکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕی مەهاباد بە بۆنەی شەهیدکرانی شوانە سەیدقادریو ١٦هەمین ساڵڕۆژی تیرۆری نامرۆڤانەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەسەر مێزی بەناووتووێژ لە لایەن دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامییەوە، سەرەڕای داخستنی سەرجەم دووکانو بازاڕەکان، کاتژمێر ١١ی بەیانی لە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو سیاسییانەدا ڕژانە سەر شەقامەکان کە بوو بە هۆی تێکهەڵچوونی نێوان لاوانو گاردی دژی شۆڕشو ئەم هێزانە لە ژێر پەلاماری داروبەردی لاوان دا ناچار بە پاشەکشێ بوون.

هەر لەم ڕۆژەدا کاتژمێر ٧ی ئێوارە، زیاتر لە ٥هەزار کەس لە ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو دووبارە ڕژانە سەر شەقامەکانی "ئیستقلال"و "باغی شایەگان"و "پشت تەپ"ی مەهابادو بەتێکڕا بە گوتنەوەی دروشمەکانی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرتبێ بستێنین تۆڵە"، "مانگی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆری ڕێبەر"، "مانگی پووشپەڕ هۆی مەشخەڵی نەجاتە، ڕێبەری میللەتی کورد هەر حیزبی دێموکراتە"، "نەمان بۆ جاش"، "بژی هێزی پێشمەرگە، دوژمن نەسیبت مەرگە"و "دێموکراتمان سەروەرە، قاسملوومان ڕێبەرە"، کۆشکی دەسەڵاتی ڕێژیمی دژیگەلیو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییان هێنایە لەرزە.

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کاردانەوەی خۆیان لە بەرامبەر خۆپیشاندانی بەشکۆی خەڵکدا بە تەقاندنی گوللەو بڵاوکردنەوەی گازی فرمێسکڕێژ نیشان دا، بەڵام لاوانی چاونەترسو خەباتگێڕی مەهاباد هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیمو ماشینێکی پەیکانو ماتۆڕێکی ئیتلاعاتیەکانیان ئاگر تێبەردا. هێزە بێوەرەکانی ڕێژیم کە توانای خۆڕاگرییان لە بەرامبەر هێزی بێوێنەو هەردەم ڕوولەزیادی لاوان دا نەمابوو، لە هەنگاوێکی زەبوونانەدا کەوتنە شکاندنی شووشەو پەنجەرەی ماڵەکانی خەڵکی مەدەنی.

شیاوی باسە کە ئەم خۆپیشاندانە تا کاتژمێر ٢ی شەو درێژەی کێشا.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی مەهاباددا

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٣ی ژولای ٢٠٠٥ی زایینی، بە بۆنەی شازدەیەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوڕێیانی لە ڤیەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیو شەهیدکرانی شوانە سەیدقادر جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم کردەوە دزێوانەی ڕێژیمیان مەحکووم کردو بێزاریی خۆیان لەو ڕێژیمە دەربڕی.

خەڵکی بە وڕەی مەهابادو بەتایبەت لاوانی ئەم شارە لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕەوە بەرامبەر بە ٩ی ژوولای، کۆمەڵێك خۆپیشاندانیان لە شوێنە جیاجیاکانی شاردا وەڕێ خست کە تێیدا هەزاران کەس لە کاتژمێر ٩ی شەو تا ١٢ی شەو بە لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بە مەبەستی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی دروشمیان گوتەوەو بە بەردودارەوە بەگژ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دا چوونەوە.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕیش، تەواوی دوکانەکانی شار داخرانو ڕێژیمیش هەزاران کەس لە هێزە سەرکوتکەرەکانی لە دەوروبەری شارو شوێنە جیاجیاکانی شاردا دامەزراند.

یەکێك لە هەڵسووڕێنەرانی خۆپیشاندانەکان بە ناوی کەمال ئەسفرام، کوڕی قادر ناسراو بە "شوانە" سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ (٩ی ژوولای) کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمو بەسەختی بریندار کراو لەباتی گەیاندنی بە نەخۆشخانە برایە ئەماکنو بە هۆی شکەنجەی دژیگەلییەکانەوە بە شێوەیەکی دڕندانە گیانی لێئەستێندراو ژمارەیەکی زۆریش لە بەشدارانی ئەو زنجیرە خۆپیێشاندانانە، دەستگیرکرانو بەرەو زیندانە ڕەشەکان ڕاپێچ کران.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ (١٣ی ژوولای ٢٠٠٥)**

## سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٤/٢٨ی هەتاوی ـ ١٩ی ژوئیەی ٢٠٠٥ی زایینی ـ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقی لە سەلاحەدین کردو لە لایەن بەڕێزان کاك فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتیو هەڤاڵان کاك ئازاد بەرواریو کاك مەسعوود ساڵەییو کاك مەحموود محەممەد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کاك ڕەمزی شەعبان، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو مامۆستا گۆران، بەرپرسی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی پێشوازییان لێکرا.

هەیئەتی خانەخوێ، خوشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دۆستانەو برایانەیە دەربڕیو پاشان لەکۆبوونەوەیەکی سیاسیی هاوبەش دا، کاك فازڵ میرانی باسێکی سیاسی لەسەر ڕەوشی سیاسیی عێراقو هەرێمی کوردستان پێشکێش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا لەسەر پێوەندییە سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی داگرتەوەو سیاسەتو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەك حیزبێکی دۆستو برا، بەرز نرخاند.

دواتر بەڕێز کاك مستەفا هیجری، باسێکی سیاسیی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێرانو کوردستان پێشکەش کرد. پاش ئەو باسە لە لایەن هاوڕێیانی پارتییەوە چەند پرسیارێك لەسەر ڕەوشی ئێرانو کوردستان کراو لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە وەڵامیان درایەوە. لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەسەر هاوکاریو دۆستایەتیو چاوپێکەوتنی زیاتر بۆ ئاڵوگۆڕەی بیروڕا کردەوە.

## یادی کارەساتی ڤیەن لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب



سەعات ٩:٤٥ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی ڕێورەسمێکی تایبەت بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو ڕێبەری لێوەشاوەو هەڵکەوتووی بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیکی کورد لە کودستانی ئێرانو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیو کاك فازڵ ڕەسووڵ لە یەکێك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبو ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندیو هەروەها کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو. ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستانی دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێشی بەشدارانی ڕێورەسمەکە کرد.

پاشان چەند شێعرو پەخشانی پێوەندیدار بەو ڕووداو یادەوە لەلایەن بەڕێزان، عومەر باڵەکی، ئەنوەر سوڵتان پەنا، ئەحمەدی قادری، مامۆستا بێبەش، عەبدولڕەزاق، جەهانگیر غەفاریو چەند مەقامو سروودی شۆڕشگێڕی لەلایەن تیپی هونەریی ساباتی سێوەی کۆیەو ئەندامانی کۆڕی هونەریی حیزب عوسمان ڕاژانی، ڕزگار ڕەحیمی، بێهرووز لوتفی، فەرهاد ساڵحیو کۆڕسی ناوەندی ٢ی کوردستانەوە پێشکێش کران.

دەقی قسەکانی کاك حەسەن شەرەفی لە لاپەڕە ٢دا بخوێننەوە.

## لە ئاکامی خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی ئازادیخوازی مەهاباددا ئیستیوارێك کوژراو ٥٠ کەس لە خۆپیشاندەران بریندار بوون

شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی پووشپەڕی ٨٤، لە درێژەی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکەی شاری مەهاباد، سەدان کەس لە لاوانی بەهەستو شۆڕشگێڕ ڕژانە سەر گۆڕەپانی ئیستقلالو دەوروبەریو بە گوتنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕانەی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"، "بژی هێزی پێشمەرگە ـ دوژمن نەسیبت مەرگە"، "بژی حیزبی دێموکرات ـ پیشاندەری ڕێی خەبات"، "دایە مەگری بۆ ڕۆڵەت ـ شەرتە بستێنین تۆڵەت" خەویان لە چاوی دژیگەلییەکان تۆراند. ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی کە لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵایینی لاوانی شۆڕشگێڕدا، هەستی بە خۆبەکەم زانین دەکرد بە شێوەیەکی دڕندانە دەستڕێژی لە خۆپیشاندەران کردو لە ئاکامی ئەو دەستڕێژە بێبەزەییانەدا ٥٠ کەس لە لاوانی بەهەستی شار بریندار بوون. لاوانی شۆڕشگێڕ بە دیتنی ئەم دیمەنە خوێنیان گەرم داهاتو بە بەردودار بەرپەرچی هێزە دژیگەلییەکانیان دایەوەو لە ئاکام دا ئیستیوارێکی هێزی بەناو ئینتیزامی کوژرا. دواتر لاوانی قارەمانو چاونەترس هێرشیان کردەسەر بانکەکانی میللەتو میللی لە مەیدانی ئیستقلال داو ئاگریان تێبەردان. ئەو خۆیشاندانە جەماوەرییە بەشکۆیە تا درەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو.

### تێکۆشەرانی ئێرانیی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ لە ئورووپاو ئەمریکای شیمالی:

## ئوتریش دەبێ لە تاوانبارانی تیرۆری دوکتور قاسملوو بکۆڵێتەوە

١٥ ئەنجومەن، گرووپ، ناوەندو ڕێکخراوی تێکۆشەرانی ئێرانیی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ لە ئورووپاو ئەمریکای شیمالی ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕ لە نامەیەك دا بۆ خەڵکی ئوتریشو ڕێکخراوو دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، دوای وەبیرهێنانەوەی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لەو وڵاتە لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا، ئاماژەیان بە ڕەفتاری دەوڵەتو پۆلیسی ئوتریش لەو کات دا کردوە کە بووە بە هۆی ئەوە بەداخەوە تا ئێستا پاش تێپەڕینی ١٦ ساڵ هێشتا هیچ ئاکامێك لە بارەی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی ئەو تیرۆرانە لەلایەن کاربەدەستانی ڕەسمیی دەوڵەتی ئوتریشەوە ڕانەگەیاندوە. لە درێژەی نامەکەدا هاتوە:

بە گوێرەی قسەی یەکێك لە نوێنەرانی پارلمانی ئوتریشو شایەدیدانی ئەم دواییانەی ڕۆژنامەنووسێك کە هێندێك زانیاریی لە زمانی یەکێك لە ئەندامانی تیرۆر (ناسر تقیپوور)ەوە ڕاگەیاندوە، ڕۆڵی ڕێبەرانی ئێستای کۆماری ئیسلامی بۆ وێنە هاشمیی ڕەفسەنجانی سەرکۆماری پێشووو سەرۆکی ئێستای کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام، موحسینی ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسدارانو مەحموودی ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئێستا لەم کوشتارەدا، ڕوونو ئاشکرایە. هەر بۆیە ئێمە داوا لە هەموو خەڵك، ڕێکخراوەکانو داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە ئوتریش دەکەین وێڕای مەحکووم کردنی پێشێلکرانی بەربلاو، بەردەوامو بە پێی بەرنامەی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، داوا بکەن لێکۆڵینەوەی قەزایی لە جێبەجێکەرانو دەستووردەرانی ئەم تیرۆرە لە وڵاتەکەیان دا بکرێو، لە پێناوی ڕوونبوونەوەی حەقیقەتی ئەم پەروەندەیە هەوڵ بدەن.

# دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ١٦ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**خوشك‌و برایانی بەڕێز!**

ئەورۆ ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، ١٣ی ژووئیەی ٢٠٠٥ی زایینی ١٦ ساڵ بە سەر ڕووداوی تاڵ‌و دڵتەزێنی ٢٢ی پووشپەڕ، تیرۆری کەسایەتیی بەرزو ناسراوی کورد، ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر, ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات‌و برای کوردی عێراقیمان دکتور فازل ڕەسووڵ تێدەپەڕێ. لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا لە دەوری یەك کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی، غەمی قورسی ئەو ڕووداوە تاڵە کە لە سەر دڵمانە نیشان بدەینەوە، ئەو بێزارییە کە لە تیرۆریزمی جمهووریی ئیسلامی هەمانە دەری بڕین. لە چەند ساڵی ڕابردووش دا هەمیشە لەو موناسبەتەدا یادی شەهیدێکی دیکە،و هاوسەنگەرێکی دیکەمان دەکەینەوە کە لە ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ گیانی لەدەست داو درێژەی ڕێگای خەبات‌و خۆڕاگریی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێهێشت (کاك سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بێگومان لە موناسبەتێکی کورتخایەن‌و بە زمانێکی قاسەری وەك بەیانی من ناکرێ هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەو شەهیدانەمان، ئەو هاوڕێ‌و ڕێبەرانەمان هەیان بووە بخەینە بەرچاوی خەڵك. لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگە ئەوەش زۆر پێویست نەبێ، چونکە هەموویان‌و بە تایبەتی کاك دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەوەندە ناسراوو نێو بەدەرەوەیە کە کەس نەتوانێ بڕێك زیاتر بە کەسێکی دیکەی بناسێنێ‌و ئەو کەسە بۆخۆی ئەوەندەی نەناسێ کە کەسانی دیکە دەیناسن. بەڵام بەو حاڵەش ناکرێ ئاماژە بە هێندێك تایبەتمەندیی شەخسی‌و دەوری بەرچاوو شوێندانەری لە بزووتنەوەی کوردو زیندووکردنەوەو ڕازاندنەوەی حیزبی دیموکرات دا نەکەین. کاك دکتور قاسملوو کەسایەتییەکی بەرزی زانستی، کەسایەتییەکی بە فەرهەنگ، زمانزان، ئینسانێکی مرۆڤدۆست، بە مەعنای واقیعی دیموکرات, بە مەعنای واقیعی کەلیمە ئینسانێکی سیاسی‌و ڕێبەرێکی لێوەشاوە بوو. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەشی نەتەنیا لەکاری سیاسی‌و لە ڕەوتی خەبات دا بەڵکوو لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە‌و لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەحافیلی چووك‌و گەورەدا بە ڕوونی‌و بە ئاشکرایی پێوە دیار بوون، ئینسانێکی واقیع بین کە هەرگیز ئارەزووی لەجێی واقیعییەت دانەدەنا. واقیعییەتەکانی بەو جۆرە کەهەبوو لەبەرچاو دەگرت, هەربۆیەش قەت یا بەدەگمەن تووشی هەڵە دەبوو. ئینسانێکی دووربین بوو، دوورئەندیش بوو، بۆ ڕۆژانی نیزیك‌و بۆ ڕۆژانی دووری نەتەوەکەی، گەلەکەی‌و حیزبەکەی بەبەرنامە بوو. سەرجەم ئەو زانست‌و تایبەتمەندییانە, ئەو سیاسی بوون‌و دیپلۆمات بوونە، ئەو لە کوردستان‌و لە ئێران‌و لە دەرەوە ژیانە، توانایەکیان پێبەخشیبوو کە بتوانێ هەلومەرجەکان باش هەڵسەنگێنێ، ڕووداوەکان باش تەحلیل بکاو پێش بینی بکا کە ڕەنگە ئەوکات ئەگەر کەسێك بیبیستبا یا بە نووسراوە بیدیبا پێی وابایە شتێکی دوورە دەست یا تەنانەت ڕەنگە خەیاڵی بێ. بەڵام ئەگەر چاو بەو ڕاپۆرتانەی کۆنگرەکان‌و پلینۆمەکانی کومیتەی ناوەندی‌دا بخشێنینەوە کە ئەو کات بە فیکری ئەو یا بە فیکرو قەڵەمی ئەو نووسراون دەبینین کە ئەوپێش بینییانە هەتا لە ڕادەی جیهانی‌و ناوچەیی‌دا چۆن ڕوویان داو لەگەڵ ئەو پێش بینییانەی کە ئەو کردونی چەندە یەك دەگرنەوەو موتابیقەتیان هەیە. ڕەنگە ئێمە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری‌دا یا لە ڕادەی ئێران دا یا لە ناوچەدا، زۆر کەسایەتیی زانستی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیمان هەبن کە خاوەنی هێندێك تایبەتمەندیی خۆشیان بن، بەڵام ئەوەی دوکتور قاسملوو لە هەمووی ئەو کەسانەو ئەو کەسایەتییانە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە هەموو ئاسوودەیی خۆی، هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەرزو باشانەی خۆی، هەموو ئەو خەسڵەتە بەرچاوانەی خۆی، هەموو زانستی خۆی، لە خزمەت ڕزگاریی میللەتەکەی‌و گەلەکەی‌و وەدیهاتنی ئازادی‌و دێموکراسی لە وڵاتەکەی نابوو. خۆشیی وەلا نابوو، سەختیی هەڵبژاردبوو، دەستی لە زۆر ئیمکاناتی ژیان کە بۆ وی زۆر ئاسان بوو دەستی وێیان ڕابگا یا دەستی وێ ڕاگەیشتبوون هەڵگرت. لە شاخ ژیا، لە شار ژیا، لە هەمووی لە گەڵ ئازادیخوازان‌و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات‌و لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە ژیا. ڕەنگە کەم کەسایەتیی بەرزی دیکە ئامادە بێ ئەو خزمەتە بکا، ئەوەندە خزمەتە بکاو دەورێکی ئەوەندە بەرچاوو شوێندانەریشی لە ڕەوتی بزووتنەوەی کورد دا هەبێ. دوکتور قاسملوو ئەگەر نەڵێم حیزبی زیندوو کردەوە لە مردوویی‌دا، بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین حیزبی بووژاندەوە، وێرانەیەکی وەرگرتوە کاخێکی لەسەر بونیاد ناوە. حیزبی دیموکراتی لە پرشوبڵاوی ڕزگار کرد، نەك هەر بووژاندییەوە، ڕازاندییەوە، بەهێندێك تایبەتمەندی‌و ئوسوول‌و پرنسیپی دنیاپەسندو هێندێك ئوسوول‌و پێوانە کە حیزبی دیموکراتی وا خستە بەرچاوی بیروڕای گشتی کە ببێتە حیزبێکی نموونە، لە نێو ئەحزابی کوردی داو تەنانەت لە نێو ئەحزابی ئێرانی‌و مەنتەقەیی‌دا. ئەو ڕێبەریی دەستەجەمعیی لە حیزبی دیموکراتدا جێگیر کرد. تەجروبەی شۆڕشەکانی پێشتر، ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژووی کورد بۆی دەرخستبوو کە ئەگەر شۆڕشێك، جووڵانەوەیەك، حەرەکەتێکی ئازادیخوازی، گرێ بدرێ لە وجوودی تەنیا کەسێك ئەو کەسە هەرچەند زاناو بلیمەت‌و لێهاتووش بێ، ڕۆژێك بە نەمانی ئەو کەسە بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ. بۆیە پێی وابوو ڕێبەریی جووڵانەوەیەك دەبێ ڕێبەرییەکی جەمعی بێ. بە لەبەین چوونی کەسێك لەبەین نەچێ. بە لە مەیدان دەرچوونی کەسێك کز نەبێ‌و لە هەموو هەلومەرجێك دا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ، لەسەر داواکانی خۆی سوور بێ‌و پرنسیپەکانی خۆی بپارێزێ. ئەو بۆ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی‌و بڕیاردانی حیزبی دیموکرات هەوڵی تەواوی داو ئەو ئەسڵەی لە حیزب دا جێگیر کرد کە حیزبی دیموکرات دەبێ ئامادە بێ زۆر نرخ بدا، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبێ زەڕەیەك لە سەربەخۆیی سیاسی دابەزێ. پێی وابوو ئەگەر لە نێوان دۆستێکی زۆر بەهێزو دۆستداو لە نێوان پاراستنی ئەو سەربەخۆیی‌یەی حیزب دا قەرار بێ حیزبی دیموکرات‌و دوکتور قاسملوو یەکیان هەڵبژێرن بێ‌ئەملاو ئەولا پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب هەڵدەبژێرێن.

لەو پێوەندییەش دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نرخی زۆری دا هەزینەی زۆری پەرداخت کرد، بەڵام ئەوەی قاسملوو هێنای‌و جێگیری کردو پاراستی, بۆ هەمیشە دەبێ بیپارێزین, چونکە مانی حیزبەکەمان، مانی بزووتنەوەکەمان بەو ئەسڵەوە بەندە. هەوڵدان بۆ نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی گرینگ بوو کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو.

ئەو پێی وابوو کە ناکرێ‌و نابێ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەیەکی تەنگی وەکوو مەسەلەیەکی نێوخۆیی وڵاتێك دا سەیری بکرێ‌و خەڵکی دیکە لێی بێ‌دەنگ بێ, بە چاوی مەسەلەیەکی نێوخۆیی وڵاتێك سەیری بکا. پێکهاتنی یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کورد لە پاریس کە بە هەوڵ‌و هیممەتی ئەو پێك هات‌و ـ بەداخەوە نەی‌توانی تێیدا بەشدار بێ‌و بە داخەوە ماوەیەك پێش پێکهاتنی ئەو کۆنفرانسە شەهید بووـ بەڵام بەرهەمەکەی فیکری ئەوبوو، ئاکامەکەشی هەر بۆ هەوڵ‌و تێکۆشانی ئەو گەڕاوە.

باوەڕی قووڵی بە یەك سەرنوێشتی‌و یەك چارەنووسیی نەتەوەی کورد هەبوو، لەو پێوەندییەدا هەوڵی بەهێزکردنی ڕۆحی نەتەوەیی دەدا. ئەو پێی وابووو ئێستاش ئێمە وەك حیزبی دێمۆکرات پێمان وایە کورد یەك نەتەوەیە، کوردستان یەك خاکە دابەش کراوە خەڵکەکەی لێکدابڕاوە. ئەگەر ڕۆژێك ئەو نەتەوەیە بیهەوێ ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە بیانهەوێ خاوەنی کیانێکی خۆیان بن حەقی بێ‌ئەملاوئەولای خۆیانەو ئەگەر لە ڕوانگەی نەیارانەوە جیاوازیی خوازیی تەلەقی بکرێ لە چاوو لە ڕوانگەی خودی کوردەوە جیاوازیخوازی نیە یەکگرتنەوەیە. بەڵام بەو حاڵەش هەروەك لە باس لە واقیع بینی‌یەکەی‌دا ئیشارەم پێکرد لە سیاسەت دا لەسەر ئەرزی واقیع کاری دەکردو بە پێی واقیعییەتەکان‌و هەلومەرجەکان سیاسەت‌و ڕێگاو ڕێبازی دیاری دەکرد. باوەڕی قووڵی بە هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەبوو. هەر بە پێی ئەو یەك چارەنووسی‌یە کە باوەڕی پێی هەبوو. بەڵام دەشیزانی کە خەباتی کورد لە هەر پارچەیەك پێویستی بە پشتی جەبهەیەك هەیە، کە مەوقعییەتی کوردستان وای هەڵگرتوەو ئێستاش وا هەڵدەگرێ کە پشتی جەبهەی هەر پارچەیەك وڵاتێك بێ، دەوڵەتێك بێ کە خۆشی لەگەڵ مەسەلەی کورد لەو پارچەیە بەرەوڕوویە. بۆیە پێی وابوو لەگەڵ ئەوەی کە مەشرووعە کە هێزێکی کوردی یا خەباتی کورد لە پارچەیەك پشتی جەبهەیەکی هەبێ، نابێ لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە خۆیان مەسەلەی کوردیان هەیەو خۆیان لەگەڵی ڕووبەڕوون ئەوەندە بچێتە پێشێ کە گەڕانەوەی بۆ نەبێ. نابێ کورد کە وەك پشتی جەبهە لە هەر پارچەیەکی‌تری کوردستان کەڵك وەردەگرێ کارێك بکا لەگەڵ حکوومەتی حاکم بەسەر ئەو پارچەیە لە کوردستان دا کە بە زیانی جووڵانەوەی کورد یا خەڵکی کورد لەو پارچەیە تەواو بێ. ئەو بیروبۆچوونە ئەوکات داکەوت‌و لە حیزب دا جێگیر بووو ئێستا حیزب پێڕەویی لێ‌دەکا.

دوکتور قاسملوو کە خۆی ئینسانێکی بە فەرهەنگ‌و موتەمەددین بوو هەموو هەوڵیشی ئەوە بوو کە لە حیزب دا ئەدەبیاتێك باو بکا کە موتەمەددینانە بێ. حیزبی دیموکرات بە زمانێك قسە بکا کە زمانی ئیستیدلال‌و ئیقناع بێ، تووڕەیی‌و دەمارگرژیی پێوە دیار نەبێ. قسەی سووك‌و جنێوی بۆ ئەم لاو ئەولا لێ‌نەکەوێتەوەو ئەوە ئەدەبیاتێکەو زمانێکە کە ئێستاش حیزبی ئێمە پێی دەدوێ‌و دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی ئێمە بە تەواوی لە کاری خۆیان دا ڕەچاوی دەکەن. دوکتور قاسملوو ئەو کەسایەتییە بووو ئەو خزمەتانەی بە بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیموکرات کرد. بەڵام تەنیا موڵکی حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نەبوو، ئەو ئازادیخوازو مرۆڤدۆستێك بوو کە لە ڕادەی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا ناسراو بوو. لە کاری سیاسی‌و دیپلوماسی‌دا ئەوەندە شارەزاو لێهاتوو بوو کە هەر کۆڕو کۆمەڵێك بتدیتبایە لە خزمەتی‌دا بوایەی دەتدی چەندە سەرێك لە سەر هەموو سەرانەوەو چەند زمانی ئیقناع‌و ئیستیدلالی بەهێزە کە بەڕاحەتی دەتوانێ نفووز بکاتە سەر تەڕەفی موقابیلی.

لەدەستچوونی کەسایەتی‌یەکی ئاوا ڕێبەرێکی بەو تابەتمەندییانەوە دەورێکی بەوجۆرەی کە لە حیزبی دیموکرات دا هەیبوو گەورەیی‌یەك‌و سەروەرییەك کە لە ڕادەی نەتەوەیی‌دا بۆ کوردو لە ڕادەی ئێران‌و جیهان دا بۆ ئازادیخوازان هەیبوو بێگومان دوکتور قاسملوو دەکاتە موڵکی هەموو لایەك‌و غەمی لەدەست چوونیشی دەکەوێتە سەر دڵی هەموولایەك.

ئەوەی دوکتور قاسملوو دایهێنا، ئەوەی دوکتور قاسملوو لە حیزب دا باوی کرد، جێگیری کرد ئەو پرنسیپانەی کە مسۆگەر بوون لەحیزبی ئێمەدا ئەگەر نەبان، دوای دوکتور قاسملوو حیزبی دیموکرات ئەو حیزبی دیموکراتە نەدەبوو. بەڵام پرنسیپ‌و تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو لە پەنا فیداکاریی شاگردەکانی دکتور قاسملوو، دوای دوکتور قاسملووش ئەو حیزبەیان هەر وەك حیزبی قاسملوو وەك حیزبێك کە قاسملوو هەمیشە سایەی لەسەریەتی‌و لە ژێر سێبەری بیروبۆچوون‌و سیاسەت‌و ڕێنوێنی‌یەکانی ئەودا ڕێبازەکەی دەپێوێ درێژە بەخەبات دەدا.

ئەوەی کۆبوونەوەی ئەمجارەمان پاش ١٦ ساڵ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەکانی ساڵانی پێشوومان جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئێمە ئەوکات دیتمان کە دەوڵەتی ئوتریش لەگەڵ ئەوەی کە دەستووردەری تیرۆرەکان مەعلووم بوو، بەڕێوەبەری تیرۆرەکە مەعلووم بوو، شوێنەکەی مەعلووم بوو، تەنانەت موجریمەکان، لانی کەم دوویان کەوتنە دەستی پۆلیس، دەوڵەتی ئوتریش بەداخەوە، نەك بەدوای ئەو پەروەندەیەدا بەو جۆرە کە پێویست بوو نەچوو، بەڵکوو تەنانەت لە بەینی تیرۆرکەرو تیرۆرکراودا، لەبەینی جمهووریی ئیسلامی‌و حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورددا قەت وەك قازی عەمەلی نەکرد. بەڵکوو وەك مودەعی دەجووڵایەوە، هەموو پرنسیپە دیموکراتیکەکانی کە گویا باوەڕی پێی بووو باوەڕی پێیەتی لەژێر پێ‌نان. خوێنی ڕێبەری کوردی فیدای قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی خۆی کرد. نوکتەیەك کە عەرزم کردن کە ئەوجار فەرقی هەیە ئەوەیە کە لەسەروبەندی ١٦ ساڵەی تیرۆری دکتور قاسملوودا‌و پاش هەڵبژاردنی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد لە دەورەی نۆهەمی سەرۆك کۆماری‌دا وەك سەرۆك کۆماری داهاتووی ئێران، دەرکەوت کە ئەو سەرۆك کۆمارەش وەکوو سەرۆك کۆماری ئەوکات کە یەکێك لە فەرماندەرانی تیرۆرەکە بوو، ئەویش بەرنامەڕێژو گەڵاڵەداڕێژی تیرۆری دوکتور قاسملوو بوو. بۆ ئێمە یەك شت ڕوونە کۆماری ئیسلامی دوژمنی کوردو قاتڵی دوکتور قاسملووو دوکتور سادق شەرفکەندی‌و باقیی هاوڕێیانمانە، بەڵام دەنگدانەوەی ئەو مەسەلەیە جارێکی دیکە مەسەلەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە ئوتریش بە ناحەق ئەودەم ڕەنگە بە دوو هۆ خستیە پشت گوێ بخاتەوە بەرچاوی بیروڕای گشتیی ئوتریش ئەوکات‌و ڕەنگە ئێستاش پێوەندییەکی بەربڵاوی ئابووری‌و تیجاری، مولاحزاتێکی زۆری سیاسی بە نیسبەت جمهووریی ئیسلامی هەبوو. بێجگە لەوەی کە نەی‌توانی چاو لە مەنافیعی ئابووری بپۆشێ، نوقتە زەعفێکیشی لەبەردەستی جمهووری ئیسلامی‌دا بوو، ئەوکات کە شەڕی ئێران‌و عێراق هەبوو، ئوتریش بە پێی قانوون نەی‌دەتوانی چەك بە هیچ یەك لە لایەنەکانی شەڕ بفرۆشێ، بە هەرتك لایەنەکانی شەڕی فرۆشتبوو. بە ئۆردۆنی فرۆشتبوو عێراق پووڵەکەی دابوو، بە لیبیی فرۆشتبوو ئێران پووڵەکەی دابوو. ئەگەر جمهووریی ئیسلامی لەوکاتی‌دا ئەوەی لەسەر ئوتریش ئیفشا کردبا، ڕەنگە کارگەیبا جێگایەك کە دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش ناچار بە ئیستیعفا بێ هەم ئەو نوقتە زەعفە کە ئەوەشی هەر لە قانوون شکێنی‌و خیلاف کارییەوە سەرچاوەی دەگرت‌و هەم هەڵوێستی ناشایستی ئوتریش بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو پەروەندەیە لەوکاتەوە تا ئێستای لەگەڵ بێ, بەداخراوی بمێنێتەوە، هەموو هەوڵی حیزبی دێمۆکرات‌و بنەماڵەی شەهیدەکان‌و قوربانی‌یەکانی ڕووداوی ٢٢ی پووشپەڕ بێ‌ئاکام مایەوە. ئێستا ئەو مەسەلەیە هورووژاوە، ئێمە ئومێدەوارین بیروڕای گشتی‌و دەوڵەتانی بە نفووز فشار بخەنە سەر دەوڵەتی ئوتریش کە ڕێگا بۆ لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی ئاوڵا بکرێتەوەو جارێکی دیکەش ڕیسوایی‌یەکی دیکەی وەکوو ڕیسوایی میکونووس بۆ جمهووریی ئیسلامیی ئێران بەدوادا بێ.

هاوڕێیانی بەڕێز! لەو موناسیبەتانەدا ئێمە کۆنابینەوە تەنیا بۆ ئەوەی یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە یا غەمی لەدەست چوونی تازە بکەینەوە چونکە دوکتور قاسملوو هەمیشە لە یادی ئێمەدایەو لەگەڵ ئێمەیە، لەژیان دا، لە تێکۆشانی سیاسی‌دا، ئەوەنیە هەر ڕۆژێك کە قسەدەکەین، کە دەنووسین، کە دەڵێین، کە لێرەولەوێ حوزوور پەیدا دەکەین، ئیستناد بە قسەی دوکتور قاسملوو دەکەین، کە بڕیار دەدەین ئاوڕ لە بۆچوونەکان‌و تەوجیهەکانی دەدەینەوە. کەوابوو دوکتور قاسملوو هەمیشە لەگەڵ ئێمەیە، بیروباوەڕ زیندوویە لە نێومان دا. کەوابوو هەمیشە لەیادی ئێمەدایە پێویستی بە یادکردنەوە نیە، یانی لەبیرناچێ تا وەبیربێتەوە، غەمەکەشی ئەوەندە قورس‌و گرانە قەت لەسەر دڵمان سووك نابێ هەتا تازەی بکەینەوە کەوابوو مەبەستێکی دیکە لەو کۆبوونەوانە ئەوەیە کە جارێکی دیکە لەو موناسبەتەدا وەفاداریی خۆمان بە دوکتور قاسملووی نەمر سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان، بە مامۆستاکەمان، بە ڕێبەرەکەمان، بەو کەسایەتی‌یە لێهاتووو لێوەشاوەیە کە لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌و ئێران‌و کوردستان دا ناوبانگی دەرکردبوو دووپات بکەینەوە.

لەسەر ئەو ئوسوول‌و پرنسیپانەی پێ‌دابگرینەوە کە بۆی دیاری کردوین، ڕاسپاردەکانیمان لەبەرچاو بێ کە هەمیشە وەك چرا بەرپێمان ڕووناك دەکاو ئەوەی کە بە کوێ‌دا بڕۆین، لەچی بسڵەمینەوە، بەرەوکوێ بڕۆین. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو بەڵێنی‌یە دووپات دەکەینەوە کە دوکتور قاسملوو هەمیشە نوقتەیەکە بۆ ئێمە کە چاوی تێ‌دەبڕین. هەمیشە هێزو پشت‌و پەنایە کە لە ڕەوتی بڕینی ڕێگای ڕزگاریمان داو لەوەش زیاتر هیواداریین بە هەوڵ‌و کۆششی زیاترمان بە یەکگرتوویی‌و لەخۆبردوویی پترمان ئاواتەکانی دوکتور قاسملووش وەدیبێنین‌و وا بکەین کە دوکتور قاسملوو ڕۆحی شاد بێ، لێمان ڕازی بێ وەکوو هەموو شەهیدەکانی دیکە.

سڵاو دەنێرم بۆ ڕۆحی پاك‌و گیانی پاکی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری لێوەشاوەی کورد، سیاسەتمەداری ناسراوو نێوبەدەرەوە، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدان عەبدوڵڵا قادری ئازەرو دوکتور فازڵ ڕەسووڵ

سڵاو لە گیانی پاکی کاك سەلامی عەزیزی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی

ئێوەش هەر شادو لەش ساغ‌و سەرکەوتووبن

***

باوەڕی قووڵی بە یەك سەرنوێشتی‌و یەك چارەنووسیی نەتەوەی کورد هەبوو، لەو پێوەندییەدا هەوڵی بەهێزکردنی ڕۆحی نەتەوەیی دەدا. ئەو پێی وابووو ئێستاش ئێمە وەك حیزبی دێمۆکرات پێمان وایە کورد یەك نەتەوەیە، کوردستان یەك خاکە دابەش کراوە خەڵکەکەی لێکدابڕاوە. ئەگەر ڕۆژێك ئەو نەتەوەیە بیهەوێ ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە بیانهەوێ خاوەنی کیانێکی خۆیان بن حەقی بێ‌ئەملاوئەولای خۆیانەو ئەگەر لە ڕوانگەی نەیارانەوە جیاوازیی خوازیی تەلەقی بکرێ لە چاوو لە ڕوانگەی خودی کوردەوە جیاوازیخوازی نیە یەکگرتنەوەیە

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# نامەی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بۆ بەڕێز سەرکۆماری ئوتریش بە بۆنەی ١٦یەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو و داواکاریی دادگاییکردنی بکوژانی ئەو ڕێبەرە هزرڤانە

**زۆر بەڕێز دوکتور هاینتس فیشێر!**

**سەرۆك کۆماری ئوتریش!**

لە چەند حەوتوو لەمەوبەرەوە، گەلێ ڕۆژنامەی ئێرانیو بیانی، هەواڵی دەستێدابوونی ڕاستەوخۆی سەرکۆماری تازەهەڵبژێردراوی ئێران ئاغای مەحموود ئەحمەدی‌نەژادی لە تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوڕێکانی، لە ١٣ی ٧ی ١٩٨٩ لە ڤیەن، بڵاو دەکەنەوە.

ئێوەی بەڕێز وەك دۆستی ناسراوی گەلی کوردو جێگای متمانەو ڕێزی تایبەتی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، ئاگاداری چۆنیەتیی ڕووداوەکەن. دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش، بەوپەڕی سەرسوورمانەوە، سەرەڕای ئاشکرابوونی بەرپرسایەتیی کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتەدا، پێشی بە پێکهاتنی دادگا بۆ ئەو تیرۆریستانە گرت کە کەوتبوونە چنگی پۆلیسەوەو ڕێگەی بۆ چۆڵ کردن کە بکوژان بە سانایی لە ڕێگای باڵوێزخانەی ئێرانەوە بگەڕێنەوە تاران.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی توانی بە تیرۆری ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو، زەبرێکی گورچکبڕ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوەشێنێ، لەولایشەوە دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریشیش بە پێشگرتن بە ڕوونبوونەوەی ئەو تیرۆرە سیاسی‌یە، ستەمێکی گەورەی دەرهەق بە گەلی کورد بە ڕەوا بینی. هەربۆیە مرۆڤی کورد هەنووکەش لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستی ئوتریش دا بەوپەڕی سەرسوورمانەوە پرسیار لە خۆی دەکات: ئوتریش بۆ؟

بە بۆنەی نزیکبوونەوە لە ١٦هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ١٣ی ژووئیە، ئێمە سەرلەنوێ داوای لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی بەرپرسانی تیرۆری ڕێبەری مەزنمان دەکەین.

ئەورۆ ئێوە سەرۆك کۆماری ئوتریشنو جێگای ڕێزی هەموو لایەکن، ئێمە چاوەڕوانین کە ئێوە بە نێوی عەدالەت، مافی مرۆڤ، ئازادیو دێموکراسی‌یەوە، واتە هەموو ئەو ئارمانجانەی کە قاسملووی ئێمە لە ناخی دڵەوە بڕوای پێیان بوو و گیانی لەو پێناوەدا بەخشی، پشتیوانی لەو داوا ڕەوایەی ئێمە بکەن. ئەوەش نەتەنیا بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەو ستەمە گەورەیەی کە بە تیرۆری قاسملوو لە نەتەوەی کورد کرا، بەڵکوو بۆ ئەوەش کە گەلی کوردو هەموو گەلانی دیکەی جیهانیش بزانن کە ئوتریش لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئێوەدا، وەك وڵاتێکی دێموکرات بڕوای بە عەدالەت، مافی مرۆڤو سەربەخۆیی دەزگای دادوەریی هەیە.

**لەگەڵ ڕێزمدا**

**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٥/٧/٧**

# نامەی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بۆ بەڕێز ولفانگ شۆویسێلو داواکاری بۆ دادگاییکردنی بکوژانی ڕێبەری مەزنمان کاك دوکتور قاسملوو

**زۆر بەڕێز دوکتور ولفانگ شۆویسێل!**

**سەدرئەعزەمی ئوتریش!**

بەپێی هێندێك زانیاری کە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا بڵاو کراونەوە، ئاغای مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد کە ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٢٤ لە شانۆیەکی هەڵبژاردن دا بە سەرکۆماریی ئیسلامیی ئێران دیاری کرا، ڕاستەوخۆ لە ئامادەکاریو بەڕێوەبردنی تیرۆری ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە ڤیەن دا بەشدار بووە.

هەروەك ئاگادارن لەو تیرۆرە سیاسی‌یەدا، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی ئێمە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە لە لایەن دەوڵەتی ڕەفسەنجانی‌یەوە بەڕواڵەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێ بۆ دۆزی کورد لە ئێران بۆ ئوتریش بانگهێشت کرابوو، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە بە ناوەکانی عەبدوڵڵا قادری ئازەرو دوکتور فازڵ ڕەسووڵ بە دەستی نوێنەرانی نێردراوی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کران.

هەرچەند لە یەکەمین ساتەکانی ڕووداوەکەوە بۆ هەموو کەسو بەتایبەت بۆ پۆلیسی ئوتریش ئاشکرا بوو کە ئەو جینایەتە بە فەرمانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی خولقێندراوە، زۆر بەداخەوە! دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهان دا، ڕێسای سەربەخۆیی هێزی دادوەریی نایە ژێر پێو بەو جۆرە پێشی بە پێکهاتنی دادگاو بەسزاگەیاندنی بکوژانی ئەو ڕووداوە گرت. هەر بۆیەش هەلێکی مەزنی بۆ پاشەکشەکردن بە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێرانی لەدەست دا.

بەڕێز!

ئەوکات هێندێك بەرژەوەندیی ئابووریو سیاسی ڕێگایان لە چەسپانی دادو مافی مرۆڤ گرت. ئەورۆ ئەو هەلە بۆ ئێوە ڕەخساوە کە ئەو بێ‌عەدالەتی‌یە، ڕاست کەنەوەو ئەو ستەمە گرانەی کە دەرهەق بە گەلی کوردو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران کراوە، تا ڕادەیەك قەرەبوو بکەنەوە.

ئەمن بە نێوی حیزبی قاسملوو و گەلی کوردەوە، داوا لە بەڕێزت دەکەم، ڕێگا نەدەن بۆ جارێکی دیکە بەرژەوەندیو تێبینیی سیاسی، پێش بە چەسپانی عەدالەت بگرێ. بەپێچەوانەوە، چاوەڕوانین لە ئێوەی بەڕێز کە بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و پەردەلادان لەسەر جینایەتی سامناکی ١٣ی ژووئیە، پشتی ئێمە بگرن.

**لەگەڵ ڕێزم دا**

**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٥/٧/٧**

# جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنفرانسێکی ڕاگەیاندندا:

## هاتنی ئامریکا لە ژێر هەر ناوێکدا بووبێ، ئاکامی باشی بۆ کورد لێ کەوتۆتەوەو هەر وەزعێکی باشیش کە بۆ کورد لە هەر پارچەیەك بێتە ئاراوە، تەئسیری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی کورد لە پارچەکانی دیکەشدا هەیە

**عەبدوڵڵا بەهرامی ـ "کوردستان"**

ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ (١٢ی ژووئیەی ٢٠٠٥) لە شانزدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هاوڕێیانی‌دا، کۆنفرانسێکی ڕاگەیاندن بە مەبەستی تیشك خستنەسەر لایەنەکانی ئەم کردەوە تیرۆریستی‌یەو نەخشی سەرکۆماری تازەهەڵبژێردراوی کۆماری ئیسلامی، مەحموود ئەحمەدی‌نەژادو ئەو پرسانەی پێوەندییان بە خەباتی مافخوازانەی کورد لە ئێران هەیە، بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێك هات.

لەو کۆنفرانسەدا کە لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هات، پەیامنێرانی ژمارەیەك لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان لەوانە: بەشی کوردیی ئامریکا VOA، زاگرۆس TV، ئەلجەزیرە، ئاژانسی ڕۆیتێرز، IPTV، ڕادیۆ دەنگی ئازادی، ئاژانسی پەیامنیر، هەفتەنامەکانی جەماوەر، Hewler Globe، ئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانیی جەنگو ئاشتی، ڕۆژنامەی کوردستان، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانو ئاژانسی فرانس پرێس ئامادە بوون.

لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، ئاماژەی بە ڕێکەوتو چۆنیەتیی تیرۆرەکە کردو گوتی: "لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش ڕێگای گرت لەوەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەو پەروەندەیە درێژەی هەبێو ئاکامی لێکۆڵینەوە لەو تیرۆرە بە ئەنجام بگا، بەڵام دەبینین پاش ١٦ ساڵ لەو ڕۆژانەی دوایی‌داو بەتایبەتی پاش بەڕێوەچوونی نۆهەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا مەسەلەی تیرۆری د. قاسملوو جارێکی دیکە چۆتەوە سەر ئانتێنی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، باسی لێ دەکرێو لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لەسەری دەدوێن. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسەی بە پشتیوانیی دەزگای حکوومەتی سەری لە سندووقەکان هێناوەتە دەرێ، تاوانبارە بەوەی کە لە تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی‌دا دەستی هەبووە."

دواتر پەیامنێری ڕادیۆ دەنگی ئامریکا، بەشی کوردی پرسی: هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی تازە ئەحمەدی‌نەژاد دەستی هەبووە لە تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی‌دا. ئێوە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ بەڵگەیەکتان هەیە لەو بارەوە پێشکەش بە دەوڵەتی ئۆتریشی بکەن؟

کاك حەسەن شەرەفی: ئێمە هەر لە سەرەتای تیرۆری د. قاسملوودا قامکی ئیتهاممان بێجگە لە کۆماری ئیسلامی، بۆ لای هیچ کەسێکی دیکە درێژ نەکرد. جەرەیانی ڕووداوەکەش هەموو شاهیدی بۆ ئەوەی دەدەن کە بێجگە لە جمهووریی ئیسلامی کەس دەستی لەو تیرۆرەو لەو جینایەتەدا نەبووە. ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون نێردراوی کۆماری ئیسلامی بوون. هەر سێك هاوڕێی ئێمە شەهید بوون، ئەوان هەموو بە سەلامەت دەرچوون، یەکێکیان نەبێ گوللەیەکی بەرەڵڵای وێ کەوتبوو، هەر سێك شەهیدی ئێمە گوللەی خەلاس لە سەریان درابوو، لە حاڵەتێکدا ئەو بریندارە (جەعفەر سەحراڕوودی)و دوو کەسەکەی دیکە مستەفا ئەجوادی ناسراو بە حاجی مستەفەوی لەگەڵ ئەمیر مەنسوور بوزورگیان، ئەوانە کە لە ساختومانەکە چووبوونە خوارێ، ١٥ دەقیقە دوای ڕووداوە ئەو دووانە دەستگیر بوونو بریندارەکەش گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دەوڵەتی ئۆتریش نە تەنیا ئەوانەی وەکوو تاوانبار ڕانەگرتن بۆ لێپرسینەوە، تەنانەت وەکوو شاهیدی زیندووی ڕووداوەکەش لە ئۆتریش ڕای نەگرتنو بەڕێی کردنەوە بۆ ئێران. کەوابوو ئەو تیرۆرە لە ئەسڵدا بەدەست جمهووریی ئیسلامی کرابوو."

ناوبراو هەر لەم پێوەندی‌یەدا باسی ئەو زانیارییانەی کرد کە لە شاهیدی D لە یەکێك لە تیرۆریستەکانی بەناوی ناسر تەقی‌پوور وەرگرتوە.

بەڕێز شەرەفی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی پەیامنێری ئاژانسی Peyamnerدا کە پرسی ئەو گۆڕانە لە هەڵوێستی ئۆتریش‌دا بۆچی دەگەڕێتەوە، گوتی: "ئێمە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ‌هیچ ئاڵوگۆڕێك لە هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆتریش بەرانبەر بە مەسەلەی تیرۆری د. قاسملوو نابینین. ئەوە کە ئێستێ هەیە، فشاری بیروڕای گشتی‌یە، فشاری پیتر پیلتز، یەکێك لە پارلمانتارەکانی ئۆتریشە."

جێگری سکرتێری گشتی لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری هەفتەنامەی جەماوەردا سەبارەت بە پێشینەی نیزامیی کاندیداتۆرەکانی سەرکۆماریو هۆکارەکانی هاتنە مەیدانی کەسانی نیزامی لەم خولەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌دا، وێڕای ئاماژە بە پێشینەی پڕ لە جینایەتی ئەوان لە سەرکوتو کوشتنی ناڕازیانو ڕووناکبیراندا گوتی: "ئەوە کە جمهووریی ئیسلامی لە نێو ئەوانەدا کە سەربەخۆیین، یەکێکی زیاتر سەربەخۆی هەڵدەبژێرێ کە زیاتر لە ژێر فەرمانی وەلیی فەقیه دایە، نیشانەی ئەوەیە کە دەیهەوێ ڕێژیمەکە یەکدەست بکا بۆ ئەوەی لەو مەترسییانەی لە داهاتووی نزیك یا دووردا ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە، بیپارێزێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکان، ئەو شنەبایەی لە دێموکراسی لە ناوچەکە هەڵی کردوە. ئەو ڕەوتەی لە دێموکراسی کە دەستی پێ کردوە هەر بەوەندە ڕاناوەستێ، لە هێندێ جێگای وەك عێراقو ئەفغانستان، شوێنی دیکە دەگرێتەوەو یەك لەوان ئێران. کۆماری ئیسلامی لە بەرابنەر ئەو ڕەوتەو لە بەرانبەر پەرەگرتنی ڕەوتی ئازادیخوازی لە ئێران دایە کە دەیهەوێ بەو جۆرە خۆی یەکدەست بکاتەوە."

لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا، پەیامنێری ڕادیۆ دەنگی کوردستان پرسی، ئەو هۆکارانە چین کە ڕێگە نادەن لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی د. قاسملووو هاوڕێیانی بە ئاکام بگا؟

کاك حەسەن شەرەفی: "ئەو هۆکارانەی بوونە باعیسی ئەوە کە دەوڵەتی ئۆتریش بەر بە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی پەروەندەکە بگرێو جمهووریی ئیسلامی وەکوو تاوانباری ئەسڵیو سەرانی ئەو ڕێژیمە وەکوو ئەمردەری ئەو تیرۆرە موعەڕەفی بکا، بۆ چەند شت دەگەڕێتەوە: یەکەم، پێوەندییەکی تیجاریو بازرگانیی وەسیع کە ئۆتریش لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامی هەیەتیو بەتایبەتی لە سەروبەندی تیرۆری د. قاسملووو بەدوای ئەویش‌دا ئەو پێوەندییە بازرگانیو تیجارییە زۆر پەرەی گرت، بە جۆرێك کە وەزیری خاریجەی ئەوکاتی ئۆتریش زۆر بە شانازی‌یەوە ڕادەگەیەنێ ئێمە توانیومانە ئەو گەمارۆیە کە ئامریکا لەسەر جمهووریی ئیسلامی داینەوە، بشکێنین. هۆیەکی دیکەشی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئۆتۆیش نوقتە زەعفی لەبەردەستی ئێرانو عێراقدا هەبوو. لە کاتی شەڕی ئێرانو عێراقدا لەگەڵ ئەوەی بە پێی قانوون دەوڵەتی ئۆتریش ناتوانێ چەكو تەقەمەنی بە دوو وڵات کە لە حاڵی شەڕدان بفرۆشێ، دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش بە هەردووکیانی فرۆشتبوو. سەلماندنی ئەو ئیتیهامە کە دەوڵەتی ئۆتریش کارێکی وای کردوە، بێ ئەملاوئەولا مونجەر بە ئیستیعفای دەوڵەتەکە دەبوو."

دواتر پەیامنێری تەلەویزیۆنی عەرەبیی ئەلجەزیرە پرسی: پاش هاتنی ئامریکا بۆ عێراق، گۆڕانکاریی گەورە ڕووی داوە، ئەوە چ کارتێکردنێکی لەسەر دۆزی کورد لە ئێران هەیە؟

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە وەڵامدا گوتی: هاتنی ئامریکا لە ژێر هەر ناوێکدا بووبێ، ئاکامی باشی بۆ کورد لێ کەوتۆتەوەو هەر وەزعێکی باشیش کە بۆ کورد لە هەر پارچەیەك بێتە ئاراوە، تەئسیری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی کورد لە پارچەکانی دیکەش‌دا هەیە. ئێمە نایشارینەوە کوردستان یەك خاکەو دابەش کراوە، کورد یەك نەتەوەیە لێك دابڕاوەو ئەگەر ڕۆژێك ئەو خەڵکە بیانهەوێ بە یەکەوە بنو خاوەنی کیانێکی کوردی بن، حەقی خۆیانە. بەڵام ئەوەی کورد ئێستا لە سیاسەت‌دا دەیکا، لەسەر عەرسەی واقیع دەیکا، بە واقیعبینی‌یەوە دەیکاو بە واقیعبینی‌یەوە لەگەڵ ڕووداوەکان هەڵسوکەوت دەکا، بۆیە ئەو مافانەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق هەیەتی، بۆ ئێمە جێگای خۆشحاڵی‌یەو تەئسیری لەسەر وەزعی ئێمەش لە دوور یا نزیکدا دادەنێ... .

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا بەڕێز شەرەفی لە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی پەیامنێری ئاژانسی ڕۆیتێرز سەبارەت بە ڕوانگەی ئامریکا سەبارەت بە حیزبی دێموکرات وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن، گوتی: "ئەوەی کە ئامریکا چەند حیساب بۆ ئێمە یان ئەحزابی وەك ئێمە دەکا، بەستراوەتەوە بە دوو شت: یەکەم، ئەو هێزە چەندەو نفووزی چەندە، دەسەڵاتەکەی چەندو شوێنداریی چەندە، دووهەم، ئەوە کە ئامریکا لەو شوێنەی چەند کار بە هێزێك یا بە هاوکاریی یا پشتیوانیی هێزێك هەیە."ئەو هەروەها وێڕای ئاماژە بە ڕابردووی دوورودرێژی خەباتکارانەو دروشمو سیاسەتە پێشکەوتنخوازەکانی حیزبی دێموکرات گوتی: "هەر ئاڵوگۆڕێك لە ئێراندا بێتە پێشێ، بە هەر شکڵێك هیچ لایەنێك ناتوانێ حیساب بۆ حیزبێکی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکا."

دواتر پەیامنێری ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی جەنگو ئاشتی، پرسیارەکانی هێنایە گۆڕێو لە یەکێك لە پرسیارەکانی‌دا ئاماژەی بە پێکهاتنو ئاستی کاریگەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کرد. جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیش لە وەڵامدا گوتی: "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران بە هەوڵی هەموو لایەكو زیاتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند مانگ لەوە پێش پێك هات." وێڕای ئاماژە لە سیاسەتو ئامانجەکانی حیزبە سەراسەری‌یەکانو پێوەندیو هاوکاریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوان گوتی: "پێمان وابوو ئەوەی هاوکاری باشو هاوپەیمانی [باش] بێ بۆ گەلی کورد، ئەو ڕێکخراوانەن کە نوێنەری گەلانی دیکەی زۆرلێکراوی ئێرانن."

دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی جەنگو ئاشتی، پەیامنێری "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسیارەکانی هێنایە گۆڕێو لە یەکێك لە پرسیارەکانی‌دا ئاماژەی بە ئاسۆی پێوەندی‌یەکانی وڵاتانی ئورووپاییو کۆماری ئیسلامی دوابەدوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد کرد. بەڕێز شەرەفی لە وەڵامدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە پێوەندی‌یەکانی ئێرانو ئورووپا گوتی: "ڕەنگە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد ئەگەر تەنیا خێرێکی تێ‌دا بێ ئەوە بێ کە ڕەنگە ئەو بەهانەیە لە دەست ئورووپایی‌یەکان دەربێنێ کە شتێکیان نەبێ بۆ تەوجیهی ڕەوابیتیان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی."

شیاوی باسە لە دوابەشی ئەو کۆنفرانسەدا پەیامنێرەکانی هەفتەنامەی Hewler Globe، جەماوەر، کوردستان، ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی جەنگو ئاشتی پرسیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێو وەڵامیان درایەوە.



***

# کارو چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

## سنە

بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی لە ڤیەنی ئوتریش، ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢٢، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە سنە لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا تراکت‌و وێنەی شەهیدانیان لە پارکی ئاویەر، شەقامی وەکیل، مەیدانی ئێقباڵ، بلواری کوردستان، شەقامی سەلاحەدین (سەرتەپولە)، گەڕەکی پیرمحەممەد‌و چوارڕای سیرووس دا بڵاو کردەوە.

❋ بە بۆنەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆری نامرۆڤانەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە ڤیەنی ئوتریش، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و ئەڤیندارانی ڕێگای شەهید دوکتور قاسملوو لە شاری سنە لە چالاکی‌یەکی بەربڵاوو سەرنجڕاکێشی تەبلیغاتی‌دا ژیاننامەی‌و وێنەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو و ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بڵاو کردەوەو هەروەها ئەم دروشمانەی خوارەوەشیان نووسی‌و بڵاو کردنەوە:

"شەهید دوکتور قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "هەتا کوردێك بمێنێ ـ دێموکرات هەردەمێنێ"، "دێموکراتمان ڕابەرە، قاسملوو تاجی سەرە"، "سڵاو لە حیزبی دێموکرات، ئاڵاهەڵگری شەهیدان قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی‌و سەرجەم شەهیدانی کوردستان"، "سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ ئازادی، دێموکراسی‌و فیدرالیزم"، "سڵاو لە پێشمەرگە، باسکی بەهێزی گەل"و "بژی حیزبی دێموکرات، پیشاندەری ڕێی خەبات".

ئەو شوێنانەی کاری تەبلیغاتییان تیا کراوە بریتین لە:

١ـ شەقامەکانی: حەسەن ئاوا، کۆسەی هەجیج، سەفەری، وەکیل، بلواری شبلی، بلواری کوردستان، مەردۆخ، نمەکی، فەلەستین، ٢٨ی دەی، فیردۆسی، ناسرخۆسرەو، مەولەوی، ژاندارمێری‌و مەیدانەکانی ئازادی‌و دایك

٢ـ گەڕەکەکانی: غەفوور، تەپەی مەلاحسێن، کەڵەکەجاڕ، موارەك ئاوا، مەسناو، قوپال، حاجی ئاوا، تازاوا، ئاغەزەمان، بەردەشت، پیرمحەممەد، گەلەخان‌و قەتارچیان.

٣ـ ڕێگاکانی: تاقەدار, کانی شەفا, گوێزەکوێر, پارکی ئاویەرو پارکی کودەك‌و شارۆچکەی کەشاوەرز.

## کرماشان

بە بۆنەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی‌و هەروەها ڕوونبوونەوەی بەشداریی مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆماری نوێی ئێران لەم تیرۆرە نامرۆڤانەیەدا، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی لە نێو شارستانی کرماشان‌دا دارودیوارەکانیان بەم دروشمانەی خوارەوە ڕازاندەوە:

ـ سڵاو لە ٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

ـ بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی

ـ سڵاو لە ڕێبەرانی کورد، شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی

ـ مەرگ‌و نەمان بۆ سەرکۆماریی تیرۆریست‌و بکوژی ڕێبەرانی کورد

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتی تیا کراوە، بریتین لە: "کەسرا"، "فێردۆسی"، "شەشی بەهمەن"و "گۆڕەپانی ئازادی"

## مەریوان

بە بۆنەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری نامرۆڤانەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لەم شوێنانەی خوارەوەی شاری مەریواندا چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد:

گەڕەکەکانی: سەردۆشی‌یەکان، ئیستادیۆم، کورەی مووسەوی، باوەڕەشی، چوارباخ، داسەیرانی ١و داسەیرانی ٢، بێهزیستی‌و بلواری موعەلیم

شیاوی باسە کە زۆربەی دیوارەکانی ئەم شوێنانە بە دروشمەکانی "بژی دێموکرات"و "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"و. . .ڕازێندرابوونەوە.

## بۆکان

شەوی ١٣٨٤/٤/٢٢، بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، ئەندامان‌و لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزب لەم شوێنانەی خوارەوەی شاری بۆکاندا چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد:

کوی محەممەدیان، شارۆچکەی فەرهەنگیان، شەقامی سەیدشوکرە، ترمینالی مەهاباد‌و ئاشی سالمی

## ڕەبەت

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی ڕەبەت، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، کاتژمێر ٩/٣٠ دەقیقەی شەو بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڤیەن، دوکتور قاسملوو، کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەرو دوکتور فازڵ ڕەسوول لە "گردی سەرچاوێ"، بەرزایی‌یەکی پشتی ڕەبەت، سێ ئاگری مەزنیان کە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، کردەوە.

## سەقز

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری سەقز بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری نامرۆڤانەی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی بەدەستی تیرۆریستانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئاخوندی لەو ئەو شارەدا کۆمەڵێك چالاکیی بەربڵاوی تەبلغاتییان لە جۆری بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان‌و نووسینی دروشمەکانی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە"و "مەرگ‌و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی" لەم شوێنانەی خوارەوە بەڕێوەبرد:

نێو بازاڕەکانی سەرێ‌و خوارێ، گەڕەکی شاناز، گەڕەکی کەریم ئاوا، گەڕەکی بەردبڕان، گەڕەکی شەریف ئاوا، نەخۆشخانەکانی "تأمین اجتماعی"و بەناو"ئیمام خومەینی"، فەلەکەی هەڵۆ، بلواری بانە، بلواری وەحدەت‌و بلواری کشاوەرزی.

## سەردەشت

بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری زانای گەلەکەمان کاك دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری سەردەشت لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا وێنەی ڕێبەری شەهید، دوکتور قاسملوو و ڕاگەیەندراوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ"یان بڵاو کردەوەو هەروەها دارودیوارەکانی نێو شاری سەردەشتیان بە دروشمەکانی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "بژی پێشمەرگە"، "پێشمەرگایەتی بۆ لاوی کورد شانازی‌یە"و "پێشمەرگە دوژمنی تیرۆریزم‌و پارێزەری مافی مرۆڤە" ڕازاندەوە.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتییان تیا کراوە بریتین لە:

گەڕەکەکانی: ئاشان، فەرهەنگیان، کانی خانێ‌و دەوروبەری خانەی مامۆستایان، دەوروبەری سەرچاوێ، دەوروبەری چوارڕای هیلال ئەحمەر، دەوروبەری شەبەکەی ٢و پارکی نێو شار

## ورمێ‌و ماکو

ڕۆژەکانی ٢١و٢٢ی پووشپەڕ، بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری نامرۆڤانەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەن، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ورمێ‌و ماکو لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا CDی فیلمی تایبەت بە ژیاننامەی دوکتور قاسملوو، تراکت‌و وێنەی شەهیدانیان بڵاو کردەوەو هەروەها دیوارەکانیان بە نووسینی دروشمی حیزبی‌و شۆڕشگێڕانە ڕازاندەوە.

ئەو شوێنانەی ورمێ کە کاری تەبلیغاتی تیا کراوە بریتین لە:

فەلەکەی مودەرێس، ئاپادانا، جاددەی ئەنهەر، جاددەی ڕەجایی، شەقامی دانیشکەدە، شەهرەکی بێهداری، حەسار، ئەلواج، ئیسلام ئاوا، تەرزیلو، ئابیاری، شەهرەکی دانیشکەدە، شەهرەکی ئیسار، شەهرەکی شەهریار، دەوروبەری کەلانتەری ١٤و ترمینالی دووخانیات

ئەو شوێنانەی شاری ماکو کە کاری تەبلیغاتییان تیا کراوە بریتین لە:

قوتابخانەی کچانەی ماکۆ، دەوروبەری تیپی ماکۆ، میوانخانەی وەزارەتی ئیتلاعات، زانکۆی ئازادو بازاڕچەی ماکو (سایتی ماکو)

* بۆ ڕێزگرتن لە یادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا بەدەستی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو لە ناوچەی ورمێ بەتایبەت مەرگەوەر لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا فیلمی ژیاننامەی شەهید دوکتور قاسملوو، تراکت‌و دروشمی حیزبییان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

گوندەکانی: زێوە، ئۆردووگای زێوە، گردوان، ژاراوا، دزەی مەرگەوەڕو جاددەی مەگەوەر بۆ ورمێ‌و گوندەکانی دەوروبەری

شیاوی باسە کە شارەدێی دزەی مەرگەوەر بەم بۆنەوە پارچەی ڕەش لەسەر پاساژی گەیلانی‌و وێستگەی ماشینەکاندا هەڵواسرابوو کە لە لایەن خەڵکەوە ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرا.

## شنۆ

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری شنۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤، بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی, لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا پەیامێك کە تێی‌دا بەم بۆنەوە لە خەڵکی بەشەرەفی کوردستان سەرەخۆشی کرابوو و هەروەها ئەم کردەوە تیرۆریستی‌یەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرابوو، لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

شەقامی بەناو ئیمام، مزگەوتی جامیعەی شنۆ، گەڕەکی پشت مزگەوتی جامعە، پشتی ترمینالی ورمێ, سەلیم ئاوای سەرێ‌و دەوروبەری هونەرستانی کچانەی شەرەف

## پیرانشار

شەوی ١٣٨٤/٤/٢٨، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری پیرانشار لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا دیوارەکانیان بە دروشمەکانی "سڵاو لە شەهیدانی سەرکردە پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی"، "سڵاو لە ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ڕێگای قاسملوو"، "مەرگ بۆ خامەنەیی"و "بژی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" ڕازاندەوە.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتییان تیا کراوە بریتین لە: ترمیناڵ‌و دەوروبەری، گەڕەکی فەرهەنگیانی ١، مەیدانی سیگاران، فەرمانداری‌و شەقامی بەناو بێهێشتی

## ناوچەی هەوشار

بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، شازدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەری مەزن‌و شەهیدی نەمر، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی, ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی لە ناوچەی هەوشاردا، وێنەی دوکتور قاسملوو و تراکت‌و بڵاڤۆکی حیزبییان بڵاو کردەوەو هەروەها دیوارەکانیان بە نووسینی دروشمی جۆراوجۆر سەبارەت بە ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی تیرۆری نامرۆڤانەی دوکتور قاسملووەوە ڕازاندەوە.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتی تیا کراوە بریتین لە:

لە شاری ساین قەڵا: باخی پیشاهەنگی، فەلەکەی نووری‌و هەروەها گوندەکانی باغی خواروو، باغی سەروو و قۆزڵوو

## ناوچەی شامات

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و ڕێبوارانی ڕێگای شەهید دوکتور قاسملوو لە ناوچەی شاماتی مەهاباد بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئوتریش‌دا لە شەوەکانی ٢١و٢٢و٢٣ی پووشپەڕدا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان لە جۆری بڵاوکردنەوەی تراکتە حیزبی‌یەکان کە ئارمی حیزب‌و وێنەی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد‌و دوکتور قاسملووی لەخۆ گرتبوو و هەروەها وتەو ڕێنوێنی‌یە بەنرخەکانی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو و دروشمی حیزبییان لەم گوندانەی خوارەوەدا بەڕێوەبرد:

بەفراوان، قەڵاحەسەن، گزڵان، قزقەڵا، وەیس ئاوا، گەنج ئاوا، تازەکەند، خێرئاوا، حاجی‌حەسەن، ئەرمناك، دێی مەنسوور، مەرجان ئاوا،جەعفەر ئاوا، تەلخاب‌و گردەقوڵ

شایانی باسە کە ئەم چالاکییانە لە ڕەوشێك‌دا بەڕێوەچوون کە جاش‌و پاسدارەکانی ڕێژیم ماوەیەکە بە شەوو بەڕۆژ ناوچەکەیان خستۆتە ژێرچاوەدێریی خۆیانەوەو بەم دواییانەش لە چەند شوێن‌دا بۆسەیان ناوەتەوە.

❋❋❋

# کۆتایی هاتنی دەورەی ١٦٨ی سەرەتایی پێشمەرگە

ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٤ کۆمەڵێك لاوی ئازادیخوازی گەلەکەمان دوای تەواو کردنی دەورەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی بە فەرمی بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی. بەم بۆنەیەوە ڕێورەسمێکی تایبەتی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی بە بەشداریی بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسی، بەرپرس‌و مامۆستایانی فێرگە، بەشدارانی دەورەی ١٦٨و کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە بنکەی فێرگە بەڕێوە چوو ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی‌و دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگرتن بە نیشانەی ڕێزنان لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد. بەشوێن ئەودا کاك تەیموور مستەفایی, ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب, وتەیەکی پێشکەشی بەشداران کرد. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای ئاماژە بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری وتی: "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزی خۆیەوە لە جەرەیانی هەڵبژاردنەکان دا هەوڵی دا ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. جارێك بە تەمیع، جارێك بە تەهدید". ئەو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وتی: "دەلیلی هەڵبژاردنی ئەم شەخسە تیرۆرویستە بۆ سەرۆك کۆماری لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئەوەیە کە ڕێژیم دەزانێ وەزعیەت‌و شەرایەتی جیهانی‌و ناوچەیی بەرەو ئەوە دەچێ کە دەبێ ڕێژیم یەك دەست بێتەوە کەوابوو مەجبوورە کەسێك بێنێ کە لە چوارچێوەی فکری ویلایەتی فەقیه دا بگونجێ‌و لەگەڵ ویلایەتی فەقیه دا هەماهەنگ بێ، هەربۆیەش مەحموودی ئەحمەدی نەژاد چیهرەیەکە کە ڕێژیم هێناویەتی بۆ یەك دەست کردنی خۆی". بەڕێز مستەفایی لە کۆتایی قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە زانین‌و ئاگاهی یەکێك لەو شتانەیە کۆمەك دەکا بە باشتر بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان.

ڕێورەسمەکە بەو بڕگانە درێژەی کێشا کە بریتی بوون لە گۆرانی، شێعر، ڕاپۆرتی ئامووزشی، تەك نەوازیی دەف، پەیامی بەشدارانی دەورە، دابەش کردنی خەڵات بەسەر دوو دەستە لە سەرکەوتووانی دەورەو وتارێکی سیاسی، پەخشانێك‌و ئاخرین برگەی ڕێورەسمەکەش, لە لایەن بەشدارانی دەورەکەو بە هاوکاریی کۆڕی هونەری بەڕێوە چوو. جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە حاڵێك دا دەورەی ١٦٨ جەژنیان گرت ماوەیەکی دیکە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرەو شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی خۆی دەچێ‌و جێگای شانازی‌یە کە هیچ کات لاوانی گەلەکەمان ڕیزەکانی خەباتیان خاڵی نەهێشتۆتەوەو بەردەوام‌و دەورە بە دوای دەورە فێرگە شانازیی پەروەردە کردنی لاوانی کوردستان‌و ڕەوانە کردنیان بۆ نێو ڕیزەکانی خەباتی پێ‌بەخشراوە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێك لە ناوەندیی ٣ی کوردستان بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملووەوە

بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە ناوەندی ٣ی کوردستان بە بەشداریی شاندێکی پایەبەرزی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە، لێژنەی ناوچەی بەرانەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد.

پاشان پەیامی ناوەندی ٣، لە لایەن هاوڕێ کاك محەممەدساڵح قادری، بەرپرسی ناوەند پێشکەش کرا کە تێی‌دا ئاماژە بە کارەساتی ڤیەن، بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات‌و چەندین تەوەری دیکە کرابوو. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە لە لایەن بەڕێز کۆڤان ئامەدی‌یەوە پێشکەش کرا کە تێی‌دا تیشك خرابووە سەر گرینگی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە جووڵانەوەی خەڵکی کوردستانداو... .

دواتر پەیامی لێژنەی بەرانەتیی پارتی کە لە لایەن بەڕێز تەیب زەرار عەبدولڕەحمانەوە نووسرابوو خوێندرایەوە کە تێی‌دا یادی دوکتور قاسملوو وەك ڕێبەری جووڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و کەسایەتی‌یەکی دیپلۆماتیك‌و خەباتگێڕ، بەرز نرخێندرابوو.

هەروەها لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرانەوە.

کۆتایی‌هێنەری ڕێوڕەسمەکە داگیرسانی شازدە مۆمی ڕێزلێنان لە یادی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو و خوێندنەوەی سروودی شۆڕشگێڕانەو پەخشان‌و نمایشکردنی شانۆ بوو کە لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

# سەردانی هەیئەتی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٤/٢٩ی هەتاوی، ٢٠ی ژووئیەی ٢٠٠٥ی زایینی، هەیئەتێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان:

سەعد سوڵتان، ڕاوێژکاری قانونی مساعد لە وەزارەت

٢ـ ئەحمەد عەبد غانم, ٣ـ ئەیسەر محەممەد خەلەف لە وەزارەت

سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن بەڕێز کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی ڕەسمی‌دا باسێکی سیاسی لەسەر ڕەوش‌و بارودۆخی کوردە ئاوارەکانی ئێرانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان کراو ئاماژە بە پێویستیی هاوکاری‌و یارمەتی گەیاندن لە لایەن ڕێکخراوە خزمەتگوزارییەکان‌و بەتایبەت دەورو نەخشی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە عێراق کرا.

پاشان بەڕێز کاك محەممەد نەزیف قادری ڕیپۆرتاژێکی لەسەر کوردە ئاوارەکان پێشکەش کردو داوای کرد بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی ئەم پەنابەرانە بکەن‌و بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕی‌یەکانیان هەوڵی جیددی بدەن.

وەڤدی میوانیش ڕاگەیشتن بە چۆنیەتیی ژیانی ئاوارە کوردە ئێرانی‌یەکانی بە یەکێ لە ئەرکەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەقەڵەم داو لەو پێوەندی‌یەدا بەڵێنیان دا هاوکاریی کوردە پەنابەرە ئێرانی‌یەکان بکەن.

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

# ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئورووپا لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێران دایە

## هەڤپەیڤینی بەڕێز کاک مستەفا هیجری لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئاکی"ی ئیتالیا

**سەرکەوتنی "مەحموود ئەحمەدی نەژاد" بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریی ئێران چەند پرسیارێکی لە نێو ناوەندە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەو جیهاندا وروژاند، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووە ڕووداوێکی کوتوپڕی چاوەڕواننەکراو بۆ زۆربەیان. بەڵام لە بەرامبەردا ئەم ڕووداوە بۆ یەکێك لە دیارترین حیزبە ئێرانییە بەرهەڵستکارەکان کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەو بە ڕەسەنترین حیزبی بەرهەڵستکاری ئێرانی دادەنرێ، چاوەڕواننەکراو نەبوو.**

**ئەوەی کە زۆر جێگای سەرسووڕمان بوو، ئەوە بوو کە سەرکردەکانی ئەم حیزبە شادی دەردەبڕن بە سەرکەوتنی "ئەحمەدینەژاد"ی توندڕەو بۆ ئەم پۆستە. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, بەڕێز "مستەفا هیجری" لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ ئاژانسی "ئاکی" ئیتالیایی, لە بارەگای خۆی لە نزیك شاری کۆیە، تیشکی خستە سەر ئەم پرسە.**

**مستەفا هیجری:** سەرکەوتنی "ئەحمەدینەژاد" بۆ ئەم پۆستە بۆ ئێمە زۆر باش بوو، دەشزانم تۆ لەم وتەیەی من سەرت سووڕ دەمێنێ، بەڵام دەمەوێ بۆت ڕوون بکەمەوە:

ڕەفسەنجانی دوو دەورە فەرمانڕەوایی ئێرانی کردووەو ئێرانییەکان زۆر باش شارەزای هەڵسوکەوتەکانی ئەون. کاتێ ئەو یەکێ لە دەسەڵاتدارە سەرەکییەکان بوو، شەڕی عێراق ـ ئێران ڕووی داو، هەر لە سەردەمی ئەویشدا بوو کە کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران تیرۆر کران. هەر لە سایەی ئەودا بوو کە پرۆژەی خەفەکردنی ڕۆشنبیران پەرەی سەندو جیابیرانو بەرهەڵستکاران لە سێدارە دران. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا، وڵاتانی ئورووپایی بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ئێراندا، پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد کە گوایە ئەو پیاوێکی ریفۆرمیستو پراگماتیستە. هەر بەپێی ئەم شانۆسازییەش بوو کە ئەوان بۆ پاراستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان، لەم هەڵبژاردنەی دواییشدا، بەلای ئەودا دەیانشکاندەوە.

بۆیە هۆی شادمانیمان لە سەرکەوتنی "ئەحمەدینەژاد" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بواری مانۆڕی ئەوان لەگەڵ بەرپرسە سیاسییەکانی ئێراندا تەنگ بۆتەوە. ئێستا ئەحمەدینەژاد سەرکۆمارەو خۆی بە ڕوونیو ئاشکرا بانگەشە بۆ سیاسەتێکی رادیکاڵ دەکا. کەواتە چیتر بواری مانۆڕی سیاسی نەماوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، پێم وایە هەر بەو هۆیەوەیە کە بوونی پیاوێکی توندڕەوی وەك "ئەحمەدینەژاد" لە لووتکەی دەسەڵاتی ئێراندا لە بەرژەوەندیی ئێمە دایە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نە ڕەفسەنجانیو نە ئەحمەدینەژادو نە هەر کەسێکی دیکە لەو پۆستەدا سەلاحییەتێکی ئەوتۆی نیە، چونکە دەسەڵاتی واقیعی لە ژێر ڕکێفی "ویلایەتی فەقیە"دایەو سەرۆکی دەوڵەت دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە. بۆ نموونە ئاغای خاتەمی گەلێ دروشمی ریفۆرمیستانەی بریقەداری بەرز کردەوەو بەڵێنییەکی زۆری دا لە پێوەندی لەگەڵ پێکهێنانی گۆڕانگاری لە ئێراندا، بەڵام لە ئاکامدا دەسەڵاتی "وەلیی فەقیە" بوو بە بەربەستو نەیتوانی هەنگاوی بەرەو پێش بنێ. لەبەر ئەوەی هەڵوێستی توندڕەوانەی ئەحمەدینەژاد زۆر ڕوونە، دەتوانێ لە بواری نێودەوڵەتیدا سوود بە کێشەی ئێمە بگەیەنێ، چونکە ئەم سەرۆکەی ئێستای ئێران یەکێك بووە لە فەرمانەدەکانی ئەو گرووپە تیرۆریستییەی کە ڕێبەری مەزنی حیزبەکەمان "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو"ی شەهید کردو ئەو ڕووداوەش لە یەکێك لە خولەکانی بەناو وتووێژ لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش ڕووی دا.

**ـ ئەم وەڵامە ئاژانسی "ئاکی" هان دا تا ئەم پرسیارە لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بکرێ، سەبارەت بە ترسناکیی ئەم کەسایەتییە دژ بە کوردەو کاریگەرییەکانی لەسەر کێشە نەتەوەییەکانو کارتێکردنی لەسەر داهاتووی بەرهەڵستکارە ئێرانییەکان:**

**مستەفا هیجری:** هەر لە بنەڕەتدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دان بە بوونی کێشەیەك بە نێوی "کێشەی کورد" لە ئێراندا نانێنو ئەوان هەمیشە درێژەیان بە سیاسەتی سەرکوتو چەوساندنەوەی شۆڤینیستانە دژی گەلی کورد داوە، کەواتە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەو پێوەندییەدا ڕووی نەداوە، نە لە پێوەندی لەگەڵ ئێمەداو نە بۆ گەلانی دیکەی بندەستی ئێران. گەلانی ئێران دەیانەوێ سەربەستو ئازاد بژین، بۆیە بوونی هەر سەرکۆمارێك لە ژێر ئوتوریتەی "وەلیی فەقیە"دا ناتوانێ هەنگاوێکی پۆزەتیڤ بهاوێ، هەموو کاربەدەستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوەکانی بندەستو کەمایەتییەکانی ئێراندا چونیەکنو جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نیە.

بە بۆچوونی ئێمە دیاریکردنی مەحموود ئەحمەدینەژادی توندڕەوو بناژۆ ڕوونترین بەڵگەیە کە ئاماژە بە قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانانە دەکات کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پێوەی دەناڵێنێ. ئەم قەیرانانەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قووڵتر دەبنەوە، هەم لە ئاستی نێوخۆییو هەم لە بواری نێونەتەوەییدا.

لە ئاستی نێوخۆییدا، سەرکوتی هەموو ئازادییەکان لە لایەن ڕێژیمەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەلانی ئێرانو ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا لەیەکدی دادەبڕێ. وابزانم گەلانی ئێرانو ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا ئەوەندە لەیەکدی دابڕاون کە ئاستەمە ڕێکارێك بۆ نزیکبوونەوەیان بەدی بکرێ، چونکە "کات" بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەسەر چووە. هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، ڕێژیم کۆمەڵێك کێشەی گەورەی لەگەڵ وڵاتە بڕیاردەرەکانی جیهاندا هەیە کە گرنگترینیان بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانەو دواتر تیرۆریزمو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤـو سەرکوتی ئازادییەکان لە ئێراندا. لە ژێر فشاری ئەو قەیرانانەدا، حکوومەت بەپێی ڕوانگەی ئاخوندەکان، دەیەوێ هەموو ئەهرومەکانی دەسەڵات لە خۆی شەتەك بدات، ئالێرە دایە کە ڕێژیم پێویستی بە پیاوێکی توندڕەو هەیە تا بە توندی ئازادییەکان سەرکوت بکاتو توندوتیژی بگەیەنێتە چڵەپۆپەی خۆی. ئەمەش پرۆژەی ڕێژیمە بۆ ئەو قەیرانانەی کە بەربینگیان پێگرتوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەیانەوێ هەموو باڵەکانی دەسەڵات یەك بخەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان.

هەروەك بینیمان لە دوایین هەڵبژاردنەکانی پارلمان دا، ریفۆرمیستەکان وەلانران تا ڕێگا بۆ گەڕانەوەی توندڕەوەکان بۆ سەر کورسییەکانی پارلمان خۆش بکرێو لە پاڵ ئەوەشدا دەزگای دادوەریش بۆتە دەستگایەکی سیاسی بۆ سەرکوتی ئازادییەکان بە فەرمانی وەلیی فەقیە. بۆیە تەنیا دەسەڵاتێك کە بەدەست ریفۆرمیستەکانەوە مابۆوە، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بوو، ئێستاش بە هەڵبژاردنی ئەحمەدینەژاد هەموو دەسەڵاتەکان کەوتۆتە دەستی کۆنەپارێزە توندڕەوەکان. ئەحمەدینەژادیش ئەو پیاوە نەناسراوە بوو کە گوێلەمستی ویلایەتی فەقیە بووو تەنیا پیادەکردنی فەرمانەکانی ئەوی دەزانیو هیچیتر. پێموایە، هۆی سەرەکیی پاشگەزبوونەوەی ڕێژیم لە ریفۆرمی دەوڵەتی لە بوارە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ترسو نیگەرانیی ڕێژیم لە پرۆژەی ئیستراتیژیکی "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە".

پێویستە لە یادمان نەچێتەوە کە لە یەکەم لێدوانی سەرۆکی نوێدا، ئەحمەدینەژاد پێی لەسەر ئەوە داگرت کە گرنگترین کاری ئەو، پەرەدان بە شۆڕشی ئیسلامییە لە جیهاندا، ئەمەش بە مانای گەڕانەوەی ڕێژیم بۆ تێزی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە. ئەحمەدینەژادیش بۆ خۆی توندڕەوترین کەسە لە باڵـی توندڕەوو پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران دا.

**"ئاکی" پرسیار لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات: ئایا ئەمە بە مانای گەڕانەوە بۆ دواوەیە؟ واتە دیسان هەوڵدان بۆ شڵەژاندنی باری ئاسایشی ناوچەکە لە ڕێگای هەڕەشەو گوڕەشە لە فۆرمی ناردنەدەرەوەی شۆڕش دا؟**

**مستەفا هیجری:** دەمەوێ لێرەدا قامك بۆ ئەو ڕاستیە درێژ بکەم کە ڕێژیمی ئێران هیچکات لە ڕووی تیئۆریکەوە لە بۆچوونی ناردنەدەرەوەی شۆڕش، پاشگەز نەبۆتەوە. هەمیشە کاریان بۆ ناردنەدەرەوەی شۆڕش کردوە، بەڵام فۆرمەکەی بە گوێرەی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هاتوە.

بۆ نموونە، ڕێژیم یارمەتی "حیزبوڵڵای لوبنان"و "بزووتنەوەی ئەمەل" دەداو دەست دەخاتە کێشەی فەلەستینەوەو ئەو ڕێکخراوە فەلەستینیانە بەهێز دەکات کە دژی پلانی ئاشتیی عەرەب ـ ئیسرائیلن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پشتیوانییەکی بێئەملاوئەولا لە هێزە تیرۆریستییەکانی نێو عێراق دەکات، هەر لە گرووپی "ئەنساروسوننە"وە بگرە تا گرووپی تیرۆریستیی "ئەلقاعیدە". ڕێژیم بۆ هەموو ئەوانە بە شێوەی جۆراوجۆر ئاسانکارییان بۆ دەکات، هەموو ئەم کردەوانەش ئەوە دەردەخەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران, هیچکات دەستبەرداری سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی نەبووە. کەواتە قسەکانی ئەحمەدینەژاد لەو پێوەندییەدا شتێکی نوێی تێدا نەبوو بە بیروڕای ئێمە. واشبزانم، خودی مانەوەی ڕێژیمیش لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە برەوپێدانی ئەو ئایدۆلۆژییە توندڕەوەوە.

**پ: لە وتەکانتدا ئاماژەت بە پشتیوانیو یارمەتیی بێسنووری ئێران کرد بۆ گرووپە تیرۆریستییەکانی عێراق، بەڵام ئەوان ئێستا بە توندی پشتی حکوومەتی "جەعفەری"یان گرتوە، ئایا بە ڕای ئێوە ئەمە پێچەوانەی وتەکانت نیە؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر، هیچ ناتەبایییەك نابینرێ، حکوومەتی "جەعفەری" حکوومەتێکی شیعەمەزهەبە، مەبەستی ئێرانیش لە ناردنەدەرەوەی شۆڕش، هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی چەند حکوومەتێکی شیعەمەزهەب لە ناوچەکەدا بە مەرجێ سەر بە "ویلایەتی فەقیە" بن. واتە گەورەترین ئارەزووی ڕێژیمی ئێرانیش ئەوەیە کە هێزە شیعەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بگەنە دەسەڵاتو بۆ ئەو مەبەستەش، ئێران ئامادەیە هەموو چەشنە یارمەتییەك پێشکەش بکات بۆ هەر دەستەو تاقمو کەسێك کە کار بۆ ئەو مەبەستە بکات.

**پ: کەواتە، بەڕێزت واتێدەگەیت کە سەرکەوتنی "ئەحمەدینەژاد" هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ عێراق؟**

**مستەفا هیجری:** بێگومان، "ئەحمەدینەژاد" هەڕەشەیە بۆ سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە، نەك هەر عێراق بەتەنیا، چونکە کاربەدەستانی ئێران دژایەتیی قووڵـی خۆیان دژی ئازادیو دێموکراسیو مافەکانی مرۆڤـ نەشاردۆتەوە، بەڵکوو بە ئاشکرا باسی لێوە دەکەنو لە سیاسەتو کردەوەکانیشیاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. هەر بەو هۆیەشە کە ناتوانن پرۆژەی ناسراو بە "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە"ی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا قبووڵ بکەنو بەکردەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆیە ئێران یەکێك لەو وڵاتە گەورانەیە کە بێئەملاوئەولا دژایەتیی ئەم پرۆژەیە دەکات، ئەوان دژی ئارامیو هێمنین لە ئەفغانستاندا، دژی براکوردەکانمانن لە عێراقداو دەخوازن کە کوردەکان چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە نەگرن. ئەوان چاوی دیتنی نزیکبوونەوەی کوردەکانیان نیە لە مافە نەتەوایەتییەکانیان. هەموو ئەمانە ڕێژیمی ئێرانیان شڵەژاندووەو کاربەدەستانی ئێران بە هەموو تواناوە کار دەکەن بۆ لەباربردنی هەموو ئەو گۆڕانکارییە دێموکراتیکانەی کە لە ناوچەکەدا هاتوونەتە ئاراوە.

**پ: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران چ بەرنامەیەکیان بۆ داهاتوو هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە تا هەرەسهێنانی یەکجارەکیی ئەو ڕێژیمە، درێژە بە خەبات دەدەین. ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کە شەقامی ئێرانو بیروڕای گشتیی خەڵك ئامادە بکرێ بۆ پێشوازیکردن لەو گۆڕانکارییانەی کە بەڕێوەن. چەند مانگ لەمەوپێش کۆبوونەوەیەکی گرنگمان لە "لەندەن" پێك هێنا لەگەڵ نوێنەرانی گەلانی ئێراندا, لەو کۆبوونەوەیەدا هەشت حیزبی کاریگەر ئامادە بوون بە نوێنەرایەتی لە گەلانی کورد، ئازەری، عەرەب، بەلووچو تورکمەن. لەو کۆنگرەیەدا لەسەر دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵـی کە تێیدا هەموو گەلان بە مافە نەتەوایەتییەکانیان شاد بنو ڕێز لە دێموکراسیو مافەکانی مرۆڤـ بگیرێ، ڕێککەوتین. ئەم کۆنگرەیە ئێستا لە دەرەوەی وڵات خەریکی تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ئاماژەم پێکردن.

**پ: ئایا ئەمە هەر هەمان سیناریۆی عێراقە کە دووبارە دەبێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە هیچ گومانێکمان لەوە نیە کە گۆڕانکاری لە ئێراندا بەڕێوەیە، بەڵام مەرج نیە ڕاست بەو چەشنە بێت کە لە عێراقدا ڕووی دا، واتە لە ڕێگای لەشکرکێشیو داگیرکردنی وڵاتەوە، پێموایە ئەگەر ئێمە بتوانین پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەدەست بێنینو، ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن یەکبخەین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا زۆر بێهێز بووە، گەلانی ئێران دەتوانن لە ناوەوڕا ئەم گۆڕانکارییە بەدی بێنن.

**پ: وادیارە هەلێکی لەبار ڕەخساوە بۆ وەدیهێنانی ئەم کارە، هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئەمریکا بەڵێنیدا کە پشتیوانی لەو هێزانە دەکات کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن، بەڕێزیشت باست لە بەرەیەك کرد کە هەموو ئەو هێزە بەرهەڵستکارانە بگرێتەخۆی کە نوێنەرایەتیی گەلانی ئێران دەکەن، ئایا ئێوە ئامادەن بۆ ئەم مەبەستە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکادا بکەن؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە بەرنامەیەك بۆ گۆڕانکاری پێشکەش دەکەین، چ وەك حیزبو چ وەك بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن، ئەوجا ئەگەر ئەمریکا یان دەوڵەتەکانی یەکیەتیی ئورووپا بیانەوێ پشتیوانی لەو بەرنامەیە بکەن، ئێمە ئامادەین سوود لەو پشتیوانییە وەرگرین، تەنیا بەو مەرجەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ئێرانییەکاندا بێ. ئێمە پێشوازی لە هەنگاوەکانی ئەمریکا دەکەین بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ناوچەکەداو ئێمەش خۆمان بە بەشێك لەو ئاڵوگۆڕانە دەزانینو هەروەها هێزێکین کە لە بەرەی دژی تیرۆر داین. ئەگەر لەو چوارچێوەدا کە ئاماژەی پێکرا، یارمەتیدەرێ بێتە مەیدانەوە، ئێمە ئامادەین لەگەڵـیدا هاوکاری بکەین. ئەوەی لەم پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە بەداخەوە هەڵوێستی هەندێك لە دەوڵەتە ئورووپاییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا نایەتەوە. هەرکاتێك ئەمریکا پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر ئێران، ئورووپاییەکان دڵنەوایی ئێران دەکەینو پشتیوانیی لـێدەکەن. بۆ نموونە، هەرکاتێ کە ئەمریکا گەمارۆی ئابووری لەسەر ئێران تەنگ دەکاتەوە، بە پەلە ئورووپاییەکان کار دەکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو بەوپێیە، یەکنەگرتنەوەی هەڵوێستو سیاسەتی ئەمریکاو ئورووپا بەگشتی لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران دایە. ئەگەر هەردوولا یەك هەڵوێستیان بەرامبەر ئێران هەبێت، ئەوا ڕێژیم بە ئاسانی ناتوانێ خۆی لەو قەیرانانە دەرباز کات کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەنگیان پێهەڵچنیوە، هەروەك بینیمان لەم ماوەیەی دواییدا لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکانی ئێراندا، کاتێك هەڵوێستی ئەمریکاو ئورووپا یەکیان گرت، ئێران ناچار بوو گوێڕایەڵـی بکاو ملی بۆ ڕاکێشێ. هەرچەند هەڕەشەو گوڕەشەی زۆری دەکرد کە گوایە واز لە وتووێژەکان دەهێنێت، بەڵام لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەمریکاو ئورووپادا نەیتوانی خۆی بگرێ.

**پ: ئایا ڕێژیم داوای وتووێژی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە بەردەوام لە لایەن ڕێژیمەوە پەیامی وتووێژمان بۆ دێت، بەڵام ئێمە دەزانین کە کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە وتووێژ نیەو هیچکات ئامادە نیە داواکارییە نەتەوەییو دێموکراتیکەکانی ئێمە جێبەجێ بکات، چونکە مافە نەتەوەییو دێموکراتیکەکان لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی ئەو ڕێژیمەدا لە ناتەباییەکی تەواو دایە. ئێمە نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە بە ناوی وتووێژەوە گورزی گرانمان لـێدراوە. نابێ ئەوە لەیاد کەین کە ڕێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر لەسەر مێزی بەناووتووێژ تیرۆر کران. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە باوەڕمان بە ڕێگاچارەی ئاشتیانەی پرسی کورد هەیە، هەرچەند لەوەش دڵنیاین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو ڕێژیمە نیە کە بتوانێ لە ڕێگەی وتووێژەوە پرسی کورد لە ئێراندا چارەسەر بکات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوەندە ئیدئۆلۆژیکییەی ڕێژیمی ئیسلامی. بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین هەرکاتێ ئەوان هەوڵـی دانووسان بدەن، لە پشتی پەردەوە بەشوێن پیلانێکدا دەگەڕێن تا دەستمان لـێسرەوێنن.

**ئاکی:** بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتایی ئەم دیدارەدا، باسی لەوە کرد کە حیزب تووشی هیچ پاڵەپەستۆیەك نەبووە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بە سەرۆکایەتیی "جەعفەری"و داوایان لـێنەکراوە کە چالاکییەکانیان بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی عێراق.

**تێبینی: ئەم هەڤپەیڤینە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی**

**سەرنووسەر: "جوز ماررا"**



**کۆیە: شێرزاد شێخانی، ٢٩ی حوزەیران (یونیو) ئاژانسی "ئاکی" بۆ هەواڵەکان:**

## پێشکەشە بە گیانی پاکی سەرکردەی زانا و مەزنی نەتەوە
## د. عەبدولڕەحمان قاسملوو

# هەواڵی خەم

شێعر: ئەنوەر سوڵتان پەناه

گەردەلوولی هەواڵێکی ژان و ماتەم
لە ڕۆژئاوا بەرەو زێدی فرمێسك و خەم
دەشت و دۆڵ و هەردی بڕی
کە گەیشتە سەر یەکەمین لووتکە شاخی ناوچەی دێرسیم
سەدان گوڵی پارێزەری شان و شەرەف
لە شەپۆلی چۆمی مونزوور
مونزووری نامۆی خۆرەتاو
ئەستێرەی گەش تێیدا خنکاو
چاوی خەمناکیان هەڵبری
مونزوور گوتی:
گەردەلوولی هەواڵی خەم
پەیام هێنی پرسە و ماتەم
لەسەر گۆڕی عەلیشێر و سەید ڕەزا ئیستێ بگرە و باڵی هەواڵ لە خوێن وەردە
کە گەیشتیە چیای قەندیل
هۆبەی پرسەی چارەی ڕەشم
لەگەڵ کسپەی کۆستێ تازەی هەر چوار پارچەی کوردستانی مەینەت بەشم
لەداوێنی قەندیل هەڵدە
گەردەلوولی باڵا ڕەشپۆش
خەم داگرتووی دەروون پەرۆش
پێش تاریك بوونی ئێوارە
خۆی گەیاندە دیاربەکر
شاری شەهید، شاری فواد و شێخ سەعید
شاری پیلان و سێدارە
دیاربەکر هاواری کرد:
گەردەلوولی دەردو ماتەم
منیش لێرە چەندین ساڵە
پسپۆرانی زوڵم و ستەم
گوڵی سووریان پێ پەست کردووم
ئازادیان بەربەست کردووم
خۆریان کشتووم
خوێنی ئەستێرەیان ڕشتووم
پیرەداری گۆڕەپانم چەندین ساڵە
دایکێکی ڕۆڵە کوژراوە
شنەی شادی لێ تۆراوە
چونکە بالای ڕۆڵەکانی
بە پەلکەی خۆی هەڵواسراوە
با ئەو دارە بە ئازارە داری ئالای کۆتەلی سووری سەرکردەی کوردستانی مەینەت بار بێ
ئەو ئالایە لەسەر لووتکەی چیای قەندیل وەها هەڵدە ـ با بەرزان و سلێمانی و ڕەواندز و شاری بۆتانی لێ دیار بێ
گەردەلوولی هەواڵی خەم هەر دەهات و ڕێگای ئەبری

هەر ئەو ڕۆژە ئەو ئێوارە خۆی گەیاندە چیای ئاگری
ئاگری گوتی: هەواڵی خەم!
نامەی پرسەم لە دەروونی برینداری بە خوێنی سوور گوڵگوڵمەوە
لە یاتاغگەی ڕەوەی بەوری ئارام گرتووی نێو دەرونی بە کوڵمەوە
لەگەڵ بارگەی ئێشی سەخت و دەردی سەریم
بۆ هەوارگەی قەندیل یەرە
با منیش وەك هەموو شاخ و بەندەنێکی ئەم وڵاتە
لەنێو جەرگەی خەمبارانا
بۆ کۆستی نوێی کوردستانی بەشکراوم
بە کوڵ بگریم، بە دڵ بگریم
ئێوارە بوو!
یەشتا شەمزین چەتری شەوی لەسەر سەری هەڵ نەدابوو
چاوی مەستی گوڵە هێرۆی ناوچەی خەمباری هەکاری نێشەی خەوی تێ نەزابوو
ئێوارە بوو!
بە خوێنی سوور تازە سوور بووی لێوی ئاسۆ
هەواڵی خەم بە واژباڵی لای دا گەردی سەر گۆڕی پیرۆزی سمکۆ
ئێوارە بوو!
یەشتا تەرمی زەردی هەتاو بۆ گۆرستانی شەو نەبرابوو
تاك و تەراك شەمی کزی ئەستێرەکان لە ترۆپکی لەندی شێخان هەڵ نەکرابوو
دە ستی لاوازی دوا گزینگ بسکی بەژنی تاقەداری مەهابادی بەر نەدابوو
ئەم هەواڵە بەئازارە
لە ماکۆوە تا بێستوون و دالاهۆ
زامی کۆنی چوار نیکاڵی کوردستانی هێنایە سۆ
منیش لێرە لە شاری یازدە ئەستێرە
ویستم هەموو ئاسمانی شین
وەکوو دەسرەی ئازیەتی و شین
بدەم بەسەر بووکی خەما
ویستم ئەوەی باخی سەوز و کێڵگە و کانین
بتاسێنم لە دووکەل و تۆزو تەما
ویستم ئاوی زرێبار و وان و ورمێ
لەچاوی تاقە دێرێکی شێعری خەفەت دا بڕێژم
ویستم لە وەرزی بەهارا
تەرمی هەموو گوڵاڵەکان
نیگای گەرمی گشت نێرگزە چاو کاڵەکان
لە گۆرستانی پەژارە بەدەست بولبول بنێژم
ویستم باسی تینی تیشك و ڕەنگی هەتاو
لە دەروونی تەم داگرتووی بێ ئۆقرەمدا بخنکێنم
لەنێو دڵی دڵدارانی شاخەوانی و نەترسیدا
گەردە لوولی تەم گرتوو بم
دەنگی هۆرە و لاوك و قەتار دامرکێنم
ڕەوتی مێژوو بوەستێنم

لەدڵما بوو لەمەولاوە
دەستی وشەی ئازیەتباری لەبەر ئەژنۆی هۆنراوەکان گرێ دەم و شێعرم
شێعری داماوی بێ
لەسەر لێوی دڵنیای
دوا ترووسکەی هیوای پیرۆز بەر داهاتوو بخنکێنم و بەستەکانم هەموو
بەستەی خەماوی بێ
بەڵام دیتم لە نەکاوێ
ئەستێرەیەك بە ئاسمانی کوردستانا ڕاست ڕاخوشا
گەش و ڕووناك لێم بوو بە گیانی پێشەوا
ئەستێرەی گەش پێش ئاوابوون لە زەردەکۆ وا هاتە گۆ:
بۆ ئاوات و ئامۆژگاری مامۆستای ژیرتان لەبیر چوو
چما نەیگوت:
پاداشتی شیاو بۆ شەهید
نە فرمێسك و دەستە وەستان و گریانە
ئەوەی ئەوانی پی شاد بێ
درێژەدان بە ڕێبیر و ڕێگایانە
بۆ نازانن!
برینی سینەی سەرکردە میداڵیای سەرکەوتنە
ڕەمز و ڕازی خونچەی هیوا پشکوتنە
چونکە بە پێی یاسای سروشت
داری ئازادی و سەربەستیش
وەکوو هەموو دارێ بەری دوای گوڵ پشکوان میوە ئەگرێ
دڵنیا بن کوچی دوایی سەرداری گەل
هەر بە تەنیا کۆچی لەشە
ئاوێنەی ڕوونی ڕێبیر و ڕێنوێنی زانایانەی
لە ئێستاوە تا هەتایە
لە لاپەڕەی مێژوومان و خەبات لەڕێی ڕزگاریدا زیاتر گەشە
دەنگی دلێری پێشەوا لە چوار نکاڵی کوردستان
ڕچەی سامی بۆ شکاندین
تێکی داوی دژدامان و دەستەوەستانیی پساندین
بۆیە دیتم بە هەزاران پڵنگ و شێر
لە بێشەڵان و دارستان
دەستە دەستە هەڵۆی سووری باڵ خوێناوی
لەسەر لووتکەی چیا و کوێستان
ڕق و قینیان دەردەبری
زەرد و شاخی پارێزەری کوردستانیش
بەرز و سەرکەش ڕاوەستابوون
پڕ بە دڵی ئەشکەوتەکان
سروودی هەر مانیان ئەچری
بەم ئاوایە ئۆگرانی سەرفرازی نیشتمانم
پەیمانیان تازە کردەوە
وەك ڕابردوو ڕێبواری ڕێی شەهیدان و کێوی وەرە و بێ باکی بن
وەکو قەندیل وەکو ئارێز و پەرەژاڵ چاوەڕوانی دەرکەوتنی گەردەلوولی ڕووناکی بن
منیش لێرە لە شاری یازدە ئەستێرە بەڵێن بەڵێن
هەموو کات و سامە ساتێك
لە هەڵدێر و هەورازە ڕێ
لە ئاستەنگ و نەهاتە سال
بەرگێرەوەی گورزی دەستی کارەسات بم
شانی شێعرم لەژێر باری دژدامانا نەوی نەبێ و
بەرەو ڕووگەی سەرفەرازی سەر لە پێناوی وڵات بم.

## لەیادی دووهەمین ساڵەهاتی شەهید بوونی هاوڕێ ئیلهام میرزایی



دووپەیکی یادی هەڤاڵان
جانتای سەفەر بە پرچی سپی ئاویەر و جامێك ئاوی كانی شەفا و پەرداخێك بۆنی قەتارچیان و ئەلبومێك لە رۆژگاری خەباتی نهێنی نێو شەقام و كۆڵانەكانی سنە و كرماشان... ئاخ هاوڕێم.
وتت: هاوڕێ، هەستە، وادیارە ئاهەنگی شوومی پووتین و زرەی زنجیرەی جەلادەكان دێ..
هەستە با...كەشكۆڵێك لە تامەزرۆیی و MP3 یەك لە خۆشەویستیمان هەڵگرین و كوێستان بە كوێستان و بنار بە بنار، خەونە چوارچراییەكانمانی پێ بناسێنین... لە پێرلاشیزەوە ئیلهامێك بانگم دەكا... هاوڕێی ئازیز!
لەگەڵ ئەوەی بێستوون و دالاهۆ بە ئاویەرو سنەوە سەمایان دەكرد و ڕێبازی گەشی ناسیۆنالیزم بەناو خوێن ودەمارتاندا سەفەری ئەكرد، من ئەو كاتانە لە تاران بووم...
لەپڕ هەواڵی سەفەرم بیستن
ئاخ، بێ ماڵ ئاوایی رۆیشتن.. چ هەنگامەیەك، چ رەشەبایەك... دەوری تەنین، ئیلهام لەبەر دیدەی شەماڵەی ئاگری چاڵە نەوتەكانی كەركووك بێ ماڵ ئاوایی هاوڕێیانی بەرەو ئاسمان، بەرەو كۆیە سەفەری كرد.. ئاخ.. هاوڕێم!
پێش ئەوەی رۆژانی پیاسەكردنی ژیانی پێشمەرگایەتیان بگات بە مانگ، بگات بەسی بەر لەوەی "ئاسمان" بێ رەمزی هەموو لامان .. سەفەرت كرد... سەفەر... سەفەر ئاخ بە ٢١ پووشپەرەوە ئێستا لەسەر مەزاری تۆ لەباتی سەرجەم هاوڕێیانت ئامادەم و تاجە گوڵینەیەك دێنم و پەخشانە شێعرێك ... تا گۆشەیەك لە تەنیایی و "ئاسمان"ەكەت پڕ كەینەوە...
هاوڕێم !
دڵنیا بە هەر شورشگێرەكەی نیشتمانی بن دەستی و شانمان تامەزرۆی هەڵگرتنی تابووتی تۆی مەعشووقی هاوڕێمانە...
ئیزنم دەیە.. كاسێتێك گۆرانی سنە و جامێك ئەشكی چاوی هاوڕێیانت ئاراستە بكەم.. تۆ.. لە شاری پێشمەرگە و حاجی قادر میوانی گوڵ..
دڵنیا بە تابووتەكەت بە ئاڵای رەنگینی ئازادی دەرازێنین.. سبەی ١٦ هەمین یادی مامۆستای دێموكراسییە، یادت دەكەین، دڵنیا بە هەر هەموومان تێكەڵ ژینی هاوژینتین و بەدەم قەندیل و كۆساڵان، ئازیز و هەورامانەوە.. ئیلهامی هاورێ یادت دەكەین، یادت دەكەین.

**جەهانگیر غەفاری (ئاگرین)**
**كۆیە ٢٧٠٥/٤/٢١**

# مرۆڤ و زمانی شێوەكاری

**سۆران قوربانی**

ێویستی مرۆڤ بە "دەربڕین" (بیان) لە چوارچێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت، لەرێگەی شێعر، دەنگ (مۆسیقا) جووڵەی ریتمیك (سەما) و لە رێگەی وێنە (تەراحی و شێوەكاری).
ئەو نیازە هەر لە سەرەتاوە تا بە ئەمرۆ بۆ چارەسەری كێشەكان گەشەی كردووە و لەهەر یەك لە بوارەكان دا، وەك پێداویستیەك رێگەی خۆی پێواوە. بەڵام لە هیچ یەك لەو نموونانەی كە ئاماژەی پێ كرا، جگە لە شێوەكاری و زۆر جاریش حەجم سازی نموونەیەك وەك بەڵگە( سند) لە چاخەكانی بەر لە مێژوو (٧٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ پ.ز) بەجێ نەماوە تا وەكوو مرۆڤی هاوچەرخ بتوانێت كەلكی خۆی لێ وەربگرێ.
شێعر لەو بوارەوە كە بەستراوەیە بە هێڵی نووسین و مرۆڤ تا وەكوو ٧٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر نەیتوانی ئەو كارەی بپێكێت، نموونەیەك لە شێعری مرۆڤی سەرەتایی لەدەست دا نیە. لەهەمبەر مۆسیقا و جووڵەی ریتمێك كە لەو هونەرانەن كە لە پەیوەندی لەگەڵ زەمان دا مانا دەگرن (یانی ئەوەیكە لە سەرەتا تا كۆتایی یەكەی زەمانی دیاریكراو و پێوەرێك بۆ ئەنجامدانیان پێویستە) و داهێنانی ئەلفوبێی مۆسیقا واتە "نۆت" و یان تۆمار كردنی جووڵە و حەرەكەت لە رێگەی "نیگاتیو و فیلم" تا ئەو سەدانەی دوایی مومكین نەبوە، دەرەنجامەكەی ئەوەیە كە بەڵگەی زۆر دوور و مێژوویی نەماوە و تۆمار نەكراوە.
لەم دوو بوارە دا ئەو نموونانە بەدەستەوەن كە بەهۆی دووپات كردنەوە و لاسایی بەرەیەكی مرۆڤ لە بەرەی پێشتری خۆی گەیشتوونە ئەم برگەیە لە زەمان، كە كە لەگەڵ هەر جار دووپات كردنەوەیەك لە تەئسیری زەمان دا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و تەنیا هەندێ دەنگ و حەرەكەت مۆركی مێژووی كۆنی مرۆڤایەتیان پێوە دیارە. كە ئەوەی پێوەندی بە شێعرەوە هەیە بە فولكلۆر ناسراوە و ئەوتریش رۆژانە بەرچاوە.
بەڵام لەو رووەوە كە تەراحی و شێوەكاری لە زومرەی ئەو هونەرانەن كە پەیوەستن بە فەزا ، نموونەگەلی بەرچاو لەم هونەرە لە مرۆڤی سەرەتایی بە میرات ماوەتەوە. هەبوونی تەراحی و شێوەكاری ئەو ئەسڵە دەسەلمێنێت كە مرۆڤی سەرەتایی هاوكات لەگەڵ ئەو ئیشە شێعریشی وتوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هێڵی نووسین نمونەیەكی بە یادگار نەگەیشتۆتە ئێمە. مۆسیقی ژەنیوە بەڵام بەهۆی نەبوونی زانستی تۆمار كردنەكەی زانیارێكمان لە چەند و چۆنەكەی نیە. جووڵەی ریتمیك (سەما) هەبوە كە هەندێك لەوان بە پەنجەی هونەرمەندانی سەرەتایی لەسەر سواڵەتەكان (سفال) هاتوونە نەخش كران و تۆمار كراون و جگە لەمە هەروەك، باس كرا ئەو سەكایانەی كە هەنووكە دەكرێن تۆخمی هەزاران ساڵەیان تیادا بەدی دەكرێت.
نیازی دەربڕین (بیان) لەرێگەی وێنە، ئەمرۆكەش بەهۆی هەبوونی كەرەستەی پەیوەندیی جۆراوجۆر، جگە لە تەراحی كە لەبەردەستی مرۆڤی هاوچەرخ دایە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خاوەنی ئەو هێزەیە كە لە سەرەتاش دا هەیبوە.
ئینسان لە تاقی منداڵیەوە كە توانایی بەدەست گرتنی قەڵەم لە خۆیدا شك دەبات پەنا دەباتە بەر كێشانەوەی هێڵی شپرێوی لەپاڵ یەكدا كە جاری وا هەیە ئەو هێڵانە بۆ ئەو حوكمی خۆر، یان لە برگەیەكی تر لە زەمان حوكمی باوك، دایك یان پشیلەی كۆڵانی هەیە. ئەو گەورانەش كە لەگەڵ زمانی وێنە ئاشنا نین لەكاتی قسە كردن یا گوێ راگرتن بە قەڵەم و كاغەزێك كە لەبەر دەستیانە هێڵی سەیر و سەمەرە دەكێشنەوە كە نیشاندەری حاڵەتی دەروونی ئەم كەسانەیە، كە لەراستی بە یارمەتی ئەو هێڵانە بەسەر لەرزۆكی دەروونی دا زاڵ دەبن و دەگەنە خورت بونەوەی زەینی.
هەشمانە ئەو هونەرمەندانە كە بەسەر زمانی وێنەدا سوارن و رێگەی دەربڕین بە وێنە هەڵدەبژێرن كە زۆر كات كارەكانیان وێنەكانی منداڵان دەخەنەوە بیر كە كۆی ئەو بیرە ئاڵۆزانەن كە دێنە سەر كاغەز.
لەناو ئەم هەموە سوژەیەی كە مرۆڤی سەرەتایی بۆ وێنە كێشانەوە هەڵبژاردون، زیاتر لە هەموان بۆ وێنەی ئاژەڵان دێنە بەرچاو؟ هۆكاری ئەم هەڵبژاردنە زۆر روونە:
مرۆڤی چاخی بەردێن راوچی بوو و گامێش، بزنەكێوی، ئەسپ، ئاسك، سەگ و... بۆ ئەو حوكمی مەرگ و ژیانیان هەبوو.
ــ لە پەیوەندی راستەوخۆ و بەردەوام لەگەڵ ئەم ئاژەڵانەدا جگە لە دابین كردنی خۆراك و پۆشاك و سووتەمەنی روخسارێكی ئارمانی بۆ ئەوان هەبوو.
ـ دەبوە هۆیەك بۆ زیاتر ناسكردنی ئاژەڵە كە بۆ كاتی راو كردنی.
ـ دواتر لای هەندێك لە لێكۆڵەرەوان ئەو رایە هەیە كە ئەم وێنانە رۆڵی یەكەم سێحر و جادوویان هەبوە و هۆكارێكە بۆ زاڵ بوون بەسەر هێزە شەراویەكانی دەوروپشتیان. ئەو وێنانە كە لە بەشە تاریك و تنووكەكانی ناو ئەشكەوت كێشراونەتەوە، ئەو تێئۆریە پاشگەز دەكاتەوە كە ئەم وێنانە لایەنی جوانكاریان هەبووبێت و بۆ مەبەستی رازاندنەوەی فەزای ئەشكەوت (كە ماڵیان بوە) بەكار هێنرابێت. هونەرمەندی چاخی بەردین (عصر پارینە سنگی) شێوازگەڵی جۆراوجۆری بۆ كێشانەوەی بابەتەكانی خۆی هەڵبژاردوە. زمانێك راستەوخۆ لە تێكەڵەی دودەیان خۆڵی رەنگی لەگەڵ چەوری وێنەكانی خۆی خۆڵقاندوە. زەمانێك بە كەڵك وەرگرتن لە بەردی نوك تیژ كە رۆڵی موغاری دەگێرا، بۆ ئەم مەبەستی چی كرابوون، تەرحی خۆی لە سەر بەردیان ئێستان هوڵكەندوە و هەندێ جار بەهۆی پارچە ئێسقانێك یان رەژی دارهێڵی مەبەستی لەسەر دیوار قسڵی (ئاهەكی) ئەشگەوت نەخشاندوە.
"هێڵ لەناو ئەو بەرهەمانەدا بەمانای راستەقینەی خۆی خاوەن دەورە: ئیستا نیە، پوویان، لەپەیوەندی لەگەڵ بابەتدا سادە و دەقی خواستی تەراح و هونەرمەندن واتە روون و ئاشكران لەگەڵ وەیداو كە لەگەڵ بەشێك لە ئەندامی لەشی ئاژەڵ كە زیادەوێژی كراوە، بەلام لەلایەنی وێنەیی خاوەنی تەناسوب و قورساییە. وێنەكان چ بە تاك چ بە كۆ خاوەنی هێزی جووڵە و بزوێنن و ئەوە بە سادەیی كەش و هەوای پڕ جووڵە و توند و تیژی دیمەنی ڕاو بۆ بینەر ئاشكرا دەكات".
كێشەكانی پەیوەندی دار بە هەڵبژاردنی بابەت، زیادەوێژی، اغراق لە بەشێك لە وێنە و سادەوێژی و كەم وێژی لەبەشێكی تری وێنەی سەردیوار جیاوازییەكی لەگەڵ شێوەی هەڵسوكەوتی مرۆڤی ئەمرۆیی، لە پەیوەندی لەگەڵ تەراحی دا نیە. تەنیا جیاوازی لەوەدایە كە هونەرمەندانی چاخی بەردین لەگەڵ ژینگە و زەمانی خۆیان تەراحیان دەكرد و هۆنەرمەندی هاوچەرخیش لە پەیوەندی لەگەل ژینگەی كۆمەلایەتی هەنوكەیی بەرهەم دەخولقێنێت.لە كۆتایی دەورەی سروشت گەرا (طبیعت گرا) كە تایبەتە بە كولتوری ڕاو و نێچیر، گۆرانێك لە شێوەی هونەردا ئاشكرا بوو.
جوتیاری چاخی بەردینی نوێ ئیدی كاری بەسەر هێزە دەرەكیە راوچیەكانی چاخی بەردینی نەماوە. كۆچەر نیە، سەقامگیرە. راوچی نیە، جوتیارە. ئابووریەكی ئاڵۆز و ئەمرۆ بە سبەی نیە و لە بەرامبەری دا ئابووریەكی دارشتراو و جێگیری ئەو بووە و توانایی ئەوەی هەیە كە بۆ زستانی دوور و درێژ و سارد، توشە و پاشكەوت وەلانێت و لەبەرامبەر هێزە هێرش بەرە درەكیەكان تەوانایەكی زیاتری هەیە. لەو قوناغەدایە كە هێزی بیری انتزاعی ئەو هەم لە شێوەی بەرهەم هێنان و هەمیش لە شێوەی هونەری فۆرم و هەندەسی توانی گەشە بكات. لەو هونەرەداجا نیشانەگەلێك لە بیر كردنەوە و دسیپلین لە چاو دەدات و وا پێدەچێت كە جوتیاری چاخی بەردینی نوێ زۆربەی هێزەكانی خستۆتە ژێر ركێفی نەزمی خوازراوی خۆی. هۆكاری سروشتی وەك: ئاو، كێو، كێڵگە و ئاژەڵ بە انتزاعی ترین شێوەی خۆی، لە قالبێكی هەندەسی دا زاهیر دەبن. وێنەكێشی چاخی بەردینی نوێ، خۆی بە هەڵاتوو لە ژینگەی كۆمەلایەتی خۆی نابینێت و ئەو روانگەیە لە نەخشە دارشتراو و هەندەسیەكانی كە لەسەر سواڵەتەكان جێ ماون، ئاشكرایە.
"نەخشی هەندەسی و وێنەی سادە كراوە، وێژەری گەشەی بیری انتزاعی یە لە وێنەكانی جوتیاری چاخی بەردینی نوێ. بۆ وێنە ئەو ئاژەڵەی كە لەسەر سواڵەتێك كێشراوەتەوە لای سەروی لەشی هێڵی شكاو و گۆشەزارن و لای خواروی لەشی بەهێڵی چەماوە و نەرم نەخش كردووە كە نیشانەی ئەسیربوونی ئەم ئاژەڵەیە لە تەڵە و داوی جوتیاری راوچی"دا.

سەرچاوە:
١ـ كارگاه هنرـ حسینی، سید مهدی ـ تهران سازمان پژوهش و أموزش دری. انتشارات مدرسە ص ٢
٢ـ هەمان.
٣ـ Doodling
٤ـ Jdealize
٥ـ انسان، فضا، طراحی ـ شریف تهرانی، سید رضا ـ انتشارات مدرسە ـ تهران ١٣٨٠ ص١٢
٦ـ كارگاه هنرـ حسینی، سیدمهدی ـ انتشارات مدرسە ـ تهران ١٣٨٠ ص٦

## ئەو بەرهەمە نۆیانەمان بە دەست گەیشت




### ٥٠ ساڵ خەبات

ئەم كتێبە بەشێك لە بیرەوەریـیە نەتەوەیی و سیاسیـیە-حیزبیـیەكانی كاك جلیل گادانی لە خۆ گرتووە،ئێمەش وێرای ماندوونەبوونی ئاواتی سەركەوتن و تەمەندرێژی بۆ بەئاوات دەخوازین.

### هاونەتەوەیی كورد و ماد

**ن: حبیب الله تابانی**
**وەرگێرانی جەلیل گادانی**
**بەرگی دووهەمی ئەو كتێبە لە حاڵی ئامادە كردن دایە**




### بەفرانباری ٢٣ساڵ

**كۆمەڵە شێعر**
**جەمال نەجاری**






### پێكهاتە و راڤەی دەق

**(كتێبی دووهەم)**

**بابەك ئەحمەدی**

**وەرگێران: مەسعوود بابایی**

# لە یادی ١٦ ساڵەی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوودا(*)

بەشی یەکەم

ئا: قوتان

کتێبەکەی د. پیتر پیلز کە بەناوی (Eskorte nach Tehran) لە ساڵی ١٩٩٧ چاپ کراوە, پاش ئەوەی پارلمان ڕێگەی دا (لە سەر داوای پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن) کە دوکیومێنتەکانی ئەو کارە, تیرۆریستییە (تیرۆرکردنی د. قاسملوو هاوەڵەکانی کە لە ڕۆژی ٨٩/٧/١٣ لە گەڕەکی ژ ٣ی ڤییەن رووی دا) چاوی پێدا بخشێنرێتەوە.

سەرەتا د. پیلز کورتە باسێکی مێژووی کوردو بزووتنەوەکەی دەکاو پاشان دێتە سەر ژیانی د. قاسملوو دەرکەوتنی د. قاسملوو وەکوو سەرکردەیەك, هەروەها بەکارهێنانی کێشەی کورد لەلایەن زلهێزەکانەوەو پاشانیش دیزەبەدەرخۆکردنی مافە ڕەواکانی و کارەساتی هەڵەبجەو پاشانیش پانۆرامای شەهیدکردنی د. قاسملوو هاوەڵەکانی. هەروەها باسی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی نەمساو دادگاو پۆلیس و دەنگدانەوەی ئەو کارە تیرۆریستییە لە ناو میدیای نەمساو ئورووپاو جیهاندا دەکا.

جگە لەوانەش کتێبەکە باس لە پێوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتی نەمسا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکا. هەروەها تیشك دەخاتە سەر پێشێلکردنی یاساو دەستووری وڵاتی نەمسا کە لەبەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان, واتە فرۆشتنی خوێنی مرۆڤی کورد بە وەرگرتنی چەند ڕێککەوتنێکی بازرگانی, تیشك دەخاتە سەر هەوڵو کوششی خاتوو (هێلێن قاسملوو) بۆ سزادانی تیرۆریستەکانو ریسواکردنی ئەو لێپرسراوانەی کە لە پێشتیانەوە بوون.

***

پاش هاتنە سەرکاری خومەینیو ڕێژیمەکەی لە ئێران, ئەبولحەسەن بەنیسەدر کە ١٩٨٠/٢/٢٥ کرا بە سەرۆك کۆمار, داوای لە ئامریکا کرد کە یارمەتیی عەسکەری نیزامیی ئێران بدا, ئامریکا بەوە رازی نەبوو, بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رایگەیاند کە ئێران ئەگەر چەكو تەقەمەنی لە وڵاتانی ئورووپا بکڕێت, ئامریکا لێی بێدەنگ ئەبێ.

ئێرانییەکان بەدوای ئەو وڵاتانەدا دەگەڕان کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ نین, بۆیە وڵاتی نەمسایان هەڵبژارد. بەنیسەدر هەر زوو باوەڕپێکراوی خۆی بێهبەهانی نارده ڤییەنا, ئەمە دوای چەند مانگێك لە دەستپێکردنی شەڕی ئێران ـ عێراق.

پێشتر نەمسا لە مانگی ئازاری ١٩٨٠, ٧٤٠ دانە تۆپی نەمساوی جۆری Typ: GHW-45 کە کۆمپانیای Voest دروستی دەکرد, لە ڕێگەی (ئوردۆن)ەوە بە عێراقی فرۆشتبوو. کۆمپانیای Noricomی نەمساوی ئەرکی کڕینو گواستنەوەی بەسەر ئوردۆندا بۆ عێراق گرتبوە ئەستۆ. ئەو جۆرە تۆپە, مەوداکەی (بۆردەکەی) ٤٥ کیلۆمیتر هەواییە. کۆمپانیای نەمساوی Hirtenbergerیش گوللە تۆپەکانی دروست دەکرد, بە هەموو جۆرەکانییەوە, گرنگەکەیان گوللەی فۆسفۆرییە.

دوو کۆسپ لەبەردەم ئەو پرۆسەیە هەبوو:

١ـ یاسای فرۆشتنی چەكو تەقەمەنی, کە پێویستیی بە ڕەزامەندیی حکوومەت هەیە کە ڕێگە لە فرۆشتنی چەك دەگرێ بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە حاڵەتی شەڕ دان.

٢ـ یاسای بێلایەنی وڵاتی نەمسا, واتە ئەندام نیە لە هیچ بلۆکێك, هیچ پەیمانێك وەکوو ناتۆ یا وەرشۆ.

بۆیە بە فرتوفێلو ڕێگەی نایاسایی, مەسەلەی فرۆشتنی چەكو تەقەمەنی بە وڵاتانی عێراقو ئیسرائیل ئەنجام دا. عێراق لە ڕێگەی ئوردۆنەوە چەکەکانی پێ گەیشت, واتە چەکەکان بە ئوردۆن فرۆشراون, بەڵام عێراق پارەکەی داوە. ئێرانیش بەو حیسابەی کە ئەو چەکانە بە لیبیا دەفرۆشێت, لەوێشەوە بەرەو ئێران دێ, یان بە بیانووی ئەوەی چەك بە کۆمپانیایەکی ئۆرۆگوئە فرۆشراوە, لە ڕێگەی ئێرانەوە, بەڵام چەکەکان ئێران پارەکەی داوە.

هەرچەندە بەنیسەدر لە ١٩٨١/٦/٢٢ لەلایەن خومەینییەوە لەسەر کار لابرا, بەڵام دەرگای بازاڕی چەك لەلایەن ئورووپاو ئامریکاو بلۆکی ڕۆژهەڵات بۆ عێراقو ئێران ئاواڵە بوو. بەو ڕادەیەی کە تیجارەتی چەكو تەقەمەنی لە نەمساوە بۆ ئێران لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو خۆی لە ٦/٨ میلیارد شلنك (٦٨٠ میلیۆن دۆلار) ئەدا.

وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی نەمسا, Alois Mock یەکێك بوو لەو سیاسییە ئورووپاییانەی کە شانازیی بەوەوە دەکرد کە توانیویەتی ئەو بایکۆتەی کە لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران (لەلایەن ئامریکاوە) دانرابوو, بیشکێنێ.

"کۆرت ڤالدهایم" سەرۆکی پێشووی نەمساش, باسی ئەو پێوەندییە شەخسییە پتەوەی نێوان Alois Mock (وەزیری دەرەوەی نەمسا)و عەلی ئەکبەر وەلایەتی (وەزیری دەرەوەی ئێران)ی کردوە.

***

لە سەدەی پێشوودا, سەرکردەکانی کورد (نیسبەتێکی کەمیان نەبێ) ناوچەیی بیریان دەکردەوە, زۆر ئاشنای سیاسەتی دەولی نەبوون, لەبری ئەوەی لەسەر ئاستێکی نەتەوەیی (کە خۆی لە ٣٠ میلیۆن کورد ئەدا) بیر بکەنەوە, هەمیشە سیاسەتەکانیان لە بازنەی ئەو ناوچانەی کە خەباتیان تیا ئەکرد, دەرنەچووە. ئەگەر پەلیشیان بهاویشتایە, ئەوا دژی بەشەکانیتری کوردستان بوو نەك بۆ پشتگیریان (لە هێندێ حاڵەتدا نەبێ). ئەمە بۆچوونی ڕۆژنامەوانی ئەمریکی (جاناتان راندل)ە کە زۆر شارەزای کێشەی کوردە.

لە بیستەکانی سەدەی پێشوو کوردەکان چاویان لە دەستی ئینگلیس بوو دەوڵەتێکیان بۆ دروست بکا, پاشان پەنایان بۆ فەرەنساو ئاڵمانیا برد, لەدوای جەنگی جیهانیی دووهەم, سۆڤییەت دەورو کاریگەرییەکی هەستپێکراوی هەبوو لە کوردستاندا. لە ساڵانی ١٩٧٠ بە دواوە کوردەکان پەنایان بردە بەر ئەمریکییەکان, چونکە ئەو کاتە ئەمریکا ڕۆڵی هەبوو لە جیاکردنەوەی بەنگەلادیش لە پاکستان, کوردەکانیش بەو هیوایە بوون کە ئەمریکا کوردستانی ئێرانو عێراقیان بۆ بکا بە دەوڵەت.

دوو سەرکردەی کورد, مستەفا بارزانیو دوکتور قاسملوو دۆستایەتیی ئەمریکایان پێ باش بوو, ئەوان پێیان وابوو کە ئەمریکا کوردستانێکیان بۆ دائەمەزرێنێ. د. قاسملوو کەوتبوە ژێر کاریگەریی دێموکراتیەتی ڕۆژئاوایی, قەد قەناعەتی لا پەیدا نەبوو کە بتوانێ لەگەڵ ڕێژیمێکی ئیسلامیی کۆنەپەرست هەڵکا, پێی وانەبوو کە ئێران بەرەو ئەو دێموکراتیەتە بڕوا کە لە ژێر سایەیدا, کوردستانیش شێوە مافێکی نەتەوەیی بدرێتێ.

وەزیری دەرەوەی پێشووی نەمسا, وا باسی دوکتور قاسملوو دەکا: د. قاسملوو لە ئورووپا زۆر سادە بووو زۆر بە سادەییش دەجوولایەوە, بەبێ یاوەرو پاسەوان, بڕوات نەدەکرد کە ئەو سەرکردەیە کە چەند میلیۆن کورد پشتگیری دەکەن. ئەو بە پێچەوانەی ئەو سەرۆكو لێپرسراوانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کەنداوی فارس, زۆر سادە بوو.

ڕۆژنامەنووسی نەمساوی جۆرج هۆفمان (Jeorg Hofman) وا باسی د. قاسملوو دەکا: کاتێك لە شاخەکانی کوردستان لە ناو پێشمەرگەکانی دەیبینی, هەست بەوە دەکەی کە سەرکردەیەکی مەزنە, سەرکردەیەکی سەربازیو سیاسیشە کە خەباتی گریلایانە دەکا. بەڵام کە دێتە ئورووپا, وەکوو مرۆڤێکی ڕووناکبیرو کراوە, زۆر بەباشی زمانی فەرەنسیو چیکی قسە دەکا, زۆر شارەزای سیاسەتی دەولییە.

***

د. قاسملوو لە گوندی قاسملوو نزیك شاری ورمێ, لە ١٩٣٠/١٢/٢٢ هاتۆتە دنیاوە, باوکی خاوەن ئەرز (فیئۆداڵ) بوو, باوکی بەشداریی کردوە لە بزووتنەوەی کورد لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. د. قاسملوو خۆیشی ئەندام بووە لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٤٨ باوکە ٨٠ ساڵییەکەی دوو ساڵ لەسەر کوردایەتی زیندانی کراوە.

باوکی قاسملوو زۆر گرنگی بە خوێندن داوە, پێی خۆش بووە منداڵەکانی بخوێنن, بۆیە د. قاسملوو چۆتە زانکۆی (سۆربۆن) لە پاریسو لە بەشی ئابووریدا شانی داوەتە بەر خوێندن. ماوەی دوو ساڵ باوکی پارەی بۆ ناردوە, پاشان دەوڵەتی ئێران پێی زانیوە, ڕێگەی ناردنی یارمەتی لەلایەن باوکییەوە لێبڕیوە, پاشان لەلایەن حیزبی توودەی ئێرانەوە(*١) بورسیەی خوێندنی دراوەتێو چۆتە پراگ لە چیکوسلوڤاکی. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوو خوێندنەکەی تەواو کردوەو لە زانکۆی کارل مارکس وەکوو مامۆستا وانەی وتۆتەوە. د. قاسملوو زیاتر قووڵ بۆتەوە لە باری ئابووریێ وڵاتانی سێ, لە ساڵانی ١٩٦٥ گرنگترین کتێبی نووسیوە بەناوی (کێشەکانی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەییشتوو). هەروەها کتێبی (کوردستانو کورد), یەکێك لە بەرهەمە هەرە بەنرخەکانی د. قاسملوویە کە زۆر شارەزایانە باسی کێشەی کوردو باری ئابووریی کوردستان دەکا.

ساڵی ١٩٥٢ خاتوو (هێلێن کۆلینج)ی خواستوە, پاش ماوەیەکی کورت بە نهێنییەوە خۆی گەیاندۆتەوە کوردستان, ساڵی ١٩٥٧ دووبارە گەڕاوەتەوە پراگو لەسەر کارەکەی خۆی وکوو مامۆستای زانکۆ دەوامی کردوە. لە پراگ وەختێ کوڕەکەی "نۆڤوتنی" سەرۆکی ئەوسای چیکوسلۆڤاکیای دەرنەچواندوە, لە زانکۆ کێشەی بۆ دروست بووە لەگەڵ کاربەدەستانی زانکۆو حکوومەتی ئەوێ.

ساڵی ١٩٧٥ دوای بەیانی ١١ی ئازار چۆتە بەغدا, لەوێ لە وەزارەتی پلاندانانو ئابووری وەکوو کارمەند کاری کردوە, بارزانی داوای لێ کردوە کە ببێتە نوێنەری کوردەکانی "بەغدا", بەڵام قاسملوو رازی نەبووەو پێی باش نەبووە خۆی تێکەڵاوی کێشەی کورد لە عێراق بکا.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە مانگی ١٩٧٣/٩ بەسترا, وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەو حیزبەدا. د. قاسملوو دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"ی چەسپاند. هێندێ لە ئەندامانی کۆنگرە مائۆئیست بوون, هێندێکیان نەتەوپەرەست, ئەمیش وەکوو سوسیال دێموکراتێك تێیدا بەشدار بوو. هەرچەندە بەر لە دوو ساڵ وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرابوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ هەوڵی گەڕانەوەی دا بۆ کوردستان. قاسملوو داوای مافی چارەی خۆنووسینی کرد لە چوارچێوەی ئێراندا, بەڵام خومەینی ئەو هەوڵانەی بە پیلانی دوژمنانی ئیسلام دائەنا, هەرچەندە "مەهدی بازرگان"و بەنیسەدر, پێیان چاك بوو کێشەی کورد چارەسەر بکرێ, بەڵام خومەینی فەرمانی قەڵاچۆی کوردی دەرکرد, بە تۆهمەتی ئەوەی ئەوانە دژی شۆڕشن.

ساڵی ١٩٨٠ عێراق پەلاماری ئێرانی دا, جەلال تاڵەبانی ویستی کوردو ئێران ڕێك بخا بۆ ئەوەی یارمەتیی کوردی عێراق بدەن دژی سەددام حوسەین, خومەینی ئەوانەی بە خیانەت بە ئیسلامی لە قەڵەم دا. پاش هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران بۆسەر کوردەکان, ساڵی ١٩٨٤ پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێران کشانەوە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق, زیاتر لە ٢٥٠ هەزار سەربازو پاسداری ئێران لە کوردستان مۆڵ درابوو.

حکوومەتی ئێران ئەیویست ئەو بارە قورسە سەربازیو ئابوورییەوە بە زووترین کات سوك بکاتەوە, بەڵام بۆی نەچووە سەر. زۆر داخ لە دڵ بوون لە د. قاسملوو, چونکە ئەو وەکوو سەرکردەیەکی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکەو ئورووپا زۆر ناسراو بوو, بەتایبەت لەگەڵ سوسیال دێموکراتەکانی سوئێدو فەرانسەو ئاڵمانو نەمسا, هەروەها لەگەڵ بنەماڵەی فەرانسواو دانیال میترانو برۆنۆ کرایسکیی نەمساو ئەحمەد بن بیلادی جەزائیر [پێوەندیی باشی هەبووە.]

***

بەر لە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو بە یەك دوو ساڵ, سیاسەتی دەرەوەی نەمسا بە دوو ڕێگادا دەڕۆیشت. پارتی سوسیال دێموکراتی نەمسا کەوتبوە لاواندنەوەی کوردەکانو یارمەتیدان بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام لە ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست, کەچی پارتی گەلی نەمسا (OVP) کەوتبووە زیاتر پتەوکردنی پێوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.(1)

***

د. قاسملوو وەختێکی کەم لە فەرانسەوە هاتە ڤییەن بۆ ئەوەی سەردانی ئامریکا بکاو بۆ یەك جار وەك نوێنەری کوردی ئێران کێشەی کورد بە سەرانی ئامریکا بگەیەنێ یان دەمە زەردی بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ بەو پیلانە تیرۆریستیانە د. قاسملوو لەگەڵ هەردوو هەواڵەکەی عەبدڵڵا قادریئازەر, نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپاو د. فازڵ ڕەسووڵ شەهید کران.

هاوینی ساڵی ١٩٨٧ دەوری ١٥ کەس لە بەرهەڵستکارانی ئێران لە فەرانسە تیرۆر کران. پۆلیسی فەرانسە سەرە داوێکی دۆزیەوە, ئەویش وەحید گورجی کە تیرۆریستێکی سەر بە دەزگای "اطلاعات"ی ئێران بوو. وەختێ پۆلیس ویستی زیندانی بکا, خۆی کوتایە ناو سەفارەتی ئێران لە پاریس. پۆلیس شەوو ڕۆژ دەورو پشتی سەفارەتەکەی گرت. بەرامبەر بەوە سوپای پاسداران بە فەرمانی حکوومەتی ئێران دەوروبەری سەفارەتی فەرانسەیان گرت. پێوەندیی دیپلۆماسی لە نێوان ئێرانو فەرانسە پچڕا. پاش هەوڵو کۆشش بە گوێرەی ڕێکەوتن, وەحید گورجی خۆی دایە دەست پۆلیسی فەرانسە, یەك دوو ڕۆژ مایەوەو دوایی ئازاد کراو گەڕایەوە بۆ ئێران. پاش ئەو ڕووداوە ئێرانی سەنتەری کارە تیرۆریستییەکانی دەرەوەی خۆی گواستەوە بۆ ڤییەن. هەموو کارە تیرۆریستییەکان لە ڤییەنەوە پلانی بۆ دائەنراو پارەو کەسانی بۆ تەگبیر دەکرا.

ئەوە لە لایەك, لە لایەکیتریشەوە, پاش کارەساتی هەڵەبجە, پێشمەرگەکانی کوردستانی عێراق کشانەوە سەر سنووری ئێران, تاڵەبانیو بارزانی ڕاستییەکیان بۆ دەرکەوت, ئەویش ئەوەیە کە سەددام حوسێن هەر سوورە لەسەر لەناوبردنی کوردو هیچ کاتێك ئامادە نیە ئاشتیانە ئاوڕ لە کێشەی کوردی عێراق بداتەوە.

بۆیە سەرکردایەتیی کوردی عێراق چەند ڕێگەیەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی ئەزموونی ١٩٧٥ دووبارە نەبێتەوە. یەکێك لەوانە هەوڵدان بۆ ناوبژیکردن لە نێوان کوردی ئێرانو کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێککەوتنێك.(2)

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠, شەڕی ئێران ـ عێراق وەستا. ئەوەش بێئۆمیدییەکیتری خستە ناو دڵی کوردەکان. بۆیە قاسملووو تاڵەبانی بە پێی ئەو بارە ناهەموارە ناچار بوون کە ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ وتووێژکردن لەگەڵ ئەو دوو ڕێژیمە. تاڵەبانی پێی وابوو دوای کیمیابارانی هەڵەبجە, دانوساندن لەگەڵ سەددام کارێکی موستەحیلە (نامومکینە).

قاسملوو ئامادە نەبوو بکەوێتە دانوساندن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران. مانگی ١٩٨٨/١٢ وەفدێکی ئێرانی بە دزییەوە گەیشتە ڤییەن بۆ ئەوەی دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژ بکا, وەفدەکە بە لێپرسراویی جەعفەری سەحراڕوودیو یاوەریی موستەفا ئەجوادی بوو.

د. قاسملوو لە ١٩٨٨/١٢/٢٧ بە ئاشکرا لە ڤییەن بوو لەگەڵ عەبدوڵڵای قادری کە نوێنەری حیزب بوو لە ئورووپا. ڕۆژی ٨٨/٧/٢٩ کەناڵی یەکی تەلەفزیۆنی نەمساوی (ORF1) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ د. قاسملوو کرد.

تاڵەبانی پێشتریش بارزانیی ئاگادار کردبۆوە کە وتووێژ لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئارادایە. شوێنی کۆبوونەوەکان, کوردەکانی عێراق, ئامادەیان کردبوو. تاڵەبانی وەکوو ناوبژیکەر بەشداریی تێدا کرد. سێ کورد پارێزگاریان لە شوێنی کۆبوونەوەکە دەکرد. ڕۆژی ١٩٨٨/١٢/٣١ جارێکیتریش کۆبوونەوە کرا, دەوری ٨ سەعاتی خایاند.

هێندێ لە داواکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ـ لە ناوچە کورییەکان خوێندن بە کوردی هەبێ.

٢ـ زمانی کوردی بەڕەسمی بناسرێ.

٣ـ سنووری کوردستان دەستنیشان بکرێ.

٤ـ هێزی پێشمەرگە وەکوو پۆلیس دابمەزرێنرێتەوە.

کۆبوونەوەکان بە ئەنجام نەگەیشتن, هیچ ڕێککەوتنێکی لێ نەکەوتەوە. دوو هەفتە پێشتر ئیتلاعاتییەکی ئێرانی بەناوی سەید ریاحی گەیشتبووە ڤییەن, ئەو ئیتلاعاتییە پاش دوو ساڵ لە ئاڵمان گیرا بە تاوانی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی ئەندامێکی ڕێکخراوی "موجاهیدینی خەڵق".

مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٩ د. قاسملوو چاوی بە دوکتور فازیل ڕەسووڵ کەوت. د. فازیل ڕەسووڵ کوردی عێراق بوو, چەپێکی کورد بوو, ساڵی ١٩٧٥ ڕای کردبوو بۆ لوبنانو لەوێشەوە بۆ ڤییەن, لە زانکۆی ڤییەن بەشی رامیاریی تەواو کرد, پاشان لە لوگزامبورگ کاری دەست کەوت. دوای هاتنی ئیسلامییەکان بۆسەر حوکم لە ئێران, د. فازیل کەوتە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی دەنگو باسی شۆڕشی ئێران. وەکوو مرۆڤێکی چەپ دژایەتیی ئامریکا لەلایەن ئێرانەوە لای ئەو کارێکی باش بوو.

پاشان مانگنامەی "الحوار"ی دەرکرد. د. فازیل بە هۆی کارەکانی بوو بە کەسایەتییەکی ناسراو, لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێی نزیك بوونەوە.

***

د. قاسملوو پاش سەردانێکی کورت بۆ چیکوسلۆواکیو هەنگاریا, هاتەوە ڤییەن, لەوێ بە تەلفوون ئاگاداری تاڵەبانی کرد کە ئەو ئامادەیە دووبارە لەگەڵ ئێرانییەکان دابنیشێ. لە ١٩٨٩/١/١٩ دەورەی دووهەمی کۆبوونەوەکانی دەست پێکرد. د. قاسملوو بەبێ تاڵەبانی بەشداری کۆبوونەوەکان بوو. لایەنی ئێرانی بریتیبوون لە:

١ـ جەعفەری سەحراڕوودی, لێپرسراوێکی ئیتلاعاتی ئێران

٢ـ مستەفا ئەجوادی, لێپرسراوێکی ئیتلاعاتی ئێران

٣ـ ئەمیر مەنسوور بوزورگیان ئەسڵ, لێپرسراوێکی ئیتلاعاتی ئێران

لە جیاتی تاڵەبانی, نەوشیروان مستەفا بەشداریی کرد. بڕیار وابوو مانگی ١٩٨٩/٣ دووبارە کۆبوونەوەکان بەردەوام بن, بەڵام پێشتر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری دابوو کە لە جیاتی دوکتور قاسملوو, ئەندامێکی دەفتەری سیاسی, دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کۆبوونەوەکان ئامادە بێ.

سەحراڕوودی رازی نەبوو, بە بیانووی ئەوەی کە پێشتر لەگەڵ دوکتور قاسملوو وتووێژ کراوەو هەر لەگەڵ ئەویش پێویستە کۆبوونەوەکان بەردەوام بن, بۆیە کۆبوونەوەکە نەکرا.

ڕۆژی ٨٩/٦/٤ رادیۆی تاران رایگەیاند کە ئیمام خومەینی مردوە. کوردەکانیش ئەو مەسەلەیان بە هەند وەرگرتو خستیانە ژێر باسو لێکۆڵینەوە.

حکوومەتی ئێران لە ژێر سەرکردایەتیی ڕەفسەنجانیدا پێی چاك بوو سەر لە نوێ لەگەڵ د. قاسملوو وتووێژ بکاتەوە.

پەراوێزەکان:

(١) ئەو کاتە (Alois Mock) وەزیری دەرەوەی نەمسا بوو.

(٢) هێندێ لە ڕێگەکانیتر: ١ـ پتەوکردنی ئەو بەرە کوردستانییەی کە ساڵی ١٩٨٦ پێکیان هێنابوو. ٢ـ کەمکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان, ٣ـ ناردنەوەی چەند گرووپی بچووکی پێشمەرگە بۆ ناوەوەی کوردستانی عێراق, ٤ـ برەودان بە کاری دیپلۆماتی بە سوود وەرگرتن لە کارەساتی هەڵەبجە.

(*): ئەم باسە کورتکراوەی وەرگێراوی کتێبێکە بەناوی "Eskorte nach Teheran" لە نووسینی د. پیتر پیلز Dr. Peter Pilz. ئەو سەردێڕە لەو مانایەیە کە بکوژەکانی د. قاسملوو بە ئیسکۆرتەوە بە سەلامەتی بەرەو ئێران بەڕێ کرانەوە.

شایانی باسە د. پیلز ئەندامی دەفتەری سیاسیی پارتی سەوزی ئوتریشە (dit Grunt)و ئەندامی پارلمانی ئەو وڵاتەشەو یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی کوردو سیاسییەکی بەناوبانگی ئورووپایە.

(*١) د. قاسملوو لە ساڵانی ١٩٦٠ بەدواوە, هەوڵو کۆششی زۆری داوەس کە بزووتنەوەی کورد لە ژێر ڕکێفی چەپی ئێرانی دەربهێنێو وەکوو لایەنێکی نیمە سەربەخۆ (وەکوو تەرەف) لە بزووتنەوەی دێموکراتیی ئێران ڕۆڵی خۆی ببینێ. (وەرگێڕ)

***

## مەهاباد: کوژرانی لاوێك لە لایەن هێزی ئینتیزامییەوەو خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد بەم بۆنەوە

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/٤/١٨، چوار لاوی خەڵکی مەهاباد کە پێشتر لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتو سوپای پاسدارانەوە بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندانو شێواندنی ئاسایشو تەناهیی نێوخۆیی کەوتبوونە بەر ڕاوەدوونان، پاش ئەوەی ماشینەکەیان لە پشت تەپەی مەهاباد بە هۆی ڕاوەدوونانی هێزی ئینتیزامییەوە وەردەگەڕێ لە لایەن ئەوانەوە دەکەونە بەر دەستڕێژ کە لە ئاکامدا یەکێکیان بە ناوی "شوانە سەیدقادری" گیانی لەدەست دەداتو ئەو سێ کەسەی دیکەش بریندار دەبن. پاش ئاگاداربوونی خەڵکی مەهاباد لەم ڕووداوە، خەڵك دەڕژێنە سەر شەقامەکانو خۆپیشاندانێك لە چوارڕێیانی ئازادییەوە تا بەر دەرگای فەرمانداریو پاشان بۆ باغی شایەگانو بەری شیلانان وەڕێ دەخەن کە تا کاتژمێر ١٠ی شەو بە گوتنەوەی دروشم لە دژی ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی درێژەی دەبێ.

## خۆپیشاندانی قارەمانانەی خەڵکی ئازادیخوازی مەهاباد دوای تێپەڕینی یەك هەفتە هەروا درێژەی هەیە

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە شاری مەهابادەوە بەدەستمان گەیشتوون، خۆپیشاندانی بەرینو شۆڕشگێڕانەی لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد هەروا درێژەی هەیەو تا دێ ئەو ئاگرە زیاتر لە جاران پەرە دەستێنێ.

لە درێژەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندانە شۆڕشگێڕانەیەدا، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٨٤، هەزاران کەس لەڕۆڵە فیداکارەکانی نیشتمان ڕژانە سەرشەقامەکانو بە گوتنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کۆنەپەرستو سەدەناوەڕاستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی. دروشمەکان بریتی بوون لە: "بژی حیزبی دێموکرات ـ پیشاندەری ڕێی خەبات"، "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "بژی هێزی پێشمەرگە ـ دوژمن نەسیبت مەرگە"، "دێموکراتمان سەروەرە، قاسملوومان ڕێبەرە"، "مانگی پووشپەڕ هۆی مەشخەڵی نەجاتە ـ ڕێبەری میللەت هەر حیزبی دێموکراتە".

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی ئەو خۆپیشاندانە ئاگرینە زیاتر پەرەنەستێنێ، بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەرانو لەو هێرشەدا لە باتومو گازی فرمێسکرێژو گوللەی هەوایی کەڵکیان وەرگرت، لاوانی بەورەو چاونەترسیش دەستبەجێ لێیان هاتنەدەستو بە بەردودار وەڵامی هێرشەکەی ڕێژیمیان دایەوەو توانییان شووشەی ١٥ ئۆتۆمۆبیلی ڕێژیم بشکێننو چەند کەس لە هێزە سەرکوتکەرەکان بە توندی بریندار بکەن. بە هۆی بەرینبوونی خۆپیشاندانەکە، تا ئێستا ژمارەی دەستگیرکراوەکانو بریندارەکانی ئەو خۆپیشاندانە نەزانراوە. شایانی باسە ئەو خرۆشانە جەماوەرییە بەپێی ئەو هەواڵانەی کە بەدەستمان گەیشتون تا داهاتنی تاریکی هەر درێژەی هەبووەو زۆربەی دووکانو بازاڕەکانی شار لە ڕۆژی شەممەدا داخرابوون.

خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری مەهاباد لە درێژەی خۆپیشاندانی خۆیان لە بەرانبەر جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە گەلی کوردو یەك لەوان کوشتنی نامرۆڤانەو دڕندانەی شوانە سەیدقادری لە لایەن هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمەوە، شەوو ڕۆژەکانی پێنجشەممەو هەینی ٢٢و٢٣ی پووشپەڕ، ڕژانە سەر شەقامەکانو ناڕەزایەتیی خۆیان بە گوتنەوەی دروشمی دژی ڕێژیمو بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیم دا دەربڕی.

هەروەها ڕێژیم لە پێکدادانێك کە لە نێوان خەڵكو هێزە سەرکوتکەرەکانیدا هاتۆتەئاراوە لە گازی فرمێسکرێژ کەڵك وەردەگرێو بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژانە لەگەڵ خەڵکدا دەجووڵێتەوە، بە جۆرێك کە شاری مەهاباد دۆخێکی نائاساییو حکوومەت نیزانی بەخۆوە گرتوەو بە گوێرەی هەواڵەکان بڕیارە ڕۆژی شەممەش (١٣٨٤/٤/٢٥) ئەم خۆپیشاندانە قارەمانانەیەی خەڵکی مەهاباد بە داخستنی سەرجەم دووکانو بازاڕەکانو... درێژەی هەبێ.

ئەو شوێنانەی کە خۆپیشاندانی تیا کراوە بریتین لە:

باغی شایەگان، مەیدانی ئیستقلال، زەوییەکانی شارەداری، چوارڕێیانی مەولەویو مەیدانی حەیوانات.

شیاوی باسە ڕێژیم بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانی خەڵك هێزێکی زۆری لە نێو شاردا گەمارۆ داوەو هەروەها خەریکی دەستبەسەرکردنی لاوانە کە تا ئێستا ژمارەیەك لە لاوانی بەهەستو خەباتگێڕی مەهاباد گیراون کە چارەنووسیان روون نیە.

## خۆپیشاندانی بەرینو قارەمانانەی خەڵکی مەهاباد لەساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوودا

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤، خەڵکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕی مەهاباد بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری نامرۆڤانەی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەسەر مێزی بەناووتووێژ لە لایەن دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامییەوە، سەرەڕای داخستنی سەرجەم دوکانو بازاڕەکان، کاتژمێر ١١ی بەیانی لە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو سیاسییانەدا ڕژانە سەر شەقامەکان کە بوو بە هۆی تێکهەڵچوونی نێوان لاوانو گاردی دژی شۆڕشو ئەم هێزانە لە ژێر پەلاماری داروبەردی لاوان دا ناچار بە پاشەکشێ بوون.

هەر لەم ڕۆژەدا کاتژمێر ٧ی ئێوارە، زیاتر لە ٥هەزار کەس لە ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو دووبارە لە شەقامی "ئیستقلال"و "باغی شایەگان"و "پشت تەپ"ی مەهاباد کۆ بوونەوەو بەتێکڕا بە گوتنەوەی دروشمەکانی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرتبێ بستێنین تۆڵە"، "مانگی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆری ڕێبەر"، "مانگی پووشپەڕ هۆی مەشخەڵی نەجاتە، ڕێبەری میللەتی کورد هەر حیزبی دێموکراتە"، "نەمان بۆ جاش"، "بژی هێزی پێشمەرگە، دوژمن نەسیبت مەرگە"و "دێموکراتمان سەروەرە، قاسملوومان ڕێبەرە"، کۆشکی ڕێژیمی دژیگەلیو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییان هێنایە لەرزە.

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کاردانەوەی خۆیان لە بەرامبەر خۆپیشاندانی بەشکۆی خەڵکدا بە تەقاندنی گوللەو بڵاوکردنەوەی گازی فرمێسکرێژ نیشان دا، بەڵام لاوانی چاونەترسو خەباتگێڕی مەهاباد هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیمو ماشێنێکی پەیکانو ماتۆڕێکی ئیتلاعاتیان ئاگر تێبەردا. هێزە بێوەرەکانی ڕێژیم کە توانای خۆڕاگرییان لە بەرامبەر هێزی بێوێنەو هەردەم ڕوولەزیادیی لاوان دا نەمابوو لە هەنگاوێکی زەبوونانەدا کەوتنە شکاندنی شووشەو پەنجەرەیماڵەکانی خەڵکی مەدەنی.

شیاوی باسە کە ئەم خۆپیشاندانە تا کاتژمێر ٢ی شەو درێژەی کێشا.

# هەواڵەکانی کوردستان

ئا: سەلاح مورادی

## بارودۆخی مەریوان لە چەند کورتەهەواڵێکدا

ـ ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٤/٤/٢١، ڕوودانی شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سوپای "پیرخێران"و خەڵکی گوندی "بیەرە"

ـ ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٤/٢٢، هێرشی هێزەکانی ئیتلاعات بۆ سەر زەماوەندێك لە تالاری "قەسر" بە بیانووی ئەوەی کە تێیدا شاباشی پێشمەرگە کراوەو هەروەها بەندکردنی ٣٠ تا ٤٠ کەس لە بەشداربووانی ئەو گۆڤەندە

ـ ناڕەزایەتیدەربڕینو تێکهەڵچوونی خەڵکی مەریوان لەگەڵ بەرپرسانی شارەداریدا بە هۆی ئەوەی کە ئەوان لە باتیی خەڵکی مەریوان لە پەیمانکارە قوروەییەکانی سەر بە ڕێژیم بۆ پاکوخاوێنی شار کەڵك وەردەگرن

ـ ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٤/٢٢، چەککرانو وەدەرنانی هێزەکانی پاسگای گوندی ساوجی لە لایەن خەڵكو کاسبکارانی ئەم گوندەوە

ـ دانانی سەنگەر لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە لە کردەوەیەکی نوێدا لەسەر چوارڕاو مەیدانەکانی نێو شار (بۆ وێنە چوارڕای بایەوەو شەبڕەنگ کە ئەم کردەوە لە پاش خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد بەڕێوەچووە)

## شاری مەریوان بە بۆنەی خۆپیشاندانی بەرینو شۆڕشگێڕانەی خەڵکی مەهابادەوە کەشوهەوای نائاسایی بەخۆوە گرتوە

بە گوێرەی هەواڵی گەیشتو لە شاری مەریوانەوە، هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم بەتایبەت جلوبەرگ شەخسییەکان بەدوای خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد بە شێوەیەکی بەربڵاو لە چوارڕێیانو شوێنە گشتییەکانی شار بەتایبەت چوارڕای سەرەکی شار، چوارڕای بایێوەو چوارڕای شەبڕەنگ دا جێگیر بوون بە شێوەیەك کە شار کەشوهەوای نیزامیو نائاسایی بەخۆوە گرتووە.

## کوژرانی هاووڵاتییەك لە ئاکامی دەستڕێژیی هێزەکانی سوپای پاسداراندا

چەند ڕۆژ لەمەوپێش، لە درێژەی جینایەتە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە دژی هاووڵاتیانی کورد، هێزەکانی سوپای پاسداران لە پشت ئاوایی "سەردۆش"ی مەریواندا تەقە لە خەڵکی ناوچەکە دەکەن کە لە ئاکامدا کەسێك بە ناوی "حەسەن ئەحمەدی"، خەڵکی "سەردۆش" دەکوژرێو بەپێی هێندێ لە هەواڵەکان کەسێکی تریش لەم کردەوە نامرۆڤانەیەی ڕێژیمدا کوژراوە کە زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەیەوە لەبەردەستدا نیە.

## نەوسوود: کۆچیدوایی لایەنگرێکی دڵسۆزو تێکۆشەری حیزب

چەند ڕۆژ لەمەوپێش لایەنگرێکی دڵسۆزو ئەمەکناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "عەبدولباقی ئەحمەدی"، خەڵکی گوندی "شەڕەکان" سەر بە ناوچەی نەوسوودی هەورامان کۆچیدوایی کرد.

بنەماڵەی خالۆ باقی ئەحمەدی هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تێکەڵ بە خەباتی حیزب بوونو وەك بنەماڵەیەك لە خزمەتی حیزبو شۆڕشدا بوون. بە شێوەیەك کە دوو کوڕی ناوبراو لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆدا تێکۆشاون کە یەکیان تا ساڵی ١٣٧٢ لە ریزی خەباتدا بووەو ئەوی دیشیان ساڵی ١٣٦٧ لە شەڕی هەڵەبجەدا کەوتە دەست هێزەکانی ڕێژیمو بۆ ماوەیەك لە بەندیخانەدا بوو. هەروەها برایەکی ناوبراو لە ساڵی ١٣٦٣دا لە ریزی تێکۆشەرانی حیزب دا شەهید بووە.

وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری خوالێخۆشبوو، ئاواتەخوازین ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

## پیرانشار: پشتیوانیی خەڵك لە خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی بەرینی خەڵکی مەهاباد

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٤/٢٧، کاتژمێر ٧ تا ٨/٥ی ئێوارە، زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی پیرانشار بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە خۆپیشاندانی بەرینو شۆڕشگێڕانەی خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهاباد ڕژانە مەیدانی ئازادیو دەستیان کرد بە گوتنەوەی دروشمی دژی ڕێژیم کە بە ڕوونی لە دروشمەکانیاندا ناڕەزایەتی لە دژی ئەحمەدینەژاد دەبیسترا وەك "ئەو سەرکۆمارەمان ناوێ"، "کورد مافی خۆی دەوێ"، "مەرگو نەمان بۆ ئەحمەدینەژاد"و "سلاو لە لاوانی بەهەستی مەهاباد".

* ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢٨، کاتژمێر ٨ی شەو، خەڵکی ئازادیخوازی پیرانشار لە درێژەی دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی شۆڕشگێڕی مەهاباد هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی بەسیج لە تەنیشت مزگەوتی جامیعەی تازەو شووشەو پەنجەرەکانی ئەو بنکەکەیەیان شکاند. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لە مەیدانی ئازادیدا کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە گوتنەوەی دروشم لە دژی ڕێژیم. هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم بە گازی فرمێسکرێژو باتۆم پەلاماری خەڵکیان داو ژمارەیەکی زۆریش لە خۆپیشاندەران دەستبەسەر کران.

شایانی باسە کە ڕێژیم بۆ سەرکوتی ئەم ناڕەزایەتییە هێزی تایبەتیی دژی شۆڕشی لە میاندواوەوە هێنابوو. هەروەها ئەم خۆپیشاندانەی خەڵکی پیرانشار تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

## سەردەشت: برینداربوونی سمایل سەردەشتیو هاوڕێیانی بە هۆی وەرگەڕانی ماشێنو پێکدادانیان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم

شەوی ١٣٨٤/٤/٢١، سمایل سەردەشتی لەگەڵ چەند کەس بە ناوەکانی ڕزگار برایمی (برای سمایل سەردەشتی)، جەلال مەرەسەنە (خەڵکی گوندی بێورانی خوارێ)و حەکیم حاجی عەزیز لە نزیك ڕەبەت، ماشینەکەیان کە شۆفیرەکەی کەسێك بە ناوی "وەفا باغی" دەبێ، وەردەگەڕێو لە ئاکامدا هەموویان بە توندی بریندار دەبنو پاشان ڕادەگوێزرێن بۆ نەخۆشخانەی سەردەشت، بەڵام پاش ئاگادابوونی هێزەکانی ڕێژیم لە بوونی ئەوان لە نەخۆشخانەدا، هێزی ئینتیزامی هێرش دەکاتە سەریانو تێکهەڵچوونێك لە نێوانیاندا دێتەئاراوەو لە ئاکامدا سمایل سەردەشتیو وەفا باغیو حەکیم حاجی عەزیز ڕادەگوێزرێن بۆ شوێنی ئەمنو ڕزگار برایمی بە هۆی قورسی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دەداو هەروەها جەلال مەرەسەنەش بۆ تیمارکردنی برینەکانی بەڕێی ورمێ دەکرێو لەوانەیە بە هۆی قورسی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دابێ.

## * بەهۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکاران، کاسبکارێك بریندار بوو

شەوی ١٣٨٤/٤/٢٤، هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم لە شوێنێك بە ناوی "بازگیران" لە نێوان گوندەکانی "قەلەرەشێ"و "کۆلکەرەشێ" تەقە لە کاروانچییەکان دەکەن کە لە ئاکامدا کەسێك بە ناوی "هادی ڕەسوولی"، خەڵکی گوندی قەلەڕەشێو کوڕی ئالا بە توندی بریندار دەبێ.

## * بە هۆی تەقینەوەی مینەوە دوو هاووڵاتی گیانیان لەدەست دا

ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢١، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی سمایل شێخەپوور، ناسراو بە سماییلە سوور، خەڵکی گوندی "بێورانی خوارێ"و ڕەحمان، کوڕی خدر، خەڵکی گوندی "شێوەسەڵ" لە چیای دووپەزەی ناوچەی سەردەشتدا دەکەون بەسەر مینی پێشترچێندراو لە لایەن ڕێژیمەوەو بەداخەوە لە ئاکامدا هەدووکیان گیانیان لەدەست دەدەن.

## * برینداربوونی هاووڵاتییەك بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمەوە

کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢٦، هێزەکانی ڕێژیم بە بیانووی هەڵگرتنی باری قاچاخ لە پۆلیسرای سەردەشت دا تەقە لە تویوتایەکی بارهەڵگر دەکەن، بەبێ ئەوەی دەنگی بدەن.

لە ئاکامی ئەو دەستڕێژییەدا شۆفیری ماشینەکە بە ناوی "حوسێن مام عەبدەی بالان"، گوللەیەکی وەسەردەکەوێو ماشینەکەشی وەردەگەڕێ.

شایانی باسە کە بارودۆخی ناوبراو نالەبارەو هەروەها بۆ نەخۆشخانەی ورمێ بەرێ کراوەو شانسی زیندوومانەوەی کەمەو تا ئێستاش لە بێهۆشیدایە.

## هێرشی خەڵکی ئازادیخوازی ڕەبەت بۆ سەر کۆبوونەوەی بەکرێگیراوانی بەسیجی

ئێوارەی ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢٦، لەکاتێکدا کە هێزەکانی ڕێژیم لە مزگەوتی شیعەکان دا خەریکی کۆبوونەوە بۆ پایەگای بەسیج دەبن، خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕەبەت بە داروبەرد هێرش دەکەنە سەریانو تەواوی شووشەو دەرگاو پەنجەرەکانی ئەو مزگەوتە دەشکێننو پاشان خەڵك بە گوتنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕانەو دژی ڕێژیم دەڕژێنە سەر شەقامە سەرەکییەکانی شارو پاش ئاگردانی لاستیکی ماشێنو سەرهەڵدانی دروشمی شۆڕشگێڕانە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکەیان دێنن.

شیاوی باسە کە هێزەکانی ڕێژیم ناوێرن لە بەرامبەر ناڕەزایەتیی خەڵکدا هیچ کردەوەیەك لە خۆیان نیشان بدەن.

## ورمێ: کۆچیدوایی لایەنگرێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری حیزب

چەند ڕۆژ لەمەوپێش، دۆستو لایەنگرێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "مەحیەدین مەندان"، خەڵکی گوندی "شێخ مەزاریان" لە ناوچەی "برانێز" سەر بە شارستانی ورمێ کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٥دا لە شەڕو تێکهەڵچوونێکدا کە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ڕێژیمدا لە گوندی "شێخ مەزاریان" هاتەئاراوە لەگەڵ چەند کەسیتر لە خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندە گیراو بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەند کرا. ناوبراو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی زۆری هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمدا تووشی بارودۆخی ڕەوانیی نالەبار بوو بە شێوەیەك کە هۆشو عەقڵی خۆی لەدەست داو بەداخەوە لە ئاکامی نالەباریی تەندروستیدا، خۆی کوشتوە.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری مەحیەدین مەندانو خەڵکی بەوەفای گوندی شێخ مەزاریان دەکەین.

## ئاگردانی قەبرستانی کوردەکان لە لایەن چەند ماتۆڕسوارێکەوە لە شاری نەغەدە

ڕۆژی ١٣٨٤/٤/١٩، چەند ماتۆڕسوارێك ئاگر بەردەدەنە قەبرستانی کوردەکانی شاری نەغەدەو هەروەها چەند ماتۆڕسوارێکی دیکە هەوڵی سووتاندنی قەبرستانی خەلیفەیان لە ناوچەی نەغەدە دا کە خەڵك ئاگرەکە دەکوژێننەوە. گومانی تیا نیە کە ئەم کردەوانە کاری ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماریی ئیسلامییە کە لەم ڕێگەیەوە دەیهەوێ تۆی دووبەرەکی لە نێوان کوردو ئازەریدا بچێنێو جارێکیتر شەڕو ئاژاوە لە نێوان ئەم دوو گەلە چەوساوەدا ساز بکا،

## بۆکان: کوژرانی سێ کەس لە چەند حەوتووی ڕابردوودا لە لایەن هێزە دژیگەلییەکانی ئینتیزامییەوە

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا سێ کەس لە هاووڵاتییانی دانیشتووی ناوچەی بۆکان لە دەرەوەی شار لە لایەن هێزەکانی بەناوئینتیزامییەوە کوژراون. ناوی ئەو سێ کەسە بریتییە لە:

١ـ هاووڵاتییەك بە ناوی "کەریم" ناسراو بە کەریم گالانت کە لە ڕێگای تەورێزو لە ناوچەی "ئیلخچی"دا بە ماشینی بارهەڵگرەوە لە لایەن هێزە خوێنڕێژەکانی ئینتیزامییەوە کوژرا. ناوبراو دانیشتووی گوندی "چەوگاڵ"ی بۆکان بوو.

٢ـ هاووڵاتییەك بە ناوی "محەممەد سەلیم زادە"، لە گوندێکی ناوچەی میاندواودا بە بیانووی هەڵگرتنی باری قاچاغ لە لایەن هێزی ئینتیزامییەوە کوژرا.

٣ـ تەرمی هاووڵاتییەك بە ناوی "موتەلیب" لەسەر ڕێگای "بەرزەڕۆ"ی بۆکان دۆزرایەوە کە جێی باتۆم لەسەر لاشەی دیار بوو. دوای ئەوەی کە چەند شایەتێکیش ڕایانگەیاند کە دیتوویانە کە لە لایەن هێزی دەوڵەتییەوە ئەو جینایەتە کراوەن پزیشکی قانوونی ئەو لێدوانەی بەدرۆ خستەوە.

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی کۆمەڵێك لە لاوانی شارەکانی بانە، سەقزو بۆکان

ئێمە لاوانی نیشتمانپەروەری شارەکانی "بانە، سەقز، بۆکان" بە مەبەستی پشتگیریو پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی قارەمانی شاری مەهاباد، ڕادەگەیەنین کە لە هەموو کاتو ساتێکی دژواردا بەوپەڕی شانازییەوە وێڕای دەستخۆشی گوتن بەم بزووتنەوە مێژووییو دوژمن تۆقێنەیان، هەتا دوایین دڵۆپەکانی خوێنو دوایین هەناسەمان، پشتیوانیتان لێدەکەین. ئێمە لە پێناو گەیشتن بە مافو ئازادییە پێشێلکراوەکانمانو ڕزگارکردنی کوردستان لە ژێردەستەییو کورتکردنەوەی دەستی داگیرکەرانو نەهێشتنی ئاسەواری کۆلۆنیالیزمی ئاخوندی لەو دەڤەرە، هاواری ڕزگاریخوازانەمان ئەدەینە پاڵ نرکەی شێرەکوڕەکانی مەهابادو گرمەی هەناوی دیاربەکرو زایەڵەی مافخوازی براکانمان لە قامیشلووی خوێناویو دڵنیاشین دڵۆپەی خوێنی ئازادیخوازان، قەڵای زاڵم دەڕمێنێ. ئێستا ئێمە لاوانی ئەو نیشتمانە، بە مافی خۆمان دەزانین خاوەنی هەموو ئەو مافو ئازادییانە بین کە لە بەیاننامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان دا گونجاوە. بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی بە مێژوودا دەچینەوە دەبینین کە نەك لە بەشێك، بەڵکوو لە هەموو ئەو مافانە بێبەش کراوینو هەر کاتێکیش تاقە هەنگاوێکمان بۆ وەدەستهێنانیان هەڵگرتبێ لە لایەن دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە، داوای ئازادیخوازیو دێموکراسیخوازانەمان بە چەكو گوللە وەڵام دراوەتەوە. لەو

بۆ لاپەڕەی ١١

# کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو

ئامادەکردنی: قادر وریا

☐ مانگی ١٢ی ١٩٨٨: هەیئەتێکی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی جەعفەری سەحراروودیو بە هاوڕێیەتیی مستەفا ئەجەوادی (مستەفەوی) گەیشتە ڤییەن بۆ ئەوەی لەباری خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وتووێژ بکا.

☐ ١٩٨٨/١٢/٢٧:دوکتور قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەر (نوێنەری حیزب لە ئورووپا) بەناوبژیوانیی مام جەلال تاڵەبانی لە ڤییەن لەگەڵ هەیئەتێکی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە.

☐ ١٩٨٨/١٢/٣١: جارێکی دیکە هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی هەر لەو شارە کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە نزیک بە ٨ ساعاتی خایاند.

☐ ١٩٨٩/١/١٩: دەوری دووهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکراتو هەیئەتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. دوکتور قاسملوو بە بێ مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەکان بوو، لە جیاتیی مام جەلال نەوشیروان مستەفا بەشدار بوو. هەیئەتی کۆماری ئیسلامییش بریتی بوون لە سەحراروودیو مستەفەویو بوزورگیان.

☐ ١٩٨٩/٦/٢٦: ئەمیر مەنسوور بوزورگیان لە سویسەوە هاتە ڤییەنو چاوی بە دوکتور فازل رەسووڵ کەوتو ٣ خاڵی پێ راگەیاند: ١ـ ئێران ئامادەیە بۆ وتووێژ ٢ـ ئێران پێی باش نیە تاڵەبانی بەشدار یا تەنانەت ئاگاداری کۆبوونەوەکان بێ ٣ـ لە جیاتیی تاڵەبانی ئێران پێی باشە د. فازل رەسووڵ وەك ناوبژیکەر بەشدار بێ.

☐ ١٩٨٩/٦/٢٧: د. فازل رەسووڵ تەلەفۆنی بۆ دوکتور قاسملوو کردو پێی گوت کە هەیئەتێکی ئێرانی پێیان راگەیاندوە کە رەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد زۆر تامەزرۆیە. ئێرانییەکان ئامادەن رۆژی ١٩٨٩/٦/٢٩ لەگەڵ لایەنی کورد دابنیشن.

☐ ١٩٨٩/٦/٣٠: دوکتور فازل رەسووڵ بە فرۆکە چووە پاریس بۆ لای دوکتور قاسملوو. پاش ئەم دیدارە دوکتور فازل، ئەمیر مەنسوور بوزورگیای ئاگادار کردەوە کە دوکتور قاسملوو ئامادەیە سەرلەنوێ لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی کۆ بێتەوە.

☐ ١٩٨٩/٧/٦: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە رۆژی ٧/١٤ رۆژی چلەی مەرگی خومەینییەو، وریایی دا کە ئەگەری ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی هەیە.

☐ ١٩٨٩/٧/١٠: پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژە سەحراروودی گەیشتە ڤییەنو رۆژی دوایی چووە هەمان هۆتێل کە مستەفا ئەجوادی پێشتر لێی جێگیر ببوو، ئەوان تا رۆژی ٨٩/٧/١٤ ژووریان لەم هۆتێلە رێزێرو کردبوو.

☐ ١٩٨٩/٧/١١: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر گەیشتنە ڤییەن. پاش چەند ساعات چوونە ماڵی د.فازل بۆ بینینی سەرۆکی پێشووی ئەلجەزایر ئەحمەد بێن بیلا.

☐ ١٩٨٩/٧/١٢: دەوری سێهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکراتو کۆماری ئیسلامیی دەستی پێکرد. پاش دانیشتنێکی چەند سەعاتە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی گوتیان پێویستە ئەنجامی کۆبوونەوەکان بە تاران رابگەیەنینو بۆ سبەینێ دووبارە ئامادەن درێژە بە وتووێژ بدەنەوە.

☐ رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆ بە هاوڕێیەتیی خوسرەو بەهرامی نوێنەی حیزب لە ڤییەن سەردانی وەزارەتی نێوخۆی ئوتریشیان کردو چاویان بە سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەت کەوت. هەر لەوێشەوە وەرێ کەوتن بۆ شوێنی کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی.

☐ رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ کۆبوونەوەی دووهەم لە شوێنی رۆژی پێشوو دەستی پێکرد. دەوری سەعات ٧:٢٠ دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریئازەرو د. فازیل رەسووڵ درانە بەر گوللە. لەو رووداوەدا سەحراروودییش بە هۆی دەست کردنەوەی عەبدوڵڵای قادری ئازەر، بە گوللەی خۆیان بریندار بوو. سەعات ٧:٣٧ پۆلیس گەیشتە شوێنی رووداوەکە.

☐ ١٩٨٩/٧/١٤: بە هۆی فشاری وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش بۆ سەر دادگای ڤییەنو پۆلیسی ئەو وڵاتە، پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبار بوونی دوو ئێرانییەکە (سەحراروودیو بوزورگیان)، بەو بیانوویە کە هیچ شتێکیان لەسەر ئیسپات نیە، نەچووە پێش. بوزورگیان نێردرا بۆ باڵوێزخانەی ئێران

☐ ١٩٨٩/٧/١٦: دەفتەری رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە شاری کۆڵن زانیاریی وردی لەسەر سەحراروودیو بوزورگیان بڵاو کردەوەو رایگەیاند ئەمانە نەك دیپلۆمات بەڵکوو لە بەرپرسانی بەرزی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانو بە فەرمانی رەفسەنجانیو فەللاحیان ئەم تێرۆرەیان ئەنجام داوە.

☐ ١٩٨٩/٧/١٩: دوکتور دانیك، (دادوەر لە دادگای ڤییەن، پاش بازجۆیی لە Maihart (خاوەن فرۆشگەیەك) بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتۆرسیکلێتەی پۆلیس دۆزیویەتەوە، سەحراروودی بە ناوی ساختەی "مستەفا یالچین" کڕیویەتی.

☐ ١٩٨٩/٧/١٩: خاتوو هێلێن قاسملوو رایگەیاند ئەوانەی مێردەکەیان تێرۆر کردوە هەرسێکیان سەر بە دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانو بە فەرمانی رەفسەنجانی (سەرکۆماری ئەوکات) ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە. خاتوو هێلێن لە رێگای پارێزەرەکەیەوە داوای زیندانی کردنی تاوانبارانی کرد, بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش بۆ خۆیان لە نێو خۆیان دا رێك کەوتبوون، داواکەیان رەت کردەوە.

☐ ١٩٨٩/٧/٢٠: تەرمی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کورد، ئێرانیو فەرانسەیی کە زۆر کەسایەتیی ناسراوو بەناوبانگیان لە نێودا بوو، لە گۆرستانی پیرلاشێز بە خاك سپێردرا.

☐ ١٩٨٩/٧/٢٢: سەعات ٧ی ئێوارە، سەحراروودی لەگەڵ چەند لێپرسراوی باڵوێزخانەی ئێرانو بە یاوەریی پۆلیسی ئوتریش گەیشتە فرۆکەخانەی ڤییەنو لەوێشەوە بە سەلامەت گەیەنرایەوە ئێران.

* ٢٧ی ژووئیەی ١٩٨٩: رۆژنامەی سەربەخۆی ئوتریشیی "دێرئێستاندارد" (دوو حەوتوو دوای تێرۆرەکە) نووسی: بە تەواوی دیارە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی هەرچی لە دەستیان هات کردوویانە بۆ ئەوەی کارهاسانی بۆ چوونەوەی شاهیدانو تاوانباران بۆ ئێران بکەنو نەهێڵن نهێنییەکانی ئەم تێرۆرە ئاشکرا بێ".

* ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩: ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠ بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. بە دوای پشتیوانیی دەیان پرۆفیسۆرو نوێنەری پارلمان لە وڵاتانی ئورووپایی لەو پێشنیارە، ئەنجومەنی ناوبراو پێشنیارنامەکەی خۆیو سەنەدو بەڵگەی پێویستی لەو بارەوە لە رۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا بۆ کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە نۆروێژ نارد.

* نوامبری ١٩٨٩: فرانتز لویشناك وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە سەفەرێك دا بۆ واشنگتۆن رایگەیاند کە دەوڵەتی ئێران لە تێرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤیەن دا راستەوخۆ دەستی هەبووە.

*٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: فەرمانی گرتنی سەحراروودی، حاجی مستەفەویو ئەمیر مەنسوور بزورگیان بە تاوانی بەشداریی راستەوخۆ لە تێرۆری ٣ خەباتگێڕی کورد لە لایەن دادگای ئوتریشەوە دەرچوو!

* کۆتایی نوامبری ١٩٨٩: ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر گوللەکان، نیشانی هێلێن قاسملوو دران. بە پێی ئەو ئاکامانە ١ـ ئەم دوو چەکەی کە دەنگ کپ کەر (صداخفەکن) یان لەسەر بوو هەر لە ژووری رووداوەکەداو بە هۆی ٢ کەسی بەشداری کۆبوونەوەکە، کەلکیان لێ وەرگیراوە ٢ـ گوللەکان لە دوو شوێنی جیاوازەوە کە هەر دوو چەکەکەش لە نزیك کوژراوەکانەوە ببوون، هاوێژراون ٣ـ دوکتور قاسملوو، ٣گوللەی بە دوو چەك لێ دراوە، عەبدوڵڵای قادریئازەر بە یازدە گوللە کوژراوەو فازل رەسوول بە پێنج گوللە ٤ـ هیچکام لە تەقەکەرەکان لەبەر دەرکی هاتنە ژووری ئاپارتمانەکە نەبوون ٥ـ لەسەر تەرمی عەبدوڵڵای قادری ئازەر خوێنی سەحراروودی هەبووە ٦ـ لێکۆڵینەوەکان دەریان خست کە سەحراروودی راست ناکا کە بکوژەکان لەدەرەوە هاتبوونە نێو ئاپارتمانەکە.

* ٨ی دیسامبر تا ١٢ی نوامبری ١٩٨٩: برۆنۆکرایسکی، راوێژکار (صدراعظم)ی پێشووی ئوتریش بە خاتوو هێلێن قاسملووی راگەیاند کە لە لایەن خاتوو دانیەلو ئاغای میترانیشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پەروەندەیە پشتیوانیی لێ دەکرێ.

* ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: پیتر پیلتز نوێنەری سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش چلو دوو پرسیاری تازەی لە وەزیری دادگوستەریو دوازدە پرسیاری نوێی لە وەزیری دەرەوە کرد.

*١٩٨٩/١٢/١١: دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە هۆلەند وڵاتی ئوتریشی ئاگادار کردەوە کە تاوانبار ئەمیر مەنسوور بوزورگیان خۆی لە سەفارەتی ئێران لە ڤیەن شاردۆتەوە، پێویستە حکوومەتی ئۆتریش رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە.

* مارسی ١٩٩٠: راگەیەنە گشتییەکانی ئوتریشو ئامریکاو یەك لەوان رۆژنامەی سەربەخۆی "دێرستاندارد" قسەکانی وەزیری نێوخۆی ئوتریشیان لەو بارەوە کە تێرۆری ڤیەن بە هۆی کەسانی سەر بە ئێرانەوە ئەنجام دراوە، بڵاو کردەوە. ئەم قسانە لەبەردەم هەواڵنووسانی تەلەویزیۆنو چاپەمەنییەکانی ئوتریش کرانو لەوانیش دا بڵاو بوونەوە.

*٢٨ی فیوریەی ١٩٩٠: وەزیری نێوخۆی ئوتریش بە هاوسەری دوکتور قاسملووی گوت ئەمن لە بیرم نیە لە بارەی بەشداریی راستەوخۆی ئێران لەم تێرۆرەدا شتێکم گوتبێ. بە پێی مەنتیقیش نەم دەتوانی شتی ئەوتۆ بڵێم، چونکە هیچ بەڵگەیەکی قانوونیم بەدەستەوە نەبوو!

*١٠ی ژووئیەی ١٩٩٠: مانفرێد وایدینگێر وەکیلی ئوتریشیی بنەماڵەی دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا رایگەیاند، فەرمانی گرتنی ٣ تاوانبارەکە لە کاتی خۆیدا دەر نەچوو. بەر لەوەی ٢کەس لەو ٣کەسە خاکی ئوتریش بەجێ بێڵن، ئەو گومانەیان لەسەر بوو کە ئێستا بە هۆی لێکۆڵینەوە لە تەرمەکانو گوللەکان بۆ دادگوستەری پێك هاتوون. روون نیە کەمتەرخەمیی لە کاتی خۆیداو دەرنەچوونی فەرمان لەسەر کام دەزگایە، بەڵام شتێك کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ئەوەیە بەرلەوەی سەحراروودی لە ٢٢ی ژووئیەدا ئوتریش بەجێ بێڵێ، هەموو شتێك روون ببووەو بەڵگەو دەلیلی تەواو بۆ پێشگیری لە ناردنەوەی هەبوون.

*١٣ی ژووئیەی ١٩٩٠: بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی، ژمارەیەك لە نووسەران، رووناکبیرانو پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپا لە بەیاننامەیەك دا رایان گەیاند کە ساڵێك دوای ئەو تێرۆرە بە هۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی " دەوڵەتی ئوتریش نە راستییەکەی روون کردۆتەوەو نە ئەو هەموو ئامرازانەی دەوڵەتێکی قانوونی لە دەستیدا هەن، بە کاری هێناون تا دادپەروەری بە بێ هیچ کۆسپێك کاری خۆی بکا"، ئەوان داوایان کردبوو ئەم جینایەتە بێ سزا نەمێنێتەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بڵاو بکرێتەوەو رێکخەرانی ئەم تاوانە بە بیروڕای گشتیی بناسێندرێنو بدرێن بە دادگا.



*١٨ی ژووئیەی ١٩٩٠: کاناڵی دووهەمی تەلەفیزیۆنیئەڵمان لە راپۆرتێکی بەڵگەدار لە بارەی رایەڵکەی تێرۆریستی ئایەتوڵڵاکان لە ئورووپادا بەشێکی سەرەکیی بۆ تێرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی تەرخان کرد. بە پێی راپۆرتەکە: تێرۆرەکە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لە پێشەوە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. ١٤ ئێرانی بە پاسپۆرتی سیاسییەوە لە هوتێلی ئێم ئێشتێفانزدۆم (١٨) نیشتە جێ ببوون. ئەوان لە بێرلینەوە هاتبوونو ئەو مەئمووریەتەیان هەبوو کە ئەگەر تیمی تیرۆر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوان دەست بە کار بنو کارەکە تەواو بکەن.

* ١٩٩١/٢/٨: خاتوو هێلێن قاسملوو (لە رێگای پارێزەرەکەیەو Manfred weidnger جارێکی دیکە بە رەسمی حکوومەتی ئوتریشی تاوانبار کردو سکاڵای خۆی پێشکەشی دادگای ڤیەن کرد. لە رۆژی ١٩٩١/٩/١٥ دادگا وەڵامی نیگەتیڤی پێ دایەوەو تەنانەت داوای بژاردنەوەی هەزینەی کارکردن لەسەر ئەو سکاڵایەی لێ کرد.

○ ١٥ی دیسامبری ١٩٩٥: دادستانی ئەڵمان لە درێژەی کاری دادگای میکونووس دا، ئاگادار بوون لە دەخاڵەتو رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڤیەنی بر روونبوونەوە لەسەر تیرۆری میکونوس بە پێویست زانی. هەر بۆیە داوای کرد: ١ـ حوکمی جەلبی دەزگای قەزایی ئوتریش لەبارەی سەحراروودی، بوزورگیانو مستەفا ئەجوادی لە دادگای میکونووس دا بخوێندرێتەوە. ٢ـ کارناسی پولیسو بەرپرسی بازجوویی پەروەندەی تیرۆری ڤیەن بەناوی "فرانتس ئۆستۆڤیس" وەك شاهید بۆ دادگای میکونووس بانگ بکرێ. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ٢٣ی فیوریەی ١٩٩٥: بەڕێز ئۆستۆڤیس کارمەندی وەزارەتی نێوخۆی ئوتریش لە بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم لە ئیدارەی جینایاتی سیاسی لە دادگای میکونووس دا وەك شاهید ئامادە بووو لەسەر تیرۆری ڤیەنو لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە، شیکردنەوەی خۆی خستە روو. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ١٤و١٥ی ئۆکتوبری ١٩٨٩: بە ئیبتیکاری بنیاتی فرانس لیبرتێو هاوکاریی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس یەکەمین کونفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کورد لە شاری پاریس پێك هات. ئەو کونفرانسە کە زیاتر لە دووسەد شەخسییەتیی بەناوبانگی جیهانی تێدا بەشدار بوونو بەناوی "کونفرانسی کورد، مافی مرۆڤو کەسایەتی فەرهەنگی ئەوان" ناسرا، بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، پێشکێش بە یادی ئەو تێکۆشەرە ناسراوە کرا. ("کوردستان" ژ ١٧٣، مای ١٩٩١، بانەمەڕی ١٣٧٠)

○ ٨ی ژوئەنی ١٩٩١: کورت والدهایم سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی ئابووری، بازرگانیی ئوتریش بە سەردانێکی رەسمی هاتە ئێرانو لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. پتەو کردنو بەهێز کردنی پێوەندییە ئابووریو بازرگانییەکانی نێوان ئوتریشو رێژیمی ئاخوندیو هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو بارمتە رۆژئاواییانە کە لە مێژە گیرۆدەی دەستی تاقمە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوون، گرینگترینی ئەو مەبەستانە بوون کە ناوبراو لەو سەفەرەدا بە دوایان دا دەگەرا. شایانی باسە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ (١٩٩٠)دا کۆماری ئیسلامی رایگەیاند لەو ماوەیەدا (لە دوای تیرۆری دکتور قاسملۆوە) زیاتر لە سەد پرۆتۆکۆلی ئابووریو بازرگانی لەگەڵ ئوتریش ئیمزا کراوە. ("کوردستان"، ژ١٧٥، ژووئیەی١٩٩١، پوشپەڕی ١٣٧٠)

○١٥و١٦و١٧ی مارسی ١٩٩١: کۆنفرانسی بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا کە لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، لە دوا خاڵی بەیاننامەی خۆیدا ئەم بڕیارەی لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووە پەسند کرد:

"کونفرانس بڕیاری دا لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو عەبدوڵڵای قادری نامەیەك بۆ دەوڵەتی ئوتریش بنووسرێو لەو دەوڵەتە داوا بکرێ وەك دەوڵەتێك کە ئەو کارەساتە لە وڵاتەکەیدا قەوماوە، بیروڕای گشتیی جیهانیو خەڵکی کوردستان لە جوزئیاتی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی کە بە ئاشکرا لەژێر پێنانی ئوسووڵی ئەخلاقیو نێونەتەوەییە، ئاگادار بکا". ("کوردستان"، ژ١٧٢، ئاوریلی ١٩٩١، خاکەلێوەی ١٣٧٠)

○ ٢٧و٢٨ی سێپتامبری ١٩٩١ (٥و٦ی رەزبەری ١٣٧٠): کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "گەلی کورد، داهاتوویەکی بێ مافی ئینسانی" کە بە سەرپەرستی گێرهارد شرۆیدەر سەرۆك وەزیری دەوڵەتی ساکسی خوارو لە بۆن پێك هات، لە بڕیارنامەی خۆیدا داوای لە وڵاتی ئوتریش کرد: " لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریو دوکتور فازیل رەسووڵ لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە ڤیەن بە دەستی نوێنەرانی رەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو، تەواو بکاو وێڕای بڵاو کردنەوەی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکە، پیاو کوژەکان بخاتە بەر تەعقیبی قانوونی. ("کوردستان" ژ١٧٨، ئوکتوبری ١٩٩١، رەزبەی ١٣٧٠)

○ ٢١ـ٢٨ی دیسامبری ١٩٩١(٣٠ی سەرماوەز تا ٦ی بەفرانباری ١٣٧٠): کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی قاسملوو) یەکێك لە بڕیارە سیاسییەکانی خۆی "بۆ سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش" تەرخان کرد. لەو بڕیارەدا پاش ئاماژە بەوە کە سەرەڕای رابردنی دووساڵو نیو پاش تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هێشتا دەوڵەتی ئوتریش رێگای نەداوە عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە بناسێندرێن، هاتبوو: "کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی قاسملوو لە کاتێك دا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لەو پێوەندییەدا مەحکووم دەکا، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان داوا دەکا فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بێ پەردەو بە راشکاوی بە دنیا بناسێنێو عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە کە بێجگە لە کاربەدەستانی رێژیمی ئاخوندی کەسێك نین، لەقاو بدا". (کوردستان١٨١، ژانویەی ١٩٩٢، بەفرانباری ١٣٧٠)

○ ٢٠ی سپتامبری ١٩٩٩ (٢٩ی خەرمانانی ١٣٧٨): توماس کلیستیل سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی پایە بەرزی دەوڵەتی بە سەردانێکی رەسمی گەیشتە ئێران. سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ ئێران لە کاتێك دا بوو کە کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامی بۆ چوار کەس لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان دەرکردبووو سەدان کەس لە لاوانی ئازادیخوازی ئێران بە تۆمەتی بەشداری لە نائارامییەکانی مانگی پووشپەڕی تاران، تەورێز، ئیسفەهان دا لە بەندیخانەکانی ئەو رێژیمە لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجە بەرەوروو بوون. ئەو سەفەرە بە دوای یادی دەساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەودا سەدان شەخسییەتی بەناوبانگی سیاسی، زانستی،و کۆمەڵایەتی داوایان لە دەوڵەتی ئوتریش کرد, پەروەندەی ئەو جینایەتە وەجەرەیان بکەوێتەوەو عامیلانی بناسێندرێن، ئەنجام درا. هەر بۆیە سەفەری توماس کلیستیل بۆ ئێران لەگەڵ نارەزایەتیی توندی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیونو رۆژنامەکانی لایەنگری ئازادیو مافی مرۆڤ بەرەوروو بوو. لە دەرەوەی ئەو وڵاتەش بێزاریی کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزەری ئاشتیو دیمۆکراسی بۆ لای خۆی راکێشا. ("کوردستان" ٢٧٥، خەرمانانی ١٣٧٨)

○٣١ی ژووئیەی ٢٠٠٣: دوکتور مانفرید وایدینگێر وەکیلی ئوتریشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پەروەندەی تیرروری دوکتور قاسملوو، بێسەرو شوێن کرا. تەرمی ئەو پارێزەرە رۆژی ١٣ی سێپتامبری ٢٠٠٣ پاش مانگێكو٣ رۆژ لە بێسەرو شوێن بوونی لە دارستانێك لە دەرەوەی ڤیەن دۆزرایەوە.

پەراوێز:

☐ ئەو زانیارییانەی ئەم نیشانەیان لەسەرە لە پوختەی کتێبەکەی دوکتور پیتر پیلز "ئوسکورت بەرەو تاران" وەرگیراون کە "قوتان" بە زمانی کوردی ئامادەی کردوە.

* ئەو زانیارییانەی ئەم نیشانەیان لەسەرە لە نووسینێکی خاتوو هێلێن کرۆلیش (قاسملوو) کە شەیدا نەبەوی کردوویە بە فارسیو لە ژێر ناوی "معمای قاسملو" لە ژمارە ١٨، زستانی ١٣٦٩ی گۆڤاری "چشم انداز"دا بڵاو بۆتەوە، وەرگیراون.

○ ئەو زانیارییانەی ئەم نیشانەیان لەسەرە، سەرچاوەکەیان لە تەنیشت خۆیان نووسراوە.

❊❊❊

# چالاکی‌و تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## دیداری بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لەگەڵ رێبەری حیزبی دێموکراتی نوێ‌و پارلـمانتارێکی کانادا لە شاری وانکۆوێر

رۆژی ٢٠٠٥/٧/٨، نوێنەری پێوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وانکۆوێری کانادا کاك سەعدی عەبدی لە شاری وانکۆوێر چاوی کەوت بە بەڕێزان جەك لێتیون (Jack Latyton)، رێبەری حیزبی دێموکراتی نوێ (NDP)و بیل سکسای (Bill Siksay)، نوێنەری پارلـمانی کانادا.

لەم چاوپێکەوتنەدا بابەتەکانی خولی نوێـەمی بەناوهەڵبـژاردنی سـەرکۆمارییی ئێـران, هاتنەسـەرکاری ئەحمەدی‌نـەژادو مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی‌و هەروەها سیاسـەتە توندڕەوانـەکانی نـاوبراو لـە ئاسـتەکانی نێوخۆو ناوچەو جیهان هاتنە بەرباس.

## بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی‌یەوە لە واشنگتۆندا ڕێوڕەسمێك بەڕێوەچوو

رۆژی یەکشـــەممە، ٢٠٠٥/٧/١٠ (١٣٨٤/٤/١٩)، بە بۆنـەی شـازدەهەمین سـاڵڕۆژی تـیرۆری دوکتـور قـاسملوو و هاوڕێیانی لە ئوتریش، لە هۆتێـل "دابـل تری" لە کورنێزی ئەیاڵـەتی ویرجینیـادا، ڕێوڕەسمێك بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سـروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی رەقیـب" دەستی پێ‌کردو دواتر بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگیرا.

پاشان بەرپرسی کومیتەی حیزب لـە ئامریکـا، کـاك مورتـەزا ئەسـفەندیاری وتارێکی کە تێی‌دا ئاماژە بە نامـەی ئـەم دوایانـەی سـکرتێری گشـتیی حیـزب بـۆ سەدری ئـەعزەمی ئـوتریش، کەسـایەتی‌و رابـردووی تێکۆشـانی دوکتـور قـاسملوو پێویسـتی پێکهێنـانی کـۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ‌و ئاواتی دوکتور قاسملوو بۆ پێکهێنانی وەها بەرەیـەك‌و... کرابوو، پێشکەش کرد.

دواتر پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن نوێنەرانیانەوە خوێندرانەوەو هەروەها بەڕێز "عەبدیان"، نوێنەری حیزبی هاوپێوەندی گەلی عەرەب لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵەوە وتارێکی پێشکەش کرد کە تێی‌دا دوکتور قاسملووی بە کەسایەتی‌یەکی دیپلۆمات، ئابووریزان، مێژووناس، شاعیر و پێشمەرگەو بە رێبەری سەرجەم نەتەوەکانی ئێرانی لەقەڵەم دا. پاشان دوکتور نەجمەدین کەریم وتارێکی سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و رەوشی ئێستای کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا پێشکەش کردو بەدوای ئەودا بەڕێز حەسەن ماسالی وتارێکی خوێندەوەو هەروەها یەکیەتیی شۆڕشگێڕانیش پەیامی خۆی پێشکەش کرد.

لـە نێـوان ڕێوڕەسمەکـەدا پـەیامی نوێنەرایەتیی حیـزب لـە دەرەوەی وڵات ـ پاریس لە لایـەن کـاك حسێن مالی‌یـەوە خوێندرایەوە.

بەشێکی تـر لـە بەرنامـەکانی ئـەم ڕێوڕەسـمە نمایشـکردنی شـانۆیەکی خەمهێنـەر لـە لایـەن کـاك محەمـەد داستانەوە بوو کە لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازیی لـێ‌کرا.

## ئۆتریش
## بەڕێوەچوونی سیمینارێك لەمەڕ تیرۆری دوکتور قاسملوو

رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٣ (١٣٨٤/٤/٢٢)، کومیتـەی حیـزب لـە وڵاتی ئوتریش بە بۆنەی ساڵڕۆژی تـیرۆری رێبـەری زانـای کـوردو مامۆسـتای دێموکراسـی، دوکتـور عەبـدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیـزب‌و کـاك عەبـدوڵڵا قادری‌ئـازەرو دوکتـور فـازڵ رەسـوول، بـە دەسـتی دیپلۆماتـە تیرۆریسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڤیەنی ئوتریش، سیمینارێکی بە بەشداریی کـوردانی هـەموو پارچـەکانی کوردسـتان پێك هێنا.

سـیمینارەکە سـەرەتا بـە ڕاگرتنـی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پـاکی شـەهیدانی کوردسـتان دەسـتی پـێ‌کردو دواتـر لـە لایـەن بەرپرسـی کومیتەی حیزبەوە لە وڵاتی ئوتریش، کاك کیومـەرس شەهسـەواری، وتارێـك پێشـکەش کـرا کـە تێـی‌دا ئامـاژە بـە کارەسـاتی ٢٢ی پووشـپەڕ، بیروبۆچـوونی دوکتـور قـاسملوو لەسـەر دێموکراسـی، کۆنگرەی ١٣ی حیزب‌و ئاکامـەکانی وەك هەڵبژێرانی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بە سـکرتێری گشـتیی حیـزب، دیـاریکردنی دروشمـی فیـدرالیزم بـۆ ئێـران، دەسکەوتەکانی گـەلی کـورد، بـارودۆخی ئێستای ئێران‌و نوێکردنەوەی بـەڵێنی بـۆ درێـژەدانی رێگـای دوکتـور قـاسملوو، کرابوو.

پاشـان کـاك وریـا رەوانـدزی، سیاسـەتڤانی کـوردو هـاوڕێی دوکتـور قاسملوو، باسێکی لەسەر بیرەوەری‌یـەکانی خـۆی لەگـەڵ کـاك دوکتـور قـاسملووو بۆچوونەکانی ئەو، پێشکەش کرد. بەدوای ئـەودا دوکتـور رەنـج رەسـوول لـە لایـەن بنەماڵەی شەهید دوکتور فازڵ رەسووڵەوە وتارێکی پێشکەش کردو پاش پشوودانێك پەیامی فیدراسیۆنی کورد کە لـە هـەموو حیـزب‌و رێکخراوەکـانی چـوار پارچـەی کوردسـتان پێـك هـاتوە لـە لایـەن کـاك "مەتین جان"ەوە پێشکەش کراو هەروەها پەیامی پارتی دێمـوکراتی کوردسـتان لـە لایەن کاك ئازادەوە خوێندرایەوە.

شیاوی باسە لەو سیمینارەدا وێنـەی شـەهیدان‌و وتـە بەنرخـەکانی شـەهید دوکتور قاسملوو بە ئیسلاید پیشـان دران. شایانی باسـە کـە سـیمینارەکە هاوکـات لەگەڵ کاتی تیرۆرکرانی دوکتور قـاسملوو و هاوڕێیانی‌دا دەستی پـێ‌کردو ٣ کاتـژمێر درێـژەی کێشـا (کاتـژمێر ١٨ تـا ٢١ی شەو).

## بەشداریی کومیتەی حیزب لە ڕێوڕەسمی ناساندنی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پارلـمانتارانی بریتانیا

رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٣، کومیتەی حیزب لە بریتانیا لە ڕێوڕەسمی ناساندنی نوێنەری حکوومـەتی هـەرێمی کوردستان، خاتوو "بەیان سامی عەبدولڕەحمان" بە ئەندامانی پارلـمانی ئینگلیس‌و هەروەها کەسایەتی‌یە ناسراوو کۆمپانیا گەورەکانی بریتانیا بەشداری کرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێزان تـۆرم هـاری، راوێژکاری حکوومـەتی هەرێم، تۆم کلارك، ئەنـدامی پارلـمان‌و سـەرۆکی گرووپـی کوردان لە پارلـمانی بریتانیـاو خوشـکە بەیان چـەند وتەیـەکیان پێشـکەش کـردو هـەروەها بـاڵوێزی عێـراق کـاك سـەلاح شێخلی‌و زۆربەی باڵوێزەکان بەشداربوون.

لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز مەولوود سوارە، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە بریتانیا هاوڕێ لەگەڵ بەڕێز محەمەد عەلیار لە لایەن کومیتەی حیزبەوە لەگەڵ ئەم کەسانەی خوارەوەدا چاوپێکەوتنیان پێك هێنا:

١ـ بەڕێز خاتوو ئان کلوید (Ann Clwyd)، ئەندامی پارلـمان‌و نوێنەری بەڕێز تۆنی بلێر لە بەغدا

٢ـ توماس، تاجرو سەرمایەدار

٣ـ رێـزدار تـۆم کـلارك، ئەنـدامی پارلـمان‌و سـەرۆکی گرووپـی کـوردان لـە پارلـمانی بریتانیا

٤ـ بـەڕێزان خـاتوو هـاتی پیتێـرو فێنچەر ئوکتۆپـوز، بەرپرسـانی پرۆسـەی مندالان

٥ـ بەڕێز بـەدر عەبـدوڵڵا ئـەلمونیخ، سکرتێری دووهەمی باڵوێزخانەی کوەیت

لەم چاوپێکەوتنانەدا داوای پشتیوانی لە نامەی بـەڕێز کـاك مسـتەفا هیجـری، سـکرتێری گشـتیی حیـزب بـۆ بـەڕێزان د.ولفانگ شۆویسێل‌و د.هـاینتس فیشـێر کـراو هـەروەها شـەهیدکردنی شـوانە سـەیدقادری وەك هەدیـەی سـەرکۆماری نـوێی تیرۆریسـتیی ئێـران بـۆ خـەڵکی کوردسـتان‌و داخسـتنی دوکـان‌و بـازاڕی شاری مـەهاباد بـە بۆنـەی شـازدەهەمین سـاڵوەگەڕی تـیرۆری شـەهید دوکتـور قاسملوو، بەشێکی‌تری وتووێژەکان بوون.

## چاوپێکەوتنی کام میرۆ عەلیار، نوێنەری حیزب لەگەڵ دوو نوێنەری پارلـمانی ئاڵمان

نوێنـەری حیـزب لـە درێـژەی سـەفەرەکەی خۆی‌دا بـۆ بەشـداریی لـە سیمیناری "ئێرانی پاش خاتەمی..." لـە بێرلینی ئاڵمان لـە رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٤دا دوو چاوپێکەوتنی لـە پارلـمانی ئاڵمـان پێك هێنا.

ـ یەکەم دیدار, لەگەڵ بەڕێز "یـۆرن بۆیم"، ئەنـدامی فراکسیۆنی پارلـمانی حیزبـی سـەوزەکانی ئاڵمـان. نـاوبراو هـەروەها هاوئاهەنگکـەری کـۆڕی کـار لەسەر سیاسەتی دەرەوە، مـافی مرۆڤـو چەکدامالینە.

شایانی باسە کـە وەزارەتـی دەرەوەی ئاڵمان لە دەستی حیزبی سەوزەکان دایە.

ـ دووهـەم دیـدار, لەگـەڵ رێـزدار "مـارکووس لـوێنینگ"، ئەنـدامی فراکسیۆنی پارلـمانی حیزبـی لیبراڵـی ئاڵمان (FDP)و سەرۆکی ئەو حیزبـە لـە بێرلین.

لـەو چـاوپێکەوتنانەدا مەسـەلە جۆراوجۆرەکـانی پێوەندیـدار بـە ئێـران‌و کوردسـتانی ئێـران‌و سیاسـەتی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بەو مەسەلانەو هەروەها سیاسەتی رۆژئاوا لـە بەرامبـەر کۆمـاری ئیسـلامی‌دا خرانـە بەرباس.

## نۆروێژ ـ بێرگن
## بەڕێوەچوونی ڕێپێوانێك بە بۆنەی ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو

رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٦، بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو هاوڕێیانی, کومیتەی ناوچەی حیزب لە بێرگنی نۆروێژ ڕێپێوانێکی بەڕێوەبرد کە بێجگە لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب، هەردوو کومیتەی ڕێکخستنی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و کومیتەی ناوچەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان چالاکانە تێی‌دا بەشدارییان کرد.

سەرەتای ڕێپێوانەکە بە راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان‌و خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ‌کرد. دواتر پەیامی کومیتەی ناوچەی حیزب لە لایەن بەرپرسی کومیتەی ناوچە، هاوڕێ کاك ناسر قاردپوورەوە پێشکەش کرا. هەروەها ژمارەیەکی زۆر نووسراوە لە پێوەندی لەگەڵ کارەساتی ڤیەن دا بە زمانی نۆروێژی بلاو کرایەوەو بەشداران جیا لە گوتنەوەی دروشم لە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، داوایان لە وڵاتی نۆروێژ کرد کە بۆ گوشارخستنە سەر رێژیم پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵـی‌دا رابگرێ.

شـیاوی باسـە کـە هـەر لـە کـاتی ڕێپێوانەکـەدا رۆژنامـەی "B–A" هەڤپـەیڤینێکی لەگـەڵ هـاوڕێ کـاك ئیدریس ئابدە، ئەندامی کومیتەی حیزب سەبارەت بە ئامانجی ئـەو ڕێپێوانـە پێـك هێنا.

## ئۆستڕالیا ـ ئادێلاید
## ڕێوڕەسمی ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو

رۆژی یەکشـــەممە، ٢٠٠٥/٧/١٧، کومیتەی ئادێلایدی حیزب لـە ئوسـترالیا بە بۆنەی ١٦هـەمین سـاڵوەگەڕی تـیرۆری دوکتـور قـاسملووو هاوڕێیـانی بەدەسـتی رێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لـە ڤیەنی ئوتریش ڕێوڕەسمێکی پێك هێنا.

دەسپێکی ڕێوڕەسمەکـە خوێندنـەوەی سـروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی رەقیـب"و راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگـرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بوو.

دواتر لە لایەن ١٦ لاوی کوردەوە ١٦ مۆمی رێزلێنان بەم بۆنەوە داگیرسێندران. پاشان بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئادێلاید، کاك محەمەد هاشمی پەیامی کومیتەی پێشکەش کردو هەروەها هێندێ لە بەشداران‌و ئەندامانی حیزبی بە خوێندنەوەی وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملووو شێعرو وتارڕێوڕەسمەکەیان رازاندەوە.

کۆتایی‌هێنەری ڕێوڕەسمەکە نمایشکرانی فیلمێك بوو لەسەر ژیاننامەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو.

## راگەیەندراوی کومیتەی حیزب لە سوئێد بۆ وەڕێخستنی خۆپیشاندان بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ئازادیخوازی مەهاباد

**بۆ هەموو کومیتەو شانەکانی حیزبی لە وڵاتی سوئێد!**

**سلاوێکی شۆڕشگێڕانە!**

بەڕێزان کومیتەی سوئێد بەرنامەی سازدانی تەزاهوراتێکی بەپەلەی هەیە بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگری خەڵکی شاری مەهابادو بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ماوەی ١٠ رۆژە بە دڕندانەترین شێوە خەڵکی شاری مەهاباد سەرکوت دەکا. تا ئێستا بە دەیان لاوی شاری مەهابادی گرتوە تا ئاخرین هەواڵ چوار کەس لە هاووڵاتییان شەهید بوون‌و چەندین نەفەری تریان لـێ‌بریندار کراون.

بەڵام موقاومەتی خەڵك درێژەی هەیە.

تکایە ئامادەگیتان هەبێ‌و لە هاوکاری‌و بەشداریتان سەبارەت بە هێنان‌و بردنی خەڵك‌و چەندی‌و چۆنی ئاگادارمان بکەنەوە.

کات: رۆژی شەممە، ٢٣ی مانگ، سەعاتی 12.00 تا 15.00

شوێن:

لەبەر سەفارەتی ئێران

تێبینی:

داوای موافقەتی پۆلیسی بۆ کراوەو بە زووترین کات لە ئاڵوگۆڕەکان ئاگادارتان دەکەینەوە.

چاوەڕوانی هیممەتی هەموو لایەکتانین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ـ کومیتەی سوئێد
٢٠٠٥/٧/١٨

## دیداری کومیتەی حیزب لەگەڵ کومیسارییای بەرزی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئوتریش

رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٨، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەرانی کورد لە تورکیە، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئوتریش، کاك کیومەرس شەهسەواری پێوەندی بە کومیسارییای بەرزی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەشی پەنابەران لە وڵاتی ئوتریش گرت‌و لەگەڵ خاتوو "بریگیت ئاینتست برگر" لەسەر رەوشی نالەباری ژیانی پەنابەرانی کورد لە تورکیە قسەی کردو داوای کرد کە بەپێی ئیمکان هەوڵ بدەن بۆ پاراستنی گیانی ئەو پەنابەرانەو دابینکردنی پێداویستی‌یەکانیان تا ئەو کاتەی کە لە تورکیەن‌و بەتایبەت هەوڵ بدرێت لە زووترین کاتی گونجاودا ئەو پەنابەرانە بۆ وڵاتی سێهەم بەرێ بکرێن.

خاتوو ئاینتس برگر لە وەڵام دا گوتی ئێمە بەپێی ئیمکانی خۆمان لە باری ئەخلاقی‌و مرۆڤایەنی‌یەوە بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانی ئەو پەنابەرانەو وەرگرتنیان لە لایەن وڵاتی سێهەمەوە هەوڵ دەدەین. هەروەها ناوبراو گوتی کە لە پاش رووداوی ١١ی سێپتامبر مەرجەکانی وەرگرتنی پەنابەران دژوار بوون‌و دەوڵەتی تورکیەش بە هۆی سیاسی‌یەوە بەو پەنابەرانەی کە لە عێراقەوە بۆ ئەوێ هاتون، ئیزنی بەجێ‌هێشتنی وڵاتی تورکیە ناداو داوای کرد کە ئەو پەنابەرانەی کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە دەگیرێن، بنەماڵەکانیان بەزووترین کات بەشی پەنابەرانی دەفتەری کومیسارییای بەرزی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاگادار بکەنەوە.

***

# درێژەی هەواڵەکانی کوردستان

هەلومەرجە ناسکەدا ئێمە بەوپەڕی بەرپرسیارێتی‌یەوە بە ئەرکی نیشتمانی خۆمان دەزانین کە بۆ دەربڕینی هاوسۆزی‌و پشتیوانیمان لە خەڵکی مەهاباد، بە دوژمنانی نەتەوەی کورد بڵێین کە لاوانی مەهاباد، تەنیا نین‌و ورەو پشتیوانیی هەموو لاوانی نیشتمانیان لە پشتە. ئەوە دژەکوردەکانن کە لە ئاکام‌دا بێ‌پشت‌وپەنا دەمێننەوەو بەوپەڕی سووکی‌و کەساسی دەخرێنە نێو زبڵدانی مێژووەوەو لە کۆتایی‌دا داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکان‌و راگەیەنە کوردی‌یەکانی هەر چوار پارچە، لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دەکەین کە خەڵکی مەهاباد لەو قۆناغە ناسکەدا بەجێ مەهێڵن.

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بەسەر...
گەر بشمرین تەنیا دیلی دەدۆڕێنین
چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟
گەر بشمرین هەر شەهیدین
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟

## بۆکان: رێژیم بە بۆنەی خۆپیشاندانی خەڵکی مەهابادەوە لە کەشوهەوای حکوومەت نیزامی راگەیاندوە

رۆژی ١٣٨٤/٤/٢٧، لە لایەن هێزەکانی رێژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە ترس راپەڕینی خەڵك‌و لاوانی شاری بۆکان بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهاباد، بارودۆخی حکوومەت نیزامی راگەیەندرا.

هەروەها چەند رۆژ لەمەوپێش، رێژیم بۆ ئەم مەبەستە چەندین هەزار بەسیجی لە شارەکانی میاندواو بناوەوە هێناوەتە بۆکان. سەرەڕای ئەمەش لاوانی بۆکان بەیانیی رۆژی ٢٧ی پووشپەڕ لە مەیدانی فەرمانداری کۆبوونەوە کە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوە بڵاوەیان پێ‌کراو پاشان حکوومەت نیزامیی تەواو راگەیەندرا.

شیاوی ئاماژەپێ‌کردنە کە هەر لەم پێوەندییەدا تەواوی شەقام‌و جادەکانی بۆکان وەك پردی تازە، جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، جادەی بەنداوی بۆکان‌و جادەی بۆکان ـ میاندواو لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کۆنترۆڵ کراون.

## تێکهەڵچوونی چەکدارانەی نێوان خەباتکارانی بەلووچ‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی

بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران، رۆژی ١٤ی پووشپەڕی ١٣٨٤ رایگەیاند کە هێزە خەباتکارەکانی بەلووچ لە هەرێمی بەلووچستانی ئێراندا بەگژ هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چوونەتەوەو لە شەڕێکی نابەرابەردا توانیویانە ژمارەیەکی زۆر لە هێزە داپڵۆسێنەرەکانی رێژیم بکوژن.

بەپێی راگەیەندراوی "بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان" لە نێو کوژراوەکانی رێژیم‌دا لاشەی چەند سەرتیپ، سەروان‌و ستوان‌و بەسیجی‌یەك بینراون.

بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان هەروەها رایگەیاند کە ئەو بەرەیە باوەڕی بە رێگاچارەی مەدەنی‌و ئاشتیخوازانە هەیە، بەڵام ستەم‌و سەرکوتی لەرادەبەدەری گەلی بەلووچ لە لایەن رێژیمی ئاخوندی‌یەوە, هیچ رێگایەکی دیکەی جگە لە بەرخۆدانی چەکدارانە بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتوو و مافخوازی بەلووچ نەهێشتۆتەوە.

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 417 22 July 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com — e- mail: info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org — e- mail: pdkiran@club-internet.fr

www.rdki.com — e- mail: rdk_iran@yahoocom


# وتەکانی دوکتور قاسملوو لە دواساتەکانی ژیانی‌دا



**وتووێـــژەکانی نـــاردراوانی تـــاران‌و ڕێبـــەرانی کـــورد بـــەهۆی بەشـــدارانی وتووێژەکـــەوە لەســـەر کاســـێت تۆمـــار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمـۆکراتی کوردســـتانی ئێـــران. عەبـــدولڕەحمان قـــاسملوو قـــەت بـــەم وردبینی‌یـــــە دەروونناســـــــی‌یانەوە بۆچـــــوونەکانی خـــــۆی لـــــەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:**

"لە دوو چاوپێکەوتنی پێشـوومان دا، ئێمـە لـەبارەی دوو خـاڵی ئەسـڵی‌یەوە قسـەمان کـرد: قبـووڵ کردنـی ئەسـڵی خودموختـــاری‌و ئەســـڵی تێکۆشـــانی ئازادانەی حیزبـی ئێمـە لـەنێوخۆی وڵات دا. ئێـــوە وڵامتـــــان دایـــەوە کـــە هەڵســـووڕێنەرانی ڕێـــژیم لەگـــەڵ قبـــووڵ کردنـــی ئەســـڵی خودموختـــاری‌دا نـــین. لـەبارەی خـاڵی دووهەمـەوە، ئێمـە لـە دەفتـەری سیاسـی‌دا باسـێکی زۆر دوورو درێژمان هـەبوو کـە ئایـا پێشـمەرگەکان چـەکەکانیان تـەحویل بدەنـەوە یـان نـا؟ دەفتـەری سیاسـی وا بـیر دەکاتـەوە کـە مومکین نیە چەك تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شـەڕو ئـەو هـەموو قوربانیدانـە، خودموختـاری بـووە بـە سـەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانـەوێ ئێمـە وشـەیەکی دیکـە بـەکار بێـنین؟ ئەگـەر نیوەرۆکی خودموختـاری قبـووڵ دەکـەن، چـلۆنە کـە لـە وشـەی خودموختـاری دەترسن؟" **قاسملوو هەر لـەو کاتـەدا کـە خۆی وك پیاوی خودموختاری ناو دەبـا، دەڵێ: "نەسڵی من، نەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختاری‌یـە". پاشـان وێـڕای داوای درێـژەی وتووێـژ، وریایـان دەکاتەوەو دەڵێ: "دڵنیا بـن ئەگـەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی"...**

"ئەوەیان مومکین نیە کە وشـەی خودموختاری چاوپۆشـی لێ بکـرێ. ئـەم وشـەیە بـۆ نەتـەوەی کـورد واتایەکی عاتیفی‌و مێژوویی هەیـە. ئـەم وشـەیە سـەمبولێکە. مـن وا هەست دەکەم کە ئێـوە نێوەرۆکەکـە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لـە وشـەکە بێـنین. لـە ئیسـلام دا هـــەرکاتێك دەقێکـــی پـــیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی "بسم اللـە الـرحمن الـرحیم" دەسـت پـێ بکرێ. ئـەوەش ڕاست وایـە. ئێـوە نیـوەرۆکی خودموختاریتـان قبووڵـە بـەڵام بـە بـێ بسـم اللـە الـرحمن الرحیم".

"ئێوە دەڵێن کە لە هەلومـەرجی ئێســـتادا مەســـەلەی ئەســـڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیـــە، بـــەڵکوو چارەســـەری پێوەنـــدیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتانی ئێـــران‌و کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێـــران مەبەســـتی ئەســـڵی‌یە. ئێمـــە هاتووینـــە ئێـــرە کـــە داواتـــان لێ بکـــەین مەسەلەی خودموختاری چارەســـەر بکـــەن". **دوکتور قـاسملوو هـەوڵ دەدا کـە مـافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سـەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.**

**لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ:** "ئەوەی بـۆ ئێمە مەسـەلەیە ئەوەیـە کـە ئایا کۆمـاری ئیسـلامی بـە راسـتی دەیـەوێ کێشـەی میللییەتەکان لـە ئێـران دا چارەسـەر بکـا؟ ئەگەر وەڵامی کۆمـاری ئیسـلامی بەڵێـیە، ئێمـە دەمانـەوێ بـزانین کـە دەیـەوێ چـۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شـێوەی سـەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمـە کوردەکـان لانیکـەمی داخوازەکانمـان هێناوەتـە گـۆڕێ. ئێمـــە فیدرالیزمیشـــمان قبووڵـــە، بـــە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیـەوە کـەکاتی خـۆی لـە ئیسـلام دا جـۆرە فیدرالیزمێك هەبووە واباشترە کـە فیـدرالیزم هەڵبژێردرێ‌و بـۆ وێنـە یەکیـەتیی کۆمـارە فیدراڵەکانی ئێـران پێـك بهێنـرێ. کـەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆیی‌تان قبووڵ بێ، نـە فیـدرالیزم‌و نـە خودموختـاری، ئـەو بـەو مانایەیە کەناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن".

قـاسملوو ئـەو ئاکامـە وەردەگـرێ کـە: "لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکـەی ئێـران خوازیـاری خودموختـاری بـێ. دەبـێ ئـەو ئازایەتی‌یە هەبێ‌و بە ئوسـوول‌و پرینسـیپی ئـەوتۆ، مەسـەلە نێوخۆیی‌یـەکانی ئێـران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هـەم عەربـەکان، هـەم بەلووچـەکان، هـەم تورکمەنـەکان‌و هـەم کوردەکـان ئەگـەر لەمڕۆوە نەتوانین ئـەو مەسـەلانە چارەسـەر بکەین دەبن بـە موسـیبەتێکی گشـتی بـۆ وڵاتەکەمان".

**پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهـاتوو بـۆ درێـژەی وتووێـژەکان دیـاری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ، کوردی عێراقی کـە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هـەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: "یـان ئێـوە دەگەنـە هێنـدێك ڕێککـەوتن‌و درێـژە بـە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ ڕابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێـژەکان درێژە پێدەدەن. بەڵام لە هەر حاڵدا باشترە ئـەمڕۆ کـە هەلومـەرج لـەبارە، بگەنـە ڕێککەوتن‌و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ‌و موعادیلەکان‌و هاوسـەنگیی هێزەکـان بـەمجۆرە نـەمێنێ‌و هەلومـەرجی ئەوکات شتێکی دیکە ببێ".**

**ئـەوە دوا وشـەکانن. دەنگـی جـووڵانی کورسی‌و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تـەیار بە ئامێری دەنگ گر کراون، دێتـە گـۆڕێ. ئینجا بێدەنگیی تەواو.**

**هەڵبژاردەی وتارێکی ڕۆژنامەی لۆمۆند، ١ی ژانویەی ١٩٩٨، کریس کوچێرا**

سەرچاوە: گۆڤاری "آرش" ژمارە ٦٥

# کۆتایی مانگرتنی پەناخوازانی کوردی ئێرانی لە تورکیە



١٢٠٠ کـــەس لـــە پەناخوازانی سیاسـی کـورد و ئێرانی کە لە نێوەڕاسـتەکانی سـاڵی ٢٠٠١ەوە بـەدوای داخرانی دەفتەری ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەو هەرێمەدا، پەنایان بـردە بـەر تورکیـــە، تـــا ئێســـتا ڕاگوێزرانیـــان بـــۆ وڵاتـــانی پەنابـــەر وەرگـــر لەگـــەڵ کەمتەرخـەمیی بەرپرسـانی کومیسارییای بەرزی پەنابەران لەو وڵاتـەدا بـەرەوروو بـووە. ئـەو پەناخوازانـە کـە بـە "پـــەناخوازانی شـــیمالی عێراق" بەناوبانگن، بەردەوام لەگـەڵ تـرس‌و نیگـەرانی‌و هەرەشـەی دیپۆرت لەلایـەن پولیسەوە، بەرەوروون.

ئـەو پەناخوازانـە بـۆ نارەزایـەتی دەربـڕین لـە کەمتەرخەمیی کۆمیسـارییای پەنابەران‌و جێبەجێ نـەکردنی ئەرکەکانی وەك نـارەزایی لـە ڕووننـەبوونی چارەنووسـی خۆیـان‌و هەلومـەرجێکی زۆر سەختی سیاسی، ئەمنییەتی‌و ئابووری، هەروەها بـۆ بێـزاری دەربـڕین لـە سیاسـەتەکانی دەوڵەت‌و کاربەدەستانی ئەمنیـەتیی تورکیـە، پـەنایان بـۆ شێوەی جۆراوجۆر بردوە کە یـەك لـەوان مـانگرتنێکی چل ڕۆژە لـە خـواردن لـە شـارەکانی وان، یوزگـات، ئـافیون، سپارتا، قارەمان‌و ئیسکی شاری تورکیە بووە.

داواکانی‌مانگرتووان بریتـی بـوون لـە: ١ــ ڕاگەیشـتنی هەرچـی زووتـر بـە پێداویسـتی‌یە پزیشـکی‌یەکان‌و بـژیوی پەناخوازان ٢ـ وەگەڕکەوتنەوەی پەروەنـدەکانیان بـۆ ئـەوەی ڕابگوێزرێن بۆ وڵاتی سێهەم، ٣ــ بەڕێوەچوونی نێـوەرۆکی کونوانسیۆنی ١٩٥١ی ڕێکخراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە بارەی پەنابەران.

کومیتەی پەنابەرانی مانگرتوو ـ تورکیە لە ڕاگەیاندراوی ڕۆژی ١١ی ژوئیەی ٢٠٠٥ی خۆی (لە چلەمین ڕۆژی ئـەو مانگرتنەدا) ڕای‌گەیانـد بـە سـەرنجدان بـە داوای دۆسـتان‌و پشتیوانانی ئەو مانگرتنـەو هـەروەها بـە مەبەسـتی دانـی دەرفەتێك بە کومیسارییای بەرزی پەنابـەران بـۆ چارەسـەری هەرچـی خێراتـری گیروگرفتـەکانی پـەناخوازان، ڕاگرتنـی مانگرتنەکەی بۆ ماوەی یەك مانگ ڕاگەیاند.

ماڵپەڕی اخبار روز

# تۆ سەرکەوتی



کـە تۆیـان کوشـت دەسـتیان شـکێ، بـەهێزترین ئەستووندەکی تاوڵی مرادی کورد شکا.

که تۆیان کوشت چاویان کوێر بێ، گشت کوردستان زریکاندی.

که تۆیان کوشت کۆستیان کەوێ، گڕ کەوتە خەرمانی کورد هەتا بـۆی کـرا سووتاندی

جرجە مشکی خـاوەن گـەرای شـوومی تـاعوون، وایـانزانی ئیـدی دەریـا، تەنانەت یەك هەناسەش وێی ناکەوێ تا وەخرۆش کەوێتـەوە. وایـانزانی ئـەوی چـوو چـوو. نایەتـەوە، نـەیانزانی گڕکـان دوای دامرکانیشـی سـەرلەنوێ گـڕ دەگرێتەوە.

کوردستانیان نەناسیبوو، نەیانزانی کوردستان گشتی گڕکانە. لـە نێـو دڵـی زامداری دا ژانەکانی هەڵدەگرێ، پەنگ بـە خەفەتـەکان دەدا، فرمێسـکەکان دەخواتەوە، جارجار خۆی رادەچڵەکێنێ‌و هەرمانی خۆی دەسەلمێنێ. بە ئـاگری یادی شەمە کوژراوەکان هەر دەکوڵێ، هەر دەکوڵێ هەتا هێندەی باڵای بەرزی سەربەرزیی سەردارەکانی گڕدەگرێ.

سەرنج بدەن! سەرنج بدەن!

بە پێی هەواڵ لە مـەهاباد لـە پێتـەختی یەکـەم کۆمـار، ڕێبـوارانی ڕێـی پێشـەوا، قوتابیـانی قـاسملوو، خـوێنگرانی شـەرەفکەندی، لـە شـازدەهەمین سـاڵڕۆژی شـەهید بـوونی ڕێبـەری هەمیشـە زینـدوو، دوکتـور قـاسملوودا، خرۆشاون. بە نرکـەیان جرجەمشـکەکان تاسـاون، ڕۆڵـەکانی دێمـۆکرات ئـەو ڕاستی‌یە دەسەلمێنن"تۆڵەگرو حەق ستێنن" ئەمڕۆ مـەهاباد، سـبەینێ گشـت کوردستان، وادەی تەقینی گڕکانە. بۆیە منیش هاوار دەکەم: دوژمن مردو تـۆ سەرکەوتی ڕێبەرەکەم

**ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لە ڕێورەسمی ١٦ ساڵەی تیرۆری دوکتـور قـاسملوودا خوێندرایەوە**

م. بێبەش

## چیرۆکی ئەمجارە

# ئەودیوی پەنجەرە

لـە نەخۆشـخانەیەك دوو پیـاوی نەخۆش لە ژوورێـك دا کـەوتبوون. یـەکێك لـە نەخۆشـەکان ڕێگـای پـــێدرابوو هـــەموو ڕۆژێ دوانیوەڕۆیـان، سـەعاتێك لەسـەر تەختەکەی دابنیشێ. تەختەکەی لە تەنیشت پەنجـەرەی ژوورەکـە بـوو. بەڵام نەخۆشەکەی دیکە بۆی نـەبوو لـە جێگـای خـۆی بجـووڵێ‌و هـەمووکات دەبوایـە پشـت بـە هاوژوورەکەی ڕابکشێ. ئەو دووانـە بە چەند سـەعات پێکـەوە دەدوان. ئـەو نەخۆشـەی بەرامبـەر پەنجـەرە دادەنیشـت هەرچـی دەیـدیت بـۆ هاوژوورەکـــەی دەیگێڕایـــەوە. نەخۆشـــەکەی دی بـــەم قســـانەی زینـدوو دەبـۆوە. کـابرا باسـی منـدالان، بەلەمـەکان، گوڵـەکان‌و هەرچی دەیبینی، دەکرد.

ڕۆژ هـاتن‌و ڕۆیشـتن‌و چـەند حەوتوو رابرد. ڕۆژێك کە پەرسـتار ئاوی هێنابوو بیانشوا، دیتی ئـەو پیـاوەی تەختەکـەی لای پەنجـەرە بوو، مردوە. دەتکوت لە خەوێکی زۆر خۆش دا ماڵاوایی یـەکجاریی لە ژیـان خواسـتوە. پەرسـتارەکە، زۆری بۆ بە پەرۆش بوو. پیاوەکەی دی تکای لێ کـرد تەختەکـەی بـۆ بەرنـە لای پەنجـەرە، خۆشـی لـە پەنجەرەکە نزیك بۆوە تـا لـەوێوە بڕوانێتە دنیای دەرەوەی ژوورەکە. حـــەزی لـــەوە بـــوو هەرچـــی هاوژوورەکەی بۆی باس کردبـوو، بە چاوی خۆی بیان بینـێ. بـەڵام بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دیتی کە ئەوەی لەبەر چاوەتی دیوارێکـە. کابرا پەرستاری بانگ کردو لێـی پرسی: ئەدی هاوژوورەکەم بۆچـی لـــەو هـــەمووە دیمەنـــە هەســـت بزوێنانە بـۆم دەدوا؟ پەرسـتارەکە گـوتی: ڕەنگـە ویسـتبێتی ورەت بەرز کاتـەوە. ئـەگینا ئـەو هـەر لەجێـدا کـوێر بـوو و تەنانـەت نەیدەتوانی ئەم دیوارەش ببینێ.

وەرگێڕانی: ب. هیوا

## مرواریی دەریای وشە

**ـ ئەگـەر دەتـەوێ کەسـایەتیی مرۆڤێـك بناسـی، دەسەڵاتی پێبدە!**

**ـ وادیـارە خوداوەنـد خـەڵکی نـەزانی زۆر خـۆش دەوێن. چونکە ژمارەیەکی زۆری لەوان خوڵقاندوە.**

**(ئابراهام لینکۆڵن)**

**ـ لـە سـەردەمێکی پڕمەترسـی‌دا دەژیـن. مـرۆڤ بەرلـەوەی بەسـەر خـۆی‌دا زاڵ بـێ، بـووە بـە فەرمانڕەوای سروشت.**

**ـ هێزی بنیاتنەر، هەراوهەنگامە وەڕێ ناخا.**

**(ئالبێرت شوایتزێر)**

**ـ پێشکەوتن یـانی هـەزار جـار پێشـڕەوی‌و نۆسـەدو نەوەدونۆجار پاشەکشە.**

**(ئەمیل)**

## بەرلەماڵاوایی

# سەربڕینی ئەخلاق‌و ئینسانەتی بە ناوی ئایینەوە

**توانا**

**"جاری وایە مرۆڤ شتێك دەخوێنێتەوە، فیلمێك دەبینـێ، ڕووداوێـك دەبیسـێ کـە هـەتا ماوەیەکی زۆر بیرو مێشکی بەجێ ناهێڵن. زۆر لـەوە پـێش لـە ڕۆژنامـەی "کوردسـتان"دا بابەتێکم خوێندەوە کە تا ئێستاش وەك مۆتەکە بەربۆتە گیانم‌و، بیرم بەهەر لایەك دا بڕوا، ئەم ڕووداوە وەك تابلۆیەکی گەورە لەبەردەمی دا قوت دەبێتەوەو ناهێڵێ لـەبیری بچـێتەوە . . . ڕووداوو کارەساتێك کە لەبیرو زەینی مرۆڤ دا، شوێنەوارێکی تاڵ وەك یادگار بەجێدێڵێ تا لە چەشنی مۆتەکەیەکی دزێو بەردەوام لە دەرگای هزری ئەو بدا. گرنگیش نیە کە کات‌و شوێنی ڕووداوەکە، کەی‌و کوێ بـووە، چـەندەی لـێدوور کەوتۆیـەوە، یـان چـەند دەیـەی بەسـەردا تێپەڕیوە. ئەوە گرنگە کە ڕووداوی گۆڕین یەك ساتیش بـەجێت ناهێڵـێ‌و چـاو لـە چاوت دەبڕێ‌و، دەڵـێ من "سیرم" لە زارکی کونەکەت ڕواوم، جا تۆ مار دەبی یان نا، کەیفی خۆتە. ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی "کوردسـتان" لـە مـن ڕووی داوە. هەروا بزانە کەس یا کەسانێك زانیویانە چ بەسەرهاتێك بگێڕنەوە، لە کـێ‌و کـوێ ڕا دەسـت پێبکەن تا بە ناخی گیان دا بچێتە خوارو، ڕۆژگاری خوێنەرێکی وەك مـن ڕەش بکـا. ئـەوا ئێستا منیش دەمەوێ بەوپەڕی دڵڕەقی‌یەوە بۆتان بگێڕمەوە. با ئەوەش بڵێم هەرچی پتر هەوڵم داوە لەبیری خۆمی بەرمەوە، ئاکامەکەی پێچەوانەی بووە. . . ئەگەر دەتانەوێ بەڵایـەك کـە ئەو بابەتە بەسـەر منـی هێنـاوە، بەسـەر ئێـوەی‌دا نـەهێنێ، باشـترە دەسـتتان لـە خێـری خوێندنەوەی ئەو ڕیوایەتە بشۆن. من کارێکم بۆ ئاسوودەیی خەیاڵی خۆم کردوە، بەڵام نامەوێ خەیاڵی ئێوە پەرێشان بکەم. دەمەویست لە دەست موسیبەتێك، کە ئەم بابەتەیە ئاسوودە بم، بەڵام ئێوە هیچ ناچار نین خۆتانی پێوە گرفتار بکەن. ئەگەر خوێندتانەوەو تووشـی هـەر ئـەو مۆتەکەو ترس‌و وەحشەت‌و نەفرەتە بوون کە من تووشی بووم، مەڵێن پێـی نـەگوتین. ئەمـە داستانی تاڵی سووکایەتیکردن بە خوشك‌و براکانمان لەوبەری ئوقیانووسەکانە".**

ئەمەی خوێندتانەوە، وەرگێڕدراوی "یاداشـت هفتـە" یـا سـەروتاری حەوتوونامـەی فارسـی زمانی "شهروند"، چاپی کانادا بوو کـە سەرنووسـەری ئـەو حەوتوونامەیـە، لـە ژمـارە ٣٤٧، هەینی، ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٧٦ی "شهروند"دا، وەك پێشـەکی‌یەك بـۆ بابـەتێك لـە ژێـر نـاوی "سەربازانی بێناوونیشانی ئیمامی زەمان"دا نووسـیبووی. ئـەم بابەتـە، ڕێپورتاژێـك بـوو کـە نووسەری ئەم دێڕانە، بەدوای دیتنی فیلمی ڤیدیۆیی داننانی چـەند تاوانبارێـك بـە تاوانـەکانیان دا، ئامادەی کردبوو. تاوانبارەکان کۆمەڵێك مێرمنداڵ‌و لاوی تازەپێگەیشتووی کورد بـوون کـە بۆ بەدبەختیی خۆیان‌و بنەماڵەکەیان‌و نەهامەتیی نەتەوەکـەیان، لـە داوی دەزگـای جاسووسـی‌و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسـلامی کـەوتبوون. ئـەو دەزگـا بـەدناوە (وەزارەتـی ئیتلاعـات) بـە مەبەستی تیرۆر، دەرمانداوکردنی بە کۆمەڵ‌و زانیاری کۆکردنەوە، ئەم جۆرە کەسـانەی ڕەوانـەی بنکـەکانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران کردبـوو. بـەڵام بەرلـەوەی ئـەوان "ئەرکـە پێئەسپێردراوەکانیان" جێبـەجێ بکـەن، لەلایـەن کومیتـەی ئەمنییـەتی حیزبـی دیموکراتـەوە شناسایی کرابـوون. لـە ڕەوتـی لێپرسـینەوەدا، ئـەو گومـانلێکراوو تاوانبارانـە، بەرامبـەر بـە دووربینـی فـیلم هـەڵگرتن، ددانیـان بـە چـۆنیەتیی تێـوەگلان لـە هاوکـاریی تـۆڕو ڕایەڵکـە جاسووسی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا نابوو. ئەو ڕەفتارانەش کە لەلایـەن کاربەدەسـتان‌و مـۆرە بەکرێگیراوەکانی ئەو دەزگایە لەگـەڵیان کرابـوو ـ تـا پـتر لـە زەلکـاوی خەیانـەت‌و جینایـەت ڕۆبچن‌و ڕێگای گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەیان نەبێ ـ بەوردی باسیان کردبوو.

لێرەدا ناکرێ بەسەرهاتی ئەو کۆمەڵە تاوانبارە، کە لە ڕاستی‌دا بۆخۆشـیان قوربـانی بـوون جارێکی دیکە بگێڕمەوە(١)، بەڵام بۆ کەسـانێك کـە ئەمڕۆژانـە ددانپێدانانـەکانی "گرووپـی تیرۆریستی شـێخ زانـا"یـان لـە کانـاڵی تەلـەفزیۆنیی Ktv دیـوە، تێگەیشـتن لـە سـەربردەو چارەنووسی ئەو قوربانی‌و تاوانبارانەی من مەبەستمن، دژوار نیە. ئەوانیش، پاش ئەوەی کاری سێکسییان لەگەڵ کرابووو فیلمیان لەوحاڵەتەدا لـێهەڵگیرابوو، کرابوون بە بارمتەی ئـەو ڕازو نهێنی‌یە ئابڕووبەرانەیەو، پێیان گوترابوو ئەگەر کردەوەی جاسووسی‌و ئینسانکوژیمان بۆ ئـەنجام نەدەن، فیلمەکانتان بڵاودەکەینەوەو خۆتان‌و بنەماڵەکەتان ڕیسوا دەکەین. خاڵێکی وێکچووی دیکە لە نێوان ئەم دوو سکانداڵە سێکسـی ـ تیرۆریسـتی‌یە ئـەوە بـوو کـە هەڵسـووڕێنەرانی دەزگای تیرۆرو جاسووسیی کۆماری ئیسلامی ـ وەك "شێخ زانا"ی خاوەن تەکیەو بەرماڵ‌و بە ڕواڵەت ئەهلی دیانەت، چەپەڵترین‌و دژی ئینسانیترین نیازو مەبەستەکانی خۆیان لە ژێر نـاوی ئیسلام‌و خواپەرستی‌و دینداری‌دا بردبووە پێش!

ئەم پێشەکی‌یەی سەرنووسەری حەوتوونامەی "شهروند" بۆ بابەتەکەی "کوردستان"، دەتوانـێ قسەی دڵ‌و هەستی هەموو مرۆڤە بە هەست‌و خاوەن ویژدانەکان بە دوای بینینـی ددانپێدانانـەکانی "گرووپی تیرۆریستی شێخ زانـا"دا بـێ. بەڕاسـتی ئـەوەی ئـەم جەماعەتـە بـە ئیقـراری خۆیـان کردوویانەو، ئێمە تەنیا گۆشەیەکمان بیستووە دیتوە، شتێك نین هەروا بـە هاسـانی بەسـەریان دا تێپەڕین. چونکە ویژدانی گشتیی کۆمەڵگەیەك‌و تەنانـەت نەتەوەیـەکیان برینـدار کـردوە. هـیچ قەسابێك‌و هیچ مریشك فرۆشێك بەو هاسانی‌یە کە ئەندامانی ئەم گرووپە، ئینسـانی بێتاوانیـان سەربڕیوەو لەت‌و پەت‌و قەڵتوبڕیان کردوون، گیان لە مەڕو بزن‌و مریشك ناستێنن!

ئەم ڕۆژانە بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ددانپێدانانەکانی گرووپی تیرۆریستیی شێخ زانا"و گرووپی ئەنسار، ژمارەیەك میزگرد، وتووێژو بەدواداچوون لە ڕاگەیەنەکانی کوردستان دا بڵاو بوونەوە. هێنـدێك بـەڕێز، کـارو کـردەوە شـەرماوی‌و بێزهەسـتێنەکانی ئـەم گرووپـەیان بـە درێـژەی "کەلتووری بەعس" ناوبرد. لەوەدا کە ڕێژیمی بەعس سەمبولی دڕندەیی‌و جینایـەت پیشـەیی بوو و لەو پێوەندی‌یەدا هەموو سنوورێکی بەزاندبوو، هیچ گومانێك نیە. بەڵام ئەگەر لەخۆمان نەگۆڕین ئەنجامدانی پڕشوورەیی‌ترین‌و دڵتەزێنترین تاوانەکان بە ناوی پیرۆزی ئەڵڵاوەو، بە ڕەوا زانینی هەر جۆرە وەحشیگەری‌یەك لە ژێر پەردەی دین‌و ئیسلام‌و خوداپەرستی‌دا کەلتوورێکـە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دایهێنـاوە. دیـارە شـکاندنی کەسـایەتی‌و سـتاندنەوەی هوویەت لە مرۆڤ و، کردنی بە ئامرازێکی بێئیرادە بۆ ئەنجامدانی دزێـوترین تاوانـەکان، لـە زۆر دامودەزگای جاسووسی‌و ئینسانکوژیی جیهان دا، شتێکی باوە. بەڵام تەنیا لە کـەلتووری کۆماری ئیسلامی‌و ئەو دەستەوتاقمانەدا کە دین‌و ئایین‌و ناوی ئەڵڵایان کردوە بـە دوکانێـك‌و کاسپیی پێوە دەکەن، ئەنجامدانی قیزەونترین تاوانەکان وەك دەستدرێژیی بـە کۆمـەڵ بـۆ سـەر مێرمنداڵێك، ناچارکردنی خوشك‌و برا بە ئەنجامدانی کاری جینسـی لەگـەڵ یـەکتر، کوشـتنی ئینسانی بێتاوان تەنیا بۆ دەست لێڕاهاتن، سـەربڕینی مێرمنـداڵێکی ١٦ سـاڵە ـ چونکە ڕێگای نەداوە ڕفێنەرانی، دەستدرێژیی بکەنەسەرـ بە شتێکی ڕەواو خوداپەسندانە دەزاندرێن!.

***

تاوان‌و جینایەت‌و تیرۆرو وەحشیگەری لە ژێر هەر ناوێـك دا بـێ، ئـەرکی هـەموو مرۆڤێکـی بەویژدان‌و خودان کەرامەتە، دژی بوەستێ. بەڵام ئەو کەسایەتی‌و ڕێکخراوو لایەنە ئیسـلامییانەی کە پێیان وایە ئەم جۆرە کردەوەو ڕەفتارە پڕمەترسییانە، فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نیە، لە خـەبات دژی ئەو جۆرە لە تیرۆریزم‌و وەحشیگەری‌یەدا، زۆرترین ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان. ئەمانە ئەگەر بۆ ئیعتبارو خۆشەویستیی دینەکەیان بەپەرۆشن، دەبێ بەڕاشکاوی بڵێن ئیسلام ئەوەنیە کـە ئـەم دڕندەو خوێنخۆرە نەخۆشانە تێی گەیشتوون‌و دەبێ نەترسانە مەحکوومیان بکەن. بـا چـی دیکـە هەر جینایەتکارێك، دوکانێکی سیاسی بە ناوی دین نەکاتەوە.

١) بابەتی ئاماژە پێکراو لە ژمارە ٢٥٠ی "کوردستان"، ڕەزبەری ١٣٧٦دا بڵاو بۆتەوە